فایلی ژماره

## پێشمەرگەی دوێنێ و ئەمڕۆ

# لاوان

40

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

بەفرانباری ١٣٨٩ January 2011





- پێشمەرگە ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ
- پێشمەرگە لە نێوان خەباتی چەکداری و سیاسەت کردن دا
- وتووێژ لەگەڵ حەسەن قادرزادە سەبارەت بە پێشمەرگە
- پێشمەرگە شۆڕشگێڕێکی پراگماتیست
- ژنان و پێوەندییان بە شارستانیەتەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

**خەڵکی پێشمەرگە پەروەری کوردستان!**

**پێسمەرگە خۆشەویستەکان!**

بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین. هیواداریین هەر وەک هەمیشە کە پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ماف و ویستە نەتەوەییەکانی لە خەبات و تێکوشان دا بووە و هەر لەم پێناوەش دا گیانی بەخت کردوە، بە پشت بەستن بە ئیرادەی نەتەوەیی دژی داگیرکەرانی کوردستان هیچ کات سڵی نەکردۆتەوە، لە خەبات تا بەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی بەردەوام بێت.

لە ڕۆژێکی وەک ئەمرۆدا لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ئاخرین موڵگەی ڕێژیمی سەڵتەنەتی لە شاری مەهاباد تێکەوە پێچراو لەو کاتەوە سووپای میللی کورد ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لەسەر دانرا پاراستنی ئەمنیەتی کوردستانی ئازادی بەدەستەوە گرت. لەو ساوە ناوی پێشمەرگە بۆتە هێماو سومبولێک بۆ وڵاتپارێزانی کوردستان و لە ژێر ئەم ناوەدا بە هەزاران لاوی کورد گیانیان لەپێناو ئامانجەکانیاندا بەخت کردوەو ڕێگەیان بە دوژمنانی نەتەوەکەمان نەداوە کە بە ویستە چەپەڵەکانیان بگەن هەر بە هۆی ئەم هەموو فیداکاری و لە خۆبردوویی و گیان بەخت کردنەیە کە ناوی پێشمەرگە لە لای نەتەوەی کورد بەرزو پیرۆز ڕاگیراوە.

دیاری کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە نیشانەی ڕێزلێنانە لە خەباتی پێشمەرگە و وەفاداریە بەرامبەر ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی نەتەوەکەمان.

پێشمەرگە ئازیزەکان!

ئێمە وەک دوو ریکخراوی تایبەت بە توێژی لاوان و ژنان بە شانازیەوە دەڕوانینە چەندین دەیە خەبات و بەربەرەکانی ئێوە تێکۆشەران، دژی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و لە نێو ریزەکانی ئێمەدا سەدان پێشمەرگە فیدای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بووەو هەر ئێستاش بە سەدان کیژو لاوی پێشمەرگەی لە ناو ریزەکانی خەبات دا کردۆتە قەڵای لەبن نەهاتوو لە بەرامبەر دوژمنانی نەتەوەکەماندا.

هەر بەم بۆنەوە داوا دەکەین کە لاوان و ژنانی شۆرشگێڕی وڵات بە هاتنیان ریزەکانی ناو سەنگەری خەبات برازێنەوەو بە باشترین شێوە ڕۆژی پێشمەرگە بکەنە جەژن و شادی و لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەخوازینبە سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە خۆراگرەکانی کوردستان یاد و ناوی پێشمەرگە بەرزو پیرۆز ڕابگرن.

لە کۆتایی دا لە لایەن کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمیتەی بەریوەبەری یەکیەتیی ژنانەوە بە ئێوە پێشمەرگە خۆراگرەکانی کوردستان ڕادەگەیەنین کە شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەیدانی دیفاع لە ئازادی دا دەمێنینەوە و درێژە بە خەبات دەدەین.

**سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە**

**سڵاو لە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل**

**کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوان
ژمارە: ٤٠
بەفرانباری ٢٧١٠ی کوردی(١٣٨٩) – ٢٠١١ی زایینی

دەوری دووهەم، ساڵی دەیەم
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

## پێرست

سەروتار.................................سەرنووسەر

فایلی ژمارە: پێشمەرگەی دوێنێو ئەمڕۆ
ئەرکەکانی پێشمەرگە لە رابرد................ ب.پێشڕەو
پێشمەرگە لە نێوان خەباتی ............ هەژیر عەبدوڵڵاپوور
پێشمەرگە ڕووناکبیرێکی شۆرش......... ڕامبود لوتفپووری
وتووێژی گۆڤاری "لاوان" لەگەڵ بەرێز حەسەن قادرزادە......
پێشمەرگە، شۆرشگێرێکی پراگماتیست.......... زانا مەهابادی
کێ پێشمەرگەیە؟.......................... ئەحمەد مەکلاوەیی
پێشمەرگەی دوێنێ و پێشمەرگەی ئەمڕۆ.... موعتەسەم نوورانی
ژیاننامەی بەشێك لە شەهیدانی.....................ئا. لاوان
شێعری پێشمەرگە............................ ئەحمەد قادری
بژی پێشمەرگە........................... سەید قادر ئەحمەدی
ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین......... ن: قادر وریا
بەشێك لە وتە بە نرخەکانی شەهید د. قاسملوو..............

بابەتە گشتیەکان:
وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ "ئاکام پوورخزری.............
ژنان و پێوەندیان بە شارستانیەتەوە........... وریا ساڵح زادە

رۆژی خوێندکار، رۆژی ................... سۆهراب رەحمەتی
هەڵاتن، کۆچ یان.............................. و: شلێر مەحموودی
"چریکە" بۆ برای جوانە مەرگم...........سەید جەلال ساڵحی
بزووتنەوەی هیپی.............و.لە نۆرویژیەوە: ناسر قادرپوور
کەونە z ..........................ئا. هەژیر عەبدوڵڵاپوور
خەونی وەریوی گەڵایەك...................... جەماڵ نەجاری
عیشقی داگیرکەری.................... هەڵبەست:ئاسۆ خەبات
خۆشەویستی لە نێوان کچ و............. ئاگری عەبدوڵڵاپوور
دیمەنێکی پاییزی..................... محەممەد ئەمین شەریفی
گەران بە دوای خۆشەویستی.............. ئازاد کوردستانی
جیاوازی من و بەرپرسەکەم.......................و: سەید جەلال
پرسیارو وڵامی کۆمپیوتەر........................ رەسووڵ سێلەکە
فەیس بووك چیە؟............................... و. تەها رەحیمی
٢١ رستەی وزە هێنەر......................... و: ئازاد عەباسیان
خوێن چیە؟.................................. و. رەحمان مەحمودی
ئاو بەخۆدا کردن............................ ئا: ئازاد عەباسیان
وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ کەماڵ ئیزەدخا..............
کارو چالاکیەکانی لاوان

خاوەن ئیمتیاز:
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سەرنووسەر:**
**عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور**

Email:
Abdulla.abdullapoor@gmail.com

**دەستەی نووسەران:**
سەید جەلال ساڵحی،
هەژیر عەبدوڵڵا پوور
سیروان موسا پوور،
وریا ساڵح زادە
تەها رەحیمی

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی راد
**دیزاینی ناوەوە:**
ئاگری عەبدوڵڵاپوور
**تایپ:**
سەلاح خەلیل بەیگی
ئازاد کوردستانی

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن: WWW.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نا بۆ بێدەنگیو بێهەڵوێستی لەبەرامبەر لە سێدارەدانی لاوانی کوردستان



عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور

ماوەیەک لەمەوبەر خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین بە دژی بڕیاری جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدانی حەبیبوڵڵای لەتیفی لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپاو هەروەها لە هەرێمی کوردستان، واتە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر بەڕێوەچوو و هەروەها لە هەموویان گرنگتر هەڵوێستی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی سنە بوو کە نارەزایەتیان دەربڕی و بەردەرگای زیندانی ناوەندی سنەیان بەرنەدا، کە ئاکامی ئەو هەڵوێستانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ بڕیاری جێبەجێ کردنی حوکمەکە راوەستێ و جێبەجێ نەکرێ.

ئەوەی کە دەمهەوێ زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە بەداخەوە بەشێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان لە نێوخۆ بە دژی ئەو بڕیارەو زۆر بڕیاری نادادپەروەرانەو کردەوەی دژە مرۆییانەی دیکەی کۆماری ئیسلامی هەڵوێست دەگرن و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بێ دەنگی هەڵدەبژێرن و هیچ هەڵوێستێک ناگرن. ئەو بەشەش کە نارەزایەتی دەردەبڕن بەس لە لایەن کەسانی نزیکی کەسەکە یان بەشێکی کەمی هاوشاریەکانیەوە وەبەر چاو دەکەوێ و خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان بێدەنگ دەبنو هیچ دژکردەوەیەکی مەدەنیانە لە خۆیان نیشان نادەن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ترسێکی لە کوشتنی لاوانی کوردستان نەبێت، بۆیە دەبینین کەم رۆژ هەیە لە ساڵدا لاوێکی کوردی بێتاوانی تێدا نەکوژرابێ یان بریندار نەکرابێ یان راپێچی زیندان نەکرابێت یان توشی گیروگرفتێک نەبووبێتەوە، چی بکرێک کە نەهێڵین کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە نەتوانێ لاوانی بێتاوانی کورد تەنیا لەسەر ئەوەی کە داوای ئازادیو مافی مرۆیی خۆیان دەکەن تووشی لێپرسینەوە، ئازار، ئەشکەنجەو لە سێدارەدان نەبنەوە.

پێویستە بەر لە هەموو شتێک خەڵکی کوردستان مافە گشتیەکانیان بناسن و ئەوەیان بۆ شی بکرێتەوە کە داوا کردنی مافەکانیان تاوان نیەو ئەگەر کۆماری ئیسلامیش بە شێوەیەکی رواڵەتی مافێکیان بۆ بەرەسمی بناسێ، ئەوە خێر پێ کردن نیە و مافی زەوتکراوی خۆیانە، چونکە بە داخەوە نەناسینی ئەو مافانەیە وا دەکا کە لەبەرامبەر پێشێلکردنیشیاندا بێ هەڵوێست بین. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان وشیار بن و مافەکانیان بناسن پێم وانیە وا بە ئاسانی لە بەرامبەر پێشێلکرانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامی یان هەر داموو دەزگایەکی دیکەدا بێ هەڵوێست بن و نارەزایەتی دەرنەبڕن.

هەنووکە ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی ئازادی خوازی وڵاتەکەمان تەنیا و تەنیا بە هۆی داواکردنی مافەکانیانەوە لە چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی دان و هەڕەشەی لەسیدارەدانیان لەسەرە. لە سەر ئێمەی لاوان و کچانی کورد بە گشتیو هی نێوخۆی کوردستان بە تایبەتی پێویستە کە خاوەن ویست و ئیرادەی خۆمان بین و لە لاوەکانمان بە کوڕو کچەوە لەهەر شوێنێکی کوردستان بن بە خاوەن دەرکەوینو هەموو هەوڵی خۆمان وەگەڕ بخەین و دەنگی خۆمان بەرز بکەینەوە و لەوە نەترسین کە تووشی راوەدونان و بەند کردن بینەوە و بە هەرشێوەیەکی کە گونجاوە دەنگی خۆمان بە گوێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و هەموو جیهان بگەیەنین، چونکە بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێست لە بەرامبەر ئەو رووداوانە و رووداو جینایەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە نەتەوەو نیشتمانەکەمان تاوانەو رەوایی بەخشێنە بە کردەوە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو، ئەگەر ئێمە هەنوکە دەنگی خۆمان نەخەینە پاڵ دەنگی هەموو ئەو کەسانەو کەسو کاری حەبیبو حەبیبەکانی دیکە، ئەوە بێگومان کۆماری ئیسلامی لەسێدارەیان دەداو بوار خۆشتر دەبێ بۆ کۆماری ئیسلامی تاکوو چاونەترسانە لاوانی وڵاتەکەمان لە سێدارە بدات. چونکە رۆژێکیش دێ کە بۆخۆمان یان کەسێکی ئێمە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تووشی راوەدونان و گرتن دەبێتەوە، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە بەڕاستی چەندە پێویستە کە گرتنی لاوێک بە گرتنی خۆمان یان کەسێکی نزیکی خۆمان و هەموو لاوانی کوردستان بزانینو لە سێدارەدانی لاوێک بە لە سێدارەدانی خۆمان یان کەسێکی نزیکی خۆمان و هەموو لاوانی کوردستان بزانین و ئیزن بە خۆمان نەدەین کە لەبەرامبەر ئەو تاوانانەدا بێ دەنگ بین، چونکە بەڕاستی بێدەنگی، بێهەڵوێستیو نارەزایەتی دەرنەبڕین تاوانە.

**سەرنووسەر**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فایلی ژمارە:

# پێشمەرگەی دوێنێو ئەمڕۆ







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئەرکەکانی پێشمەرگە لە ڕابردوو و ئێستادا

**ب. پێشڕەو**

باس کردن لە پێشمەرگە، کەسایەتی، ژیان و خەباتی پێشمەرگە باسێکی گەلێک گرینگ و پڕ بایەخە. باس کردن لە پێشمەرگە باس کردنە لە لەخۆبردوویی، قارەمانیەتی، خۆنەویستن و خەڵک ویستن. باس کردنە لە ئەو مرۆڤە مەزنەی کە لە پێناو بیر و باوەڕ و خەڵک و خاکەکەی‌دا، هەردەم قۆچی قوربانی نیشتمانەکەی بووەو بە سەخاوەتەوە گیانی شیرینی لە ڕێگای وەدیی هاتنی ئامانجە بەرحەق و پیرۆزەکانی بەخت کردووە. باس کردنە لە دەیان ساڵ خەباتی خوێناوی گەلەکەمان و تۆمارکردنی دەیان داستانی نەبەردی و خۆڕاگری. باس کردنە لە ڕەنج و تێکۆشان، ئارەق و خوێن، سەرکەوتن و سەرنەکەوتن، برسیەتی و تینوویەتی و سەرەنجام پێش خستنی مەرگی خۆ بۆ بەختەوەری کەسانی‌تر.

ژیانی مرۆڤ بیر و باوەڕی مرۆڤە، بە واتایەکی‌تر بیر و باوەڕی ئینسانە کە مانا بە ژیان دەبەخشێ. تۆ بڵێی بیر و باوەڕێک جوانتر و پیرۆزتر لە بیر و باوەڕی ئازادی خوازی و ڕزگاری خوازی بێ؟! پێشمەرگە بە بیر و باوەڕی بەرز و ئینسانانەی هەردەم قەڵایەک لە خۆڕاگری و گەردەلوولێک لە هەڵمەت و بەگژداچوونەوە بووە. تەنیا ئیمان بە حەقانییەتی ئامانج و ڕەوابوونی داخوازی‌یەکانە کە وا لە مرۆڤ دەکا لە بەخت کردنی گیانیشی سڵ لە هیچ شتێک تەنانەت مەرگیش نەکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی باسەکەی ئێمەیە زیاتر باسێکی کورتە لە ئەرکەکانی پێشمەرگە لە ساڵانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هێنانە بەرباسی ئەرکە هەنووکەیی‌یەکانی پێشمەرگەیە. بەڵام پێم خۆشە هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە بکەین کە پێشمەرگەش وەک تاکێکی نێو کۆمەڵگا و ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە، لەگەڵ گشت تایبەتمەندییە باشەکانی بێ‌شک بێ کەم و کوڕی و هەڵە نەبووە.

**ئەرکەکانی پێشمەرگە**

**لە ساڵەکانی ڕابردوودا:**

**یەکەم: پێشمەرگە وەك ڕۆڵەی مەیدانی**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خەبات:**

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامدا بە تاڵان بردنی گشت ئەو دەسکەوتانەی کە خەڵک چەندین ساڵ بوو خوێنیان بۆ دەڕشت، حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە ویستی لە ڕێگای ئاشتی و دیالۆگەوە بە لانی کەمی داخوازییەکانی بگا و جارێکی‌تر خەڵکی کوردستان تووشی نەهامەتی و شەڕ و کاولکاری نەبنەوە. بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ حیسابێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەکرد و وەڵامێکی بە داخوازییەکانی نەدایەوە. تەنانەت ئەگەر جار و باریش باسێکی لە دیالۆگ و دانیشتن کردبێ، بێجگە لە ڕێکخستنی هێز و پیلان و فرت و فێڵ مەبەستێکی‌تری نەبووە. بە هەر حاڵ پاش هەڵایسانی شەڕ لە کوردستان، کورد ناچار بوو بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودییەتی خۆی لە بەرامبەر هێرشی دڕندانەی هێزەکانی حکوومەتی‌دا ڕاوەستێ. خەڵکی کوردستان بە گشتی تا ئەو جێگایەی لە توانایان دابوو بەربەرەکانیان کرد، بەڵام لەم نێوەدا پێشمەرگە وەک ڕۆڵەی فیداکار و گیان لەسەردەستی نەتەوەکەی، بە حەق حەماسەی خولقاند و فیداکاری نواند.

خۆڕاگریی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێرشی هێزەکانی دوژمندا، گرتنی پایەگا و مۆڵگەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا، کەمین دانان و مین دانانەوە لە سەر ڕێگای هات و چۆی هێزەکانی حکوومەتی، دەست بەسەر داگرتنی چەک و چۆڵ و کەل و پەلی دیکە لە کاتی شەڕو ... هتددا، کۆمەڵێک لە ئەرکەکانی پێشمەرگە بوون لە مەیدانی شەڕو لە کاتی بەرەنگاربوونەوەدا.

**دووهەم: پێشمەرگە وەك مامۆستا:**

حیزبی دێموکڕات ئەو کاتانەی کە دەسەڵاتی بەسەر زۆر شار و ناوچەی کوردستان دا هەبوو لەگەڵ ئەوەی کە تووشی دەیان گیروگرفت و کێشەی جۆراوجۆر بوو، بەڵام هیچ کات لە پەرەپێدانی زانست و زانیاری غافڵ نەبوو و گرینگی‌یەگی تایبەتی بە بواری پەروەردەو فێرکردن داوە. لەو سەردەمیشدا لەگەڵ دابین کردنی ئیمکاناتی سەرەتایی بۆ خوێندنی منداڵان، لە پیشمەرگە خوێندەوار و خاوەن مەدرەکەکانیش بە تایبەت لە گوندەکان وەک مامۆستا کەڵک وەردەگیرا و قەرەبووی بێ مامۆستاییان دەکردەوە کە بێ‌شک خزمەت کردنیان لەم بوارەشدا خاوەن گرینگی تایبەت بە خۆیەتی.

**سێهەم: کارکردنی پێشمەرگە لە بواری تەندروستی و دەرمانی‌یەوە:**

بۆ حیزبێکی لە حاڵی خەباتدا، یەکێک لە پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکان دەوا و دەرمان و نەخۆشخانەیە. لەگەڵ ئەوەی کە لە ساڵانی خەباتی چەکداری‌دا زۆر جار دوکتۆرە بیسانی‌یەکان بە زەحمەت و نارەحەتی‌یەکی زۆرەوە سەردانی کوردستانیان دەکرد کە جێگای سپاس و پێزانینە، بەڵام ئەرکی قورس لەم بوارەشدا هەر لە سەر شانی پێشمەرگەکان بوو. پێشمەرگە چ بە کارکردن لە نەخۆشخانەکانی حیزب و چ بە کارکردن لە مەیدانەکانی شەڕ و جەولە و مەئموورییەتەکانی حیزبی وەک کادری دەرمانی، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوەو نە تەنیا بۆ پێشمەرگانی حیزب، بەڵکوو بۆ خزمەت بە خەڵکی مەدەنیش تەنەخی نەکردووە.

**چوارەم: ڕوون کردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بۆ کۆمەڵانی خەڵك:**

**تەنیا ئیمان بە حەقانییەتی ئامانجو ڕەوابوونی داخوازی‌یەکانە کە وا لە مرۆڤ دەکا لە بەخت کردنی گیانیشی سڵ لە هیچ شتێك تەنانەت مەرگیش نەکاتەوە.**

یەکێکی‌تر لە ئەرکە گرینگەکانی پێشمەرگە، باس کردن و ڕوون کردنەوەی بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بوو. ئەودەم بە هۆی نەبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی وەک تەلەویزیۆن، ئینتەرنێت و... هتد، خەڵک تەنیا بە هۆی بوونی پێشمەرگە لە نێویاندا زانیاریان لە سەر حیزب و سیاسەتەکانی دەست دەکەوت. هەرچەند ڕادیۆ ڕۆڵێکی بەرچاوی دەگێڕا و دەکرێ بڵێین تەنیا ئامرازی ڕاگەیاندنی حیزب بوو، ئەگینا ئەو چەند گۆڤار و نامیلکەیەی کە دەردەچوون، یا زۆر کەم بوون یان ئەگەر هەشبووایەن، دەبوو لە لایەن پێشمەرگەوە بە خەڵک گەیشتبان. کەوایە ڕۆڵی سەرەکی لەم بوارەشدا هەر بە پێشمەرگە بوو.

پێنجەم: چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی‌یەکانی نێو خەڵک:

گەلێ جار لە زۆر ناوچەدا کێشە و گرفتەکانی نێوان خەڵک لەسەر دەستی پێشمەرگەیەک، کادرێک یان فەرماندەیەکی حیزبی دەبڕانەوە. لەگەڵ ئەوەی کە حیزب خاوەنی بەشی قەزایی بووە، بەڵام چونکە پێشمەرگەکان زیاتر لە نێو خەڵک دا بوون و خەڵک ئاسانتر دەستی پێیان ڕادەگەیشت، هەردەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک

**ژیانی مرۆڤ، بیر و باوەڕی مرۆڤە، بە واتایەکی تر بیر و باوەڕی ئینسانە کە مانا بە ژیان دەبەخشێت**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا ئەو جێگایەی توانیویانە، هەنگاویان هەڵێناوەتەوە.

ئەوانەی باس کران چەند ئەرکێکی گرینگی پێشمەرگە بوون لە ساڵەکانی ڕابردوودا و لە سەردەمی بوونی لە ناوچەدا کە بێجگە لەوانەش پێشمەرگە لە زۆر بواری دیکەدا دەوری گێڕاوە. بەڵام با باسێکیش بکەین لە ئەرکە هەنووکەیی‌یەکانی پێشمەرگە.

**ئەرکە هەنووکەیی‌یەکانی پێشمەرگە:**

**یەکەم: پاراستنی پرستیژ و ئیعتباری حیزب لە نێوخۆ و لە دەرەوەدا:**

هەموومان دەزانین کە بە هۆی هەل و مەرجی پێشهاتوو، حیزب ساڵانێکی زۆرە لە مەیدانی ئەسڵی خەبات دوور کەوتۆتەوەو تووشی کەمپ نشینی و ئاوارەیی بووەە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا پێشمەرگەکانی حیزب بەردەوام پێوەندیی و تێکەڵاویی‌یان هەم لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستان و هەم لەگەڵ ئەو کەسانەی بە سەفەر سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەبووە. لێرەدا ئەرکی پێشمەرگەی حیزبە کە بە کار و کردەوەی پێشمەرگانەی، بە هەڵس و کەوتی ئینسانیانەی و بە قسە و ئاخاوتنی جوانی بۆ هەرچی زیاتر پاراستنی پرستیژ و ئیعتباری حیزب تێ بکۆشێ. نابێ ئیزن بە خۆی بدا لەبەر چەند قازانجێکی بچووکی ماددی یان چەند دەسکەوتێکی کاتی، کەسانی‌تر سووکایەتی بە خۆی و بیروباوەڕەکەشی بکەن. بۆیە من ئەو ئەرکەی پێشمەرگە لە کاتی ئێستادا زۆر بە گرینگ دەبینم.

●●

**زانست و زانیاری شتێك نیە كە تایبەت بە چینێك یان كەسانێكی دیاری كراو بێ و هەروەها شتێك نیە كە لە سەردەمێكدا پێویست بێ و لە سەردەمێكدا پێویست نەبێ.**

**دووهەم: خۆ پێ‌گەیاندن لە بواری زانست و زانیاری‌یەوە:**

زانست و زانیاری شتێک نیە کە تایبەت بە چینێک یان کەسانێکی دیاری کراو بێ و هەروەها شتێک نیە کە لە سەردەمێکدا پێویست بێ و لە سەردەمێکدا پێویست نەبێ، بەڵکوو هەردەم و لە هەر شوێن و کاتێکدا پێویستە. ئەمڕۆکە ئەگەر مەیدانی خەباتی چەکداری بۆ پێشمەرگەمانی حیزب بەرتەسک بۆتەوە، ئەوە بێ‌گومان مەیدانی بردنە سەری زانست و زانیاری گەلێک بەرینترە. هەر لە نێو حیزب دەست ڕاگەیشتن بە کتێب خانە، ئینتەرنێت، گۆڤار و بڵاوکراوەکان لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە. بێجگە لەوەش ئێستا کەسانێکی زۆریش دەتوانن لە هەرێمی کوردستان دەست بە خوێندن بکەن. کەوایە مەیدانی فێربوون و خۆ پێ‌گەیاندن ئەمڕۆ لە هەر کاتێک فراوانترەو پێشمەرگە دەبێ هەنگاونان لەم بوارەدا بە ئەرکێکی گرینگی سەرشانی بزانێ.

**سێهەم: هەڵسەنگاندن و دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو:**

پێشمەرگە دێرینەکان بە گێڕانەوەو نووسینەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی پێشوو و باس کردن لە هۆکارەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لە کاتی خەبات دا و هەروەها پێشمەرگە نوێ‌یەکان بە سەرنج دان و هەڵسەنگاندن و وردبوونەوە لەو ئەزموونانە دەتوانن باشترین دەرس و وانە لە خەباتی ڕۆژانی سەختی ڕابردوو وەربگرن. زۆر جار پێشمەرگە لە ناوچەدا بۆ خۆی ئیبتیکاری عەمەلیی وای هەبووە کە شارەزایانی گەورەی ئەم بوارەش نەیان توانیوە بەم شێوەیە کار بکەن. کەوایە گواستنەوەی ئەو زانیاری و شارەزایی‌یانە ئەگەرچی لە مەیدانی کردەوەش دا نیە، بەڵام بێ‌شک پڕن لە دەرس و وانەی بەکەڵک و بەنرخ.

**چوارەم: گرینگی دان بە وەرزش و**

**ئەمڕۆکە ئەگەر مەیدانی خەباتی چەکداری بۆ پێشمەرگەکانی حیزب بەرتەسك بۆتەوە، ئەوا بێ‌گومان مەیدانی بردنە سەری زانست و زانیاری گەلێك بەرینتر بۆتەوە.**

●●

**تەندرووستی لەش:**

مامۆستا هێمن زۆر جوانی فەرمووە: "سەخت و ناهەموارە ئەم ڕێگایە کوردی کۆڵنەدەر/ بۆ خەباتێکی درێژخایەن گوڕ و تینم دەوێ".

ئەو گوڕ و تینەی مامۆستا هێمن دەی هەوێ، هەم بواری زانست و زانیاری دەگرێتەوەو هەم بواری جەستەیی. پێشمەرگە بە جەستە و ئەندامی بەهێزە کە دەتوانێ بە دەیان ڕۆژ بە ڕێگەدا بڕوا یان برسیەتی و تینوێتی چەند ڕۆژە قبووڵ بکا. لەگەڵ ئەوەی کە ئەمڕۆ مەسەلەی خەباتی شاخ و چوونەوە ناوچە لە ئارادا نیە، بەڵام ئەرکی پێشمەرگەیە بۆ هەر ئەگەرێک کە لە داهاتوودا بێتە پێش، خۆی ئامادە و بەهێز ڕاگرێ. دانیشتن لە مەقەڕەکان، لە پشت کۆمپیوتەر و تەلەویزیۆنەکان، خەو و حەسانەوەی زۆر و لە هەمان کاتیشدا خواردنی زۆر ئەگەر هەڵسووڕان و وەرزشێکی باشی لەگەڵ نەبێ، لە ئاکامدا بێجگە لە بەرهەم هێنانی جەستەیەکی تەمبەڵ و سستی هیچی دیکەی بەدواوە نابێ.

بە ئاواتی سەرکەوتنی پێشمەرگەکان لەم ئەرکانە و گشت کاروبارەکانی تردا.

***





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# پێشمەرگە لە نێوان خەباتی چەکداریو سیاسەت کردندا



هەژیر
عەبدوڵڵاپوور

دەمەوێ سەرەتا باسی ئەوە بکەم کە پێشمەرگە بۆ پەنای بۆ چەک بردووەو بەرگریی چەکدارانەی دەست پێ کردووە؟ تۆ بڵێی ئەو مرۆڤانە هێندە ئاشقی چەک و رەخت و گوللە بووبن، کە وازیان لە هەموو چێژ و خۆشی‌یەکانی ژیان هێنابێ و لەخۆڕا لە حکوومەتێکی تا بناگوێ چەکدار یاغی بووبێتن و هەر ساتەوەختێک ئامادەی خۆبەخت کردن بن!؟

هەر مرۆڤێک لە هەر کوێ‌یەکی ئەم دونیایە بکەوێتە بەر پەلاماری هێزی داگیرکەر، زۆر سروشتی‌یە کە ئەو مرۆڤە، جا خود وەک تاک بێ یان بە کۆمەڵ، هەوڵ بدا بەرگریی لە خۆی و بەرژەوەندی‌یەکانی بکا، ئەگەر پەلاماری داگیرکەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە، ئەوا دژکردەوەی وەک سەرهەڵدان و شۆڕش و خەباتی چەکداری و جەماوەری لێ دەکەوێتەوە. لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای جیهانی سێیەمیش دا کە کۆمەڵگەی کوردیش لەوێدا هەڵ کەوتووە، مرۆڤەکان خوازیاری ئەوەن کە ئەو هەقانەی لێیان زەوت کراوە وەک مافی نەتەوایەتی، ئازادی و ژیانێکی باشتر... وەدەست بێننەوە. کەواتە مرۆڤێک کە دەست بە راپەڕین و بەرخۆدان دەکا، مرۆڤێکە کە زۆربەی مانا و بایەخەکانی بیر و ژیانی خراوەتە ژێر پرسیار و پێ خوست کراوەو هەستی بەوە کردووە کە وەک کۆیلە و ژێردەستە هەڵس و کەوتی لە گەڵ کراوەو دەکرێ، هەر لەم سۆنگەیەشەوە ناکۆکی‌یەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی داگیرکەر و کۆمەڵانی خەڵک بەرادەیەک قووڵ دەبنەوە کە هێزی داینەمۆی راپەڕین واتە گشت ئەو چین و توێژانەی کە بە دوای دەستەبەرکردنی رزگاری و ئازادی‌یەوەن، لە سەر بنەمای کۆمەڵێک ویست و ئارمانجی هاوبەش، یەک دەگرن و دژی داگیرکەر و دەسەڵاتی سەرەڕۆ رادەپەڕن.

بەم شرۆڤە کورتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە، هێزی پێشمەرگە کە ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی و سەروەری‌یەکانی نەتەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشمەرگە بەر لەوەی‌کە پێش مەرگ بکەوێ‌و وەک "مەرگ دۆست" بناسرێ، بەپێچەوانەوە ماناو رەمزێکی تایبەتی بە ژیان بەخشیوەو رێبازەکەی لێوان‌لێوە لە وانەی ژیان دۆستی‌و ئازادی‌خوازی.

●●

کوردی لە ئەستۆیە، وەک پارێزەری گەل و نیشتمان دژی داگیرکەر راپەڕیوەو بە هۆی خودئاگایی و ویست و ئیرادەی خۆیەوە، بەرگری و پشتگیریی لە داوا و ویستێکی رەوا و بەرهەق کردوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە داخوا بنەمای خەباتی پێشمەرگە تەنیا لایەنی چەکداریی هەیە؟

من پێم وایە پێشمەرگە لە برگە و قۆناغی جیاوازدا، ئەرکی جیاوازیشی هەبووەو هەیە. پێشمەرگەی کوردستان بە تێگەیشتن و هەست کردن بە بەرپرسایەتی خۆی لە بەرامبەر شکڵ و فۆرمەکانی دیکەی خەبات لە کوردستان و هەروەها بە پێی بارودۆخی تێکۆشان، لە هیچ قۆناغیک دا خۆی نەبەستۆتەوە بە شێوەیەکی دیاری کراو لە خەبات بۆ وەدیی هێنانی ئامانجە بەرز و رەواکانی نەتەوەی کورد. پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو شێوازەکانی خەباتی خۆشیدا بە پاراستنی نێوەرۆکی ئازادی خوازانە و دژە سەرەڕۆیانەی خۆی خەباتێکی رەوا و شۆڕشگێڕانەی بردۆتە پێش.

د.قاسملووی نەمر لەم بارەوە دەڵێ: "پێشمەرگە نە تەنیا کەسێکە کە بە چەکەوە بەرگریی لە نیشتمان و نەتەوەی خۆی دەکا، بەڵکوو کەسێکی سیاسیشە کە ئەرکی سیاسیی هەیە و لە نێو خەڵکدا دەبێ هەوڵ بدا کە ئاستی ئاگایی و زانیاری خەڵکی کورد بباتە سەرێ".

بەپێی ئەم بۆچوونە، هێزی پێشمەرگە بنەمای خەباتەکەی تەنیا لایەنی چەکداریی نەبووە کە خودی ئەوەش لایەنی بەرگریکارانەی هەبووە، بەڵکوو هەڵگریی دوو مەبەستی سەرەکیی دیکەش بووە، یەکەم: ویستوویەتی کە رەهەندێکی سیاسیی بدا بە بزووتنەوەی چەکداریی هێزی پێشمەرگەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو بزووتنەوە چەکدارییە بۆ دابین کردنی کۆمەڵێک ویستی سیاسی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکا و دووەم: هەوڵی داوە کۆمەڵانی خەڵک رێک بخا و دواتر ئاگایی و زانیاریی بە خەڵکی کوردستان و بیروڕای گشتی ببەخشێ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بردنەپێش و پێکانی ئەو مەبەستانە، هەمیشە لە سەنگەری هەرەپێشەوەی خەبات دا بووەو وەک ئاڵاهەڵگری ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بەردەوامە زۆرترین تێچووشی داوە.

هێزی پێشمەرگە لە پێشوودا و لە بنەڕەت دا دژی شەڕ و شۆڕ و هەر جۆرە سیاسەتێکی شەڕخوازانە بووەو تەنیا کاتێک پەنای بۆ بەرگریی چەکدارانە بردووە کە هێرش کراوەتە سەر نیشتمان و پرستیژ و کەرامەتی نەتەوەکەی و ماف و ویستەکانی بە هەند وەرنەگیراوەو دەسەڵاتداران هیچ رێگەیەکی وەک دیالۆگ و دانووستان و پێکەوەهەڵکردنیان بۆ گەلەکەی نەهێشتبێتەوە. بەم پێیە، هێزی بزوێنەر و پاڵنەری پێشمەرگەی کوردستان، ویستێکی رەوا و روانگەیەکی دیمۆکراتیک و ئازادی خوازانەیە بۆ دەستەبەرکردنی مافێکی رەوا و ژیانێکی ئینسانی. لەم پێناوەشدا پێشمەرگە بەر لەوەی کە پێش مەرگ بکەوێ و وەک "مەرگ دۆست" بناسرێ، بەپێچەوانەوە مانا و رەمزێکی تایبەتی بە ژیان بەخشیوەو رێبازەکەی لێوان‌لێوە لە وانەی ژیان دۆستی و ئازادی خوازی. کەواتە لە دۆخی ئێستادا کە خەباتی چەکداریی (بەرگریی چەکداری) بەو شێوەیە نیە کە ساڵانی رابردوو لە گۆڕێ دا بوو، هێزی پێشمەرگە جیا لەوەی کە دەبێ کاری تەشکیلاتی و راگەیاندن بکا و خۆی پێ بگەیەنێ، ئەرکێکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئاستی وشیاری و ئاگایی نەتەوەی کورد بباتە سەرێ و لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بڵێین کە پێشمەرگە لە ئێستادا رۆڵێکی سیاسی هەیە، بە واتایەکی تر، پێشمەرگە لە هەوڵی ئەوە دایە کە ئاستی ئاگایی سیاسیی خەڵکەکەی لە پێوەندیی لە گەڵ پرسی کورددا بباتە سەرێ و تەنانەت خەڵکی دەرەوەی کۆمەڵگای خۆشی لە مەسەلەی کورد و زۆر پرسی دیکە تێ بگەیەنێ. لە داهاتووشدا (ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان حکوومەتێکی کوردی پێک بێ)، هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی ئەو حکوومەتە دەکا و ئەمنییەت و ئاسایشی کۆمەڵانی خەڵک بپارێزێ و کەمتر خۆی تێکەڵ بە سیاسەت بکا.

سەرەڕای ئەوەی کە دوژمنان هەوڵێکی زۆریان داوە کە سیما و نێوەرۆکی پێشمەرگە و خەباتی لەبڕاننەهاتووی هێزی پێشمەرگە بشێوێنن، بەڵام ئەم توێژە بە پاراستنی خسڵەت و تایبەتمەندی‌یەکانی خۆی، جیا لەوەی رەسەنایەتی و بەها پیرۆزەکانی خەباتی کوردی پاراستووە، هەمیشە ئەو ئامادەیی‌یەی هەبووە کە گیانی خۆی لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد بەخت بکا بۆ ئەوەی کە نەسڵەکانی داهاتوو لە سێبەری ئازادی و دێموکڕاسی دا بحەسێنەوەو کەمترین تێچوو بدەن.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە توێژێک بەو تایبەتمەندی‌یانەی سەرەوە دەبێ وەک بژاردەی کۆمەڵگای کوردی سەیری بکرێ، ئەوە بەو مانایە نییە کە هەموو پێشمەرگەیەک رووناکبیر و رەخنەگرە، بەڵکوو لەو روانگەیەوە کە باشترین و خۆنەویست ترین تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەبنە پێشمەرگە. لە روانگەی منەوە کەسێک کە ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکا بۆ ئەوەی کە کەسانێکی دیکە ژیانێکی باشتریان هەبێ، ئەو کەسە سەرچڵ و بژاردەی کۆمەڵگەیە.

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# پێشمەرگە ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ



رامبود
لوتفپووری

## سەرەتا

وشەی پێشمەرگە ڕەنگە یەکێک لە ئاشناترین وشە و چەمک گەلێک بێ کە نەتەوەی کورد پتر لە نیو سەدەیە بۆ پێناسە کردنی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی خۆی بەکاری دێنێت کە لە گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاری خوازی دان. کە دەڵێین نیو سەدەیە بەو مانایە نیە کە پێشتر ئەم وشەیە بەکار نەهاتووەو خەڵک نەی بیستووە، چونکە وشەی پێشمەرگە بە مەبەستی جۆراوجۆر و بەتایبەت لە دەقە ئەدەبیەکاندا بەکار هێنراوە. بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستی باسەکەی ئێمەیە ئاماژە بە مرۆڤێکە کە لە پێناو ئامانجێکی سیاسیدا خۆ نەویستانە دێتە گۆڕەپانی خەباتێکی شێلگیرانە و نابەرابەرەوە. بۆیە لە پێشدا هەوڵ دەدەین ئاماژەیەک بە دیارترین کاراکتەرەکانی پێشمەرگە بکەین و ئینجا ئەو کاراکتەرانە بەراورد بکەین لەگەڵ کاراکتەرەکانی ڕووناکبیری و شۆڕشگێڕ بووندا. لە جێدا ئامانجی ئەم بابەتە سەلماندنی ئەو گریمانەیەیە کە پێشمەرگە مرۆڤێکی ڕووناکبیرو شۆڕگێڕە.

## پێشمەرگە کێیە؟

ئێمە وا ڕاهاتووین کە باسی پێشمەرگە کرا، دەست بەجێ سیمای ژن یا پیاوێکی چەکدارمان لە لا دروست دەبێ کە جل و بەرگی خاکی لەبەر دایە و چەکدارانە داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی دەکا. ئەمە لە خۆیدا لایەنیکی ڕاستی هەیە، بەڵام ناتوانێ هەموو ڕەهەندەکانی چەمک و کەسایەتیی پێشمەرگە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. لە ساکارترین پێناسەدا پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە مردنی خۆی وەپێش مردنی خەڵک و نەتەوەکەی دەخا واتە، خۆی فیدای ئامانج و ئاواتەکانی گەلەکەی دەکات. ئەگەر هەر ئەو پێناسە ساکارە بکەین بە بنەما ئینجا مەرج نیە کە پێشمەرگە مرۆڤیکی چەکدار بێ، بەڵکوو پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە لە پێناو داکۆکی لە ماف و وەدیهێنانی ئامانج و ئازادییەکانی گەلەکەیدا ئامادەیە لە بە نرخترین سەرمایەی ژیانی کە گیانیەتی چاوپۆشی بکات. کەوابوو هەر کەسێک بەو تایبەتمەندییانەوە لە هەر جل و بەرگێکدا، چەکدار بێ یا نە، دەتوانێ پێشمەرگە بێت. لێرەدا دوو پرسیاری گەوهەری دێنە گۆڕێ کە وەڵامدانەوەیان مەبەستی سەرەکیی ئەم





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مەرج نیە کە پێشمەرگە مرۆڤیکی چەکدار بێ، بەڵکوو پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە لە پێناو داکۆکی لە ماف و وەدیهێنانی ئامانج و ئازادییەکانی گەلەکەیدا ئامادەیە لە بە نرخترین سەرمایەی ژیانی کە گیانیەتی چاوپۆشی بکات.**

●●

بابەتەیە.

**یەکەم، پێشمەرگە چۆن مرۆڤ و کۆمەڵگا دەبینێت و خوێندنەوەی بۆ ژیان چیە؟**

**دووهەم، ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنە چ هەڵویستێکی لە لا دروست دەکات؟**

وەڵامی هەر کام لەم پرسیارانە لایەنیک لە کەسایەتیی پێشمەرگەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بەم چەشنەی خوارەوە باسیان دەکەین.

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم دەبێ بێژین، تێڕوانینی پێشمەرگە بۆ مرۆڤ تێڕوانینێکی فەلسەفییە واتە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی تێگەیشتوو دەزانێ کە توانای لێک دانەوەو هەڵسەنگاندنی راستییە بەرهەستەکانی (واقعیتهای عینی) دەوروبەری هەیەو دەتوانێ ئەنجامگیرییەکی دەرهەستیان (نتیجە گیری ژهنی) لێ بکات. بە دیوێکی دیکەدا ریاڵی ژیان و کۆمەڵگا تەنیا وەک بابەتێکی رووت و ئابستراکت نابینێ، بەڵکوو رایەڵکەیەکی پێوەندیی لۆژیکییان تێدا دروست دەکا و کۆمەڵێک ئایدیالیان لی بەرهەم دێنێ کە چوارچێوەی نۆرم و بەها کولتووری‌یەکانی کۆمەڵگای پێ رێک دەخا.

کەوابوو ئەم بوونەوەرە هەستیار و تێگەیشتووە ژیانێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی دیکەی کۆمەڵگاو بەتایبەت هاورەگەزەکانی‌دا پێوەندی‌یەکی بەرامبەری هەیە. ئەم پێوەندیە بەرامبەرە سیستمێک لە ئەرک و ماف پێک دێنێ کە مرۆڤەکان بەرامبەر بە یەکتر و بە گشتی بەرامبەر بە کۆمەڵگا دەروەست دەکات. لە سیستمێکی ئەوتۆدا مرۆڤەکان چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ دەبنە خاوەن کۆمەڵێک ماف و کۆمەڵێک ئەرکیشیان دەکەوێتە سەر شان کە لەبەرامبەر ژیان و چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دا دەرووەست دەبن. مافی ژیان، مافی ئازادی، مافی یەکسانی، مافی دیاری کردنی چارەنووس و کۆمەڵێک مافی دیکە کە وەدیهێنان و پاراستنیان ئەرکێکە لە ئەستۆی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و لەهەمبەریاندا دەرووەستن. تێگەیشتنی قووڵ لەم مافانە بروایەکی قایم سەبارەت بە بەجێ هێنانی ئەرکەکانی لێ دەکەوێتەوە. مرۆڤێک کە بەم تێگەیشتنە قووڵە و ئەم بڕوا قایمە دەگات گەورەتر چاو لە ژیان دەکا و خۆی لە بازنەی لایەنی ماددی و بەرهەستی ژیاندا قەتیس ناهێڵێتەوە، بەڵکوو لایەنی مەعنەوی و دەرهەستیش لەبەر چاو دەگرێ و گرینگی بە بەها بەرز و مرۆییەکان دەدات. ئەم گرینگی پێدانە دەگاتە ئەو ئاستە کە ئامادەیە لە پێناویاندا لایەنە مادییەکە فیدا بکات. واتە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە بۆ پاراستنی ئەو مافانە تەنانەت لە گیانی خۆیشی چاوپۆشی بکا. لەم تێڕوانینە ئایدیالدا ژیان تەنیا هەوڵدان بۆ زیندوو مانەوە بە هەر نرخ و لە هەر هەل و مەرجێک‌دا نیە، بەڵکوو بریتی‌یە لە تێکۆشانی مرۆڤ بۆ دابین و دەستەبەر کردنی هەموو مافەکانی و پاراستنی رێزو کەرامەتی مرۆیی، تەنانەت ئەگەر ئەم تێکۆشانە ئاکامێکی وەک گیان لەدەستدانیشی بەدواوە بێ. بە واتایەکی‌تر لە لۆژیکی ئەم مرۆڤەدا چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی. تا ئێرە وەڵامی پرسیاری یەکەم واتە روانگەی پێشمەرگە بەرامبەر بە مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیانمان دایەوە.

لە وەڵام دانەوەی پرسیاری دووهەم دایە کە دەمان هەوێ گریمانەی رووناکبیر بوون و شۆڕشگێڕ بوونی پێشمەرگە بسەلمێنین. مادام باس لە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆیی دەکەین هەندێک بابەتی وەک بەرژەوەندی، سەرچاوە سرووشتی‌یەکان، سامان و دەسەڵاتیش دێنە گۆڕێ. یەکێک لە کاراکتەرەکانی مرۆڤ بەرژەوەندی خوازی و دەسەڵات خوازی‌یە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش دەزانین کە سەرچاوەکانی سروشت و سامان سنووردارن و دەست بەسەرداگرتنیشیان بەرهەم هێنەری دەسەڵاتە.

لە ئارادا بوونی ئەم دوو بابەتە لە کۆمەڵگادا ململانێی مرۆڤەکانی لێ دەکەوێتەوە،

●●

**مافی ژیان، مافی ئازادی، مافی یەکسانی، مافی دیاری کردنی چارەنووس و کۆمەڵێک مافی دیکە کە وەدیهێنان و پاراستنیان ئەرکێکە لە ئەستۆی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و لەهەمبەریاندا دەرووەستن.**

●●

ململانێ‌یەک کە زۆر جار سنووری ئاسایی و سروشتیی خۆی دەبەزێنێ و پێشێل بوونی مافی بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگای لێ دەکەوێتەوە. کەوابوو دەتوانین بێژین هیچ کات ئەو کۆمەڵگا



www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایدیالەمان دەست ناکەوێ کە هیچ مافێکی تێدا پێشێل نەکرێ و هەموو تشتەک رێک و پێک و لە جێی خۆیاندا بن، واتە لە هەموو کۆمەڵگایەک‌دا رێژەیەک لە کەم و کوڕی، بێدادی و چەوسانەوە بوونی هەیە. ئەمە راستییەکەی کۆمەڵگای مرۆیییە، بەڵام لە هەر کۆمەڵگایەک‌دا هەندێک لە مرۆڤەکان بە لەبەر چاو گرتنی دۆخی ئایدیال، بارودۆخی ئەرایی دەخەنە ژێر پرسیارو رەخنەی لێ دەگرن. کەم و کورتییەکان و بێدادییەکانی نێو کۆمەڵگا زەق دەکەنەوە و ویژدانی گشتی کۆمەڵگای لێ وەخەبەر دێنن. هەروەها بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەش کۆمەڵێک میکانیزم و ئیدە دەخەنە روو و هزری نوێ بەرهەم دێنن. ئەم کەسانە هەمان رووناکبیرانی کۆمەڵگان. لێرەدایە کە پێناسەی پێشمەرگە و پێناسەی رووناکبیر یەک دەگرن. پێشمەرگە رەخنە گرە و بارودۆخی ئارایی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پێشێل کرانی مافەکانی خۆی و نەتەوەکەی بە بابەتێکی نائاسایی دەزانێ و هاوکات

**هەوڵدانی پێشمەرگە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاو پراکتیزەکردنی ئیدەکانی، کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی پێ دەبەخشێ کە دژ بە بارودۆخی ئارایی رادەپەڕێو بە کردەوە کار بۆ گۆڕانی دەکا**

● ●

لەگەڵ رەخنە لێ‌گرتنی لە ئیدەو میکانیزمی چارەسەر دەگەڕێ. کەوابوو پێشمەرگە مرۆڤێکی رووناکبیرە.

بەو روانگەوە کە پێشمەرگە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان هەیەتی ناتوانێ بارودۆخی ئارایی قەبووڵ بکا و رەخنەی لێ دەگرێت. بەڵام پێشمەرگە تەنیا لە خانەی بۆچوون رخنەیەکی رووت دا نامێنێتەوە و بە کردەوەش دێتە گۆڕەپانی خەباتەوە. بۆیە ئەگەرچی پێشمەرگە رووناکبیرە، بەڵام مەرج نیە هەر رووناکبیرێک پێشمەرگە بێ. هەوڵدانی پێشمەرگە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگاو پراکتیزە کردنی ئیدەکانی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی پێ دەبەخشێ کە دژ بە بارودۆخی ئارایی رادەپەڕێ و بە کردەوە کار بۆ گۆڕانی دەکات. چونکە تێ‌گەیشتنی قووڵی پێشمەرگە لە مافەکانی خۆی و گەلەکەی و بڕوای قایمی بە بەجێ هێنانی ئەرکەکانی ناهێڵێ لە خانەی رخنەو بۆچوونێکی هزریدا قەتیس بمێنێتەوەو ئەو جیهان بینی و باوەڕە پاڵی پێوەدەنێن بۆ پاراستنی بەها مرۆییەکان بە کردەوەش بێتە گۆڕەپانی ململانێیەوە. تا ئێرە باسی ئەوەمان کرد کە پێشمەرگە رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕە، بەڵام جگە لەوانە پێشمەرگە تایبەتمەندییەکی گرینگتریشی هەیە، کە ئەویش خۆبەخشییە، واتە پێشمەرگە ئامادەیە لە پێناو پاراستنی ماف و ئازادی و بەرز راگرتنی بەها مرۆییەکاندا گیانی خۆیشی فیدا بکات. بە واتایەکی دیکە بۆ پاراستنی رێزی مرۆڤ و ژیان، لە گیانی خۆی چاو پۆشی دەکات. بۆیە دەتوانین بڵێین پێشمەرگە رووناکبیرێکی شۆڕشگێڕی خۆبەخشە کە قووڵترین خوێندنەوەی بۆ مرۆڤ و ژیان هەیە و لە لوتکەی بەرزی هەڵوێست دایە.



***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەسەن قادرزادە:**
**پێشمەرگە ئەو تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەیە کە بۆ بەختیاری گەل و وڵاتەکەی، مەرگی وەپێش دەخات و بە بێ ترس و دوو دڵی ئامادەیە سەرمایەی ژیانی کە گیانیەتی بەختی بکات**

# پێشمەرگەی دوێنێو ئەمڕۆ
# لە وتووێژی گۆڤاری "لاوان" لەگەڵ بەڕێز "حەسەن قادرزادە" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



دیمانە:
عەبدوڵلا
عەبدوڵلاپوور

**لاوان:** کاک حەسەن بەڕێزتان سەرەتا لە کەیەوە چالاکی سیاسیتان دەست پێ کردوە یان بە واتایەکی تر چالاکی سیاسیتان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**حەسەن قادرزادە:** دەسەڵاتداری حکوومەتی سەرەڕۆی پاشایەتی پەهلەوی بەسەر ژیان و ماڵی خەڵک دا بە شێوەیەک بوو کە زوڵم و ستەم، بێدادی دەکرد، لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو نەبوونی ئازادی باڵی بەسەر وڵات دا کێشا بوو، هەموو کەس هەستی بە ناعەداڵەتیو نایەکسانی دەکرد.
ئێران زیندانێکی گەورە بوو بۆ خەڵکی، گەلی کورد بە هۆی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی‌یەوە زیاتر هەستی بە ئازار و مەینەتی‌یەکانی دەکرد، گەلانی ئێران بە هەموو چینو توێژەکانی‌یەوە بۆ لابردنی ئەو دەسەڵاتە نەگریسە هاتنە مەیدان و لە شۆڕشێکی سەرانسەری و هەمەلایەنەدا لە ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاوی دا تۆماری **٢٥٠٠** ساڵەی پاشایەتیان لە ئێراندا تێکەوە پێچا. منیش وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە زۆر بە ڕوونی ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستانم هەست پێ دەکرد، لە بنەماڵەی خۆمان دا قوربانی زەبرو زەنگ و ئەشکەنجە و زیندان بووین، بە تایبەتی کە برای گەورەی شەهیدمان کاک محەممەد قادرزادە لە ساڵی **٤٧** بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ تێکۆشەرانی دیموکڕات لە جوڵانەوەی چەکدارنەی ساڵانی **٤٧ ــ ٤٦**دا گیرا و ماوەی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا و لە ساڵی **١٣٥٢**ی هەتاوی ئازاد کرا، ئەوە ڕووداوێک بوو کە هەمیشە زوڵم و دیکتاتۆری ئەو ڕێژیمەمان بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێ دەکرد. بۆیە لەگەڵ دەست پێ کردنی خەباتی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانو ڕێپێوانەکان، لەگەڵ شەپۆلی ئەم خەڵکە وەزاڵەهاتووە کەوتمو

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له خۆپیشاندانەکان دا چالاکانە بەشداریم کرد، هەر لە و سەردەمەدا بیری سیاسی و خەباتگێڕانەم لە هەست و هزرمدا گەشەی کرد، پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی و ئاشکرا بوونی خەباتی سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە کردەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی و رێکخراوەیی بووم و لە ریزی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەستم بە خەبات و تێکۆشان کرد و لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئاشنا بووم.

**لاوان**: دەکری بۆمان باس بکەی کە ناوی پیشمەرگە لەکەیەوە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها بفەرمووی کە چ کاتێک و کێ ئەو ناوەی بۆ هێزی نیزامی کورد هەڵ بژاردوە؟

**حەسەن قادرزادە**: پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکە و باسی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەتان بۆ بکەم، کە لە کەیەوە هاتۆتە ناو ئەدەبیاتی کوردی و چۆن ئەو ناوە دیاری کراوە بە دەرفەتی دەزانم لە رێگای گۆڤارە خۆشەویستەکەتان "لاوان" کە ئێستا لە بەرەبەری بەڕێوەبردنی رێ و رەسمی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان داین، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی تەواوی پێشمەرگەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی خەباتگێڕ بە گشتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەندامان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگەکان بە تایبەتی بکەم، کە لە پێناو وەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان دا ئامادەن گیانیان بەخت بکەن.

سەبارەت بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، بە پێی ئەو سەرچاوە و لێدوان و رەوایەتانەی کە تا ئێستا کراوە، لەگەڵ ئەوەی دا کورد زۆر لە مێژە بۆ داکۆکی لە مافە رەواکانی و مل نەدان بۆ زوڵم و سەرەڕۆیی و بۆ روبەروبوونەوە لە بەرامبەر هێرشی دوژمنان و داگیر کران دا، رۆڵەی خەباتگێڕ و چەک لە شانی هەبوو،بەڵام ناوی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی

# حەسەن قادرزادە: پێشمەرگە بۆتە سەمبولی ئازایەتیو خۆڕاگریو فیداکاریو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

بەرامبەر بە ١٩٤٥ی زایینی پاش ئەوەی دوایین پێگەی سەرکوتی رێژیم لە شاری مەهاباد لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا لە لایەن خەڵکەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ، بە دوای ئەوەدا کۆماری کوردستان دادەمەزرێ و سوپای میللی کوردستان پێک دێ.

سەبارەت بە دیاری کردنی ناوی پێشمەرگە، ئەوەی من بیستوومە و خوێندومەتەوە، کاتێک بەرپرسانی سوپای میللی لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد لە ئۆفیسی کارەکەی کۆ دەبنەوە، دەیان هەوێ ناوێک بۆ ئەو رۆڵە خەباتگێڕ و چەک لە شانانە دیاری بکەن، کە بۆ دیفاع و بەرگریی لە خاک و نیشتمانەکەیان لە سوپای میللی دا رێک خراون، لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی زۆر و ئاڵ و گۆڕی بیروڕا دەکرێ و چەند ناوێک دێتە ئاراوە، گۆیا چا پەزی ئۆفیسی کاری پێشەوا قازی محەممەد کە پیاوێکی گەڕاوەو خاوەن ئەزموون دەبێ، جاروبار دەچێتە ژوورەوەو گوێی لەو باسانە دەبێ، ئێزن دەخوازێ و دەڵێ ئێوە ماوەیەکی زۆرە لەسەر مەسەلەیەک قسە و باس و ڕاوێژ دەکەن و ساغ نابنەوە دەکرێ پێم بڵێن چیە و باسی چی دەکەن؟! یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەڵێ دەمان هەوێ ناوێک بۆ چەکداری کورد دانێین کە چەکی بە دەستە، ئەویش دەڵێ: لە کۆن دا کورد بە پیاوی ئازاو ڕەشید و نەترسی خۆی گوتووە پێشمەرگە، ئامادەبووان ئەو ناوە زۆر بە ناوێکی شیاو و باش دەزانن و هەر لەوێ ئەو ناوە بۆ چەکداری کورد دیاری دەکەن و هەر لەو رۆژەوە بە چەکداری کورد کە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکا پێی دەڵێن پێشمەرگە، کە بۆتە سەمبولی ئازایەتی و خۆڕاگری و فیداکاری و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک، کەوابوو هەر بە دامەزرانی سوپای میللی دیاری کردنی ناوی پێشمەرگە، ئەو ناوە هاتۆتە ناو ئەدەبیات و فەرهەنگ و شێعر و پەخشانی کوردی و لە وەسفی پێشمەرگەدا زۆر شتی جوان و بە کەڵک گوتراوە و نووسراوە، کە مایەی شانازی و شەرەفی گەلەکەمانە.

**لاوان**: کاک حەسەن لە ڕوانگەی بەڕێزتانەوە پێشمەرگە چ واتایەکی هەیە و چۆنی پێناسە دەکەن یانی چ پێناسەیەکت بۆ پێشمەرگە هەیە؟

**حەسەن قادرزادە**: پێشمەرگە ئەو رۆڵە خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕەیە کە بە بیرو باوەڕەوە لە پێناو ئازادی و رزگاری بۆ وەدیی هێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد چەکی شەڕەف و سەربەرزی کردۆتە شان و ئامادەیە لەم رێگایەدا گیانی بەخت بکا و دەست لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هەڵ بگرێ و بە سەر کەندو کۆسپەکانی رێگای خەبات و تێکۆشان دا زاڵ بێ و شەوە زەنگی بێدادی شەق بکا و بەهاری ئازادی بۆ گەل بێنێ. بەواتایەکی دیکە پێشمەرگە سەمبولی فیداکاری و گیان بازی، دڵسۆزی، سەداقەت، لە خۆبردوویی، بوێری، وڵات پارێزی و وره و ئیمانە. لەیەک کەلام دا ئەو تێکۆشەرە کۆڵنەدەرەیە کە بۆ بەختیاری گەل و وڵاتەکەی، مەرگی وەپێش دەخات و بە بێ ترس و دوو دڵی ئامادەیە سەرمایەی ژیانی کە گیانیەتی بەختی بکا، بۆیە پێشمەرگەیە.

**لاوان**: پێشمەرگەی دوێنێ و ئەمرۆ چ جیاوازیەکیان هەیە (لە هەموو لایەنەکانەوە)؟

**حەسەن قادرزادە**: بە بڕوای من هیچ جیاوازییەک لە نێوان پێشمەرگەدا نیە، بە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرجێک پێشمەرگە بێ. پێشمەرگەی دوێنێ و ئەمڕۆ خاوەنی یەک تایبەتمەندین، پێشمەرگە ئەو خەباتگێڕە سیاسی و بە بیروباوەڕەیە کە لە پێناو بەرگری و مان و مەوجوودییەتی گەلەکەی دا خەبات دەکا و، حازرە تەواوی سەختی و ناخۆشییەکانی شۆڕش و خەبات بە دڵ قەبووڵ بکا و تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەل، ئەو خەباتە درێژە بدا. هەتا گەلی کورد لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بێ و مافە ڕەواکانی دەستەبەر نەکرابێ، ئەرکی نەتەوەیی لەسەر شانە و وەک درێژەدەری ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان لەو مەیدانەدا تێ دەکۆشێ. ئەگەر جیاوازییەک هەبێ، جیاوازی قۆناغەکانی خەباتە نەک جیاوازی پێشمەرگە، مەبەست لە پێشمەرگەی دوێنێ لە ڕوانگەی ئێوە قۆناغی خەباتی سیاسی و چەکداری گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە دژی سیاسەتی هێرش و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی دا لە ئارادا بوو کە لەو قۆناغەدا خەباتی گەلی کورد لە چەند بواری جیاواز، بەڵام پێکەوە گرێ دراو بەڕێوە دەچوو، شێوەی چەکداری لە هەموو شێوەکانی دیکە بەهێزتر و دژوارتر بوو، لەو شێوەیەدا ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی گەلی کورد، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات بە خوێن بەرگریان لە مان و مەوجوودییەتی گەلەکەیان دەکرد، بە هەزاران حەماسە و ئازایەتی لە خەبات و بەرگری دژی سوپای دژی گەلی کۆماری ئیسلامی دا تۆمار کراوە کە گەلی کورد و نەسڵەکانی داهاتوو شانازییان پێوە دەکەن، ئەو قۆناغە لە خەباتی گەلەکەمان لاپەڕەیەکی زێرینە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد کە بە هەزاران ڕۆڵەی خەباتگێڕی لە پێناوی دابین کردنی مافە ڕەواکانی دا کردۆتە قوربانی و شەو و شەونخوونییان کێشاوە، تاڵی و سوێری خەباتیان چێشتووە کە بۆتە سەرمایەکی گەورەی ماددی و مەعنەوی کە کاریگەریی بۆ ئێستاش و داهاتوو هەر دەمێنێ. کەوابوو پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە خەباتگێڕو تێکۆشەرەیە کە هەردەم وەک باسکی بە هێزی گەل

**حەسەن قادرزادە: خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە، فیداکاریو گیان بەخت کردنی ڕۆڵەکانی گەل شاهیدی چالاکیو هەڵسوڕاوی بێ وچانی قۆناغەکانی پێشوویان بووە، کە ئێستاش درێژەی هەیە.**

لەو مەیدانەدا تێ دەکۆشێ و هەوڵ دەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و خزمەتی نەتەوە ژێر دەست و زوڵم لێ کراوەکەی. پێشمەرگە پێش ئەوەی چەکدارێکی سرف بێ، تێکۆشەرێکی سیاسییە، کە ئاگاهانە چەکی بەرگری کردوتە شان و ئاگاهانەش ئامادەیە لە پێناوی بیروباوەڕەکانیدا گیانی بەخت بکا.

پێشمەرگە هەڵگری پەیامی گەلەکەیەتی و وەدیی هێنەری ویست و داخوازەکانیەتی، بۆیە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن، تەشکیلاتی، کۆمەڵایەتی و چەکداری و...هتدا، چالاکانە بەشداری دەکا. بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە ڕێز لە خەبات و تێکۆشان و ماندوویی و گیان بازی پێشمەرگە بگرن و وەک گلێنەی چاو بی پارێزن و پشت و پەنای پێشمەرگە بن.

**لاوان**: پێتان وایە کە پێشمەرگەی دوێنێ لەو قۆناغەی کە تێیدا چالاک بووە توانیویەتی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟

**حەسەن قادرزادە**: خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە، فیداکاری و گیان بەخت کردنی ڕۆڵەکانی گەل شاهیدی چالاکی و هەڵسوڕاوی بێ وچانی قۆناغەکانی پێشوویان بووە، کە ئێستاش درێژەی هەیە، ئەو خەباتگێڕانە بە خوێنی خۆیان بەڵگەی هەرمانی گەلەکەیانیان پاراستووە، هیچ فیداکارییەک نەبووە کە نەیکەن، ئەوەی لە توانا و ئیمکانی ئەو هێزەدا بووە بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک کردوویەتی و لە هیچ شتێک تەنەخیان نەکردوە. دیارە هێندێک فاکتەر و هۆکار هەن کە بە پێی شەرایەت و شوێن کاریگەریان لەسەر چالاک و ناچالاک بوونی قۆناغێک دەبێ، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەو قۆناغەی کە ئێوە مەبەستتانە، چالاکترین قۆناغ بووە کە پێشمەرگە خەباتی تێدا کردوە، بەڵام ئەوەی کە کورد لەو قۆناغەدا نەی توانیوە بە ئامانجەکانی بگا، بەو مانایە نیە کە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی، تێکۆشەرانی سیاسیی و هێزی پێشمەرگە چالاک نەبوون، لێرەدا مەجالی ئەوە نیە بە دوورودرێژی باسی هۆکارەکان بکەین، هەل و مەرجی نێوخۆیی ئێران، کوردستان و ناوچە، یەکگرتوویی بزووتنەوەی کورد، توانا و ئیمکاناتی پێشمەرگە، ستراتیژی خەبات و پرۆژەو بەرنامەکان کاریگەریان لە سەر هەرچی زیاتر بەرەوپێش چوونی ڕەوتەکەدا دەبێ کە بێ گومان لەو بارەوە کەم و کوڕیمان بووە ئەوەش هیچ لە گەورەیی و فیداکاری پێشمەرگە کەم ناکاتەوە و ئەوەی پێی سپێردرابێ لەو قۆناغەدا وەک ڕەسالەتێک ئەنجامی داوە.

**لاوان**: بە بڕوای بەڕێزتان پێشمەرگە ئەوڕۆ دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێ؟

**حەسەن قادرزادە**: پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە لە گەڵ خەڵکی ئاسایی دیکەی لێک جیا دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە، کە خاوەن بیروباوەڕە، بە ویست و ئیرادەی خۆی هاتۆتە ڕیزی خەباتو شۆڕش، بڕوای بە خەبات دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری هەیە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیو بۆ وەدیی هێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی تێدەکۆشێو بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشێک بێ ئامادەیە گیانی بەخت بکا.

پێشمەرگە دەبێ هەوڵ بدا ئاستی زانیاریی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەسەن قادرزادە: حیزبی دیموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتایی دامەزرانی‌یەوە بە بیرێکی نەتەوایەتی‌یەوە پێی ناوەتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی‌و نەتەوایەتی، بناغەی بیروباوەڕەکانی ئەو حیزبە بۆ رزگاریی نەتەوەیی‌و بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەیەکان داڕێژراوە.**

خۆی بەرێتە سەرو وشیاری سیاسی‌و بیری نەتەوەیی هاندەری بێ بۆ ئەوەی زیاتر سوور بێ لەسەر ئامانجەکانی.

ڕێز بۆ بیروڕای خەڵک‌و داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دابنێ، دژی خورافات‌و کۆنەپەرەستی بێ، مرۆڤ دۆست بێ، دژی چەوسانەوە بێ، بڕوای بە مافی یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو هەبێ، لە دژی پێشێل کردنی مافەکانی ژنان بێ.

سادق‌و راستگۆ بێ، متوازیع بێ، بڕوای بە بیروڕای جیاواز هەبێ، هەوڵ بدا پێوەندییەکی زۆر پتەو و دڵسۆزانەی لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک هەبێ لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانیان دا بێ.

کاتی خۆی بە فیڕۆ نەدا و هەوڵ بدات بۆ پێگەیاندنی خۆی و کەسانی دەوروبەری بەسوود و بە بەهرە بێ. تەک ڕەویی نەکا، دژی سەرەڕۆیی بێ، عەداڵەت خواز بێ، ناحەقی قەبووڵ نەکا، هەست بە بەرپرسایەتی بکا، ئەرکەکانی بە باشی بەڕێوەبەرێ، ڕەخنەگر بێ، بەڵام ڕەخنەکانی سازەندەو ئاموزەندە بن، ڕەخنە قەبووڵ بکا، هەوڵ بدات پێوەندییەکی سالمی تەشکیلاتی لە ئۆرگانەکانی حیزبی دا هەبێ، لە رووی ئوسوول و زەوابت کارو ئەرکەکانی بەڕێوەبەرێ، کات ناس بێ، پاک‌و خاوێنی بپارێزێ، دۆستی ژینگە بێ، لە ئیمکاناتی زانستی‌و تەکنۆلۆژیای سەردەم بە باشی کەڵک وەربگرێ، هەوڵ بدا بە وەدەست هێنانی زانیاری پێویست و گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی کەڵک لە میدیا بە گشتی‌و کەرەسەکانی گەیاندن‌و وەرگرتن بگرێ. بە شێوەیەکی مودێڕن و شارستانیانە لەگەڵ پاراستنی ئوسوول و پڕەنسیپەکانی راگەیاندن، هەموو لایەنە ئینسانی و ئەخلاقییەکان لەبەر چاو بگرێ و رێز لە کەرامەت و کەسایەتی مرۆڤ بگرێ و زەربە بە ئێعتیبارو پڕستیژی پێشمەرگە نەگەیەنێ.

پێشمەرگە دەبێ نهێنی پارێز بێ، هەوڵ بۆ پتەوبوونی ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبەکەی بدات، ئەوانە بەشێکی کەم لە تایبەتمەندی‌یەکانی پێشمەرگەن.

**لاوان**: ئێمە وای دەبینین کە حیزبەکانی رۆژهەڵات پێشمەرگەیان بە بیرێکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پەروەردە نەکردوەو زیاتر بە بیرێکی حیزبیانەوە پەروەدەیان کردووە کە ئەوەش بە زیانی نەتەوەکەمان دەشکێتەوە لە داهاتوودا، بەڕێزت لەو



"حەسەن قادرزادە"

- لەساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندی نستان لە ناوچەی گەورکایەتی سەردەشت لە دایك بووەو لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بۆتە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران‌و ئەندامی بەڕێوەبەری لاوانی سەردەشت‌و لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بە ڕەسمی بۆتە پێشمەرگەی حیزبی دیموکڕات.
- ماوەی ٣٠ ساڵە پێشمەرگەیە، بەرپرسایەتی جۆراوجۆری لەو حیزبەدا بە ئەستۆ گرتووە وەك بەرپرسی کومیتە شارستانەکانی بانە، ڕەبەت‌و سەردەشت، بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان، بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامی حیزب، بەرپرسی کومیسیۆنی تەشکیلات.
- ماوەی ٢٠ ساڵە ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانەو دوو دەورەیە ئەندامی دەفتەری سیاسییە.
- رادەی خوێندەواری لیسانسی علومی سیاسی‌یە.
- خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بارەوە چ دەفەرموون و ڕوانگەتان چیە؟

**حەسەن قادرزادە:** سەبارەت بە بیری نیشتمانی و نەتەوەیی پێشمەرگە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی پەیوەندی بە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەر حیزبو ڕێکخراوێک بە پێی بیروباوەڕەکانی، ستراتیژیو دروشمەکانی یا ئایدیولۆژی حیزبەکەی، ئەندامانی پەروەردە دەکا، بۆ وێنە حیزبێک هەڵگری بیروباوەڕی چینێک بێو بڕوای بە مافی نەتەوایەتی نەبێ، با حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ، بەڵام بەرپرس نیە لە پەروەردە کردنی ئەندامانی بە بیرێکی نەتەوایەتی، بەڵام ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتایی دامەزرانییەوە بە بیرێکی نەتەوایەتییەوە پێی ناوەتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیو نەتەوایەتی، بناغەی بیروباوەڕەکانی ئەو حیزبە بۆ رزگاریی نەتەوەییو بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییکان داڕێژراوەو لەو پێناوەدا خەباتی کردووەو هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلەش گیانیان بەخت کردووە. زۆر جار لە زمان کەسانێک دەگوترێ کە کوردایەتی ناکەن، خەریکی حیزبایەتین، ئەوە لە کاتێک دایە کە حیزب وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بە تایبەتی کە حیزبێک وەک حیزبی دێموکرات کە خەبات دەکا بۆ دێموکراسی، بۆ وەدیی هێنانی مافی نەتەوایەتی لە وڵاتێکی دێموکراتیک بە شێوەی فیدراڵی، کەوابوو لێرەدا حیزبایەتی لە پێناو مافی نەتەوایەتی و کوردایەتی دایە، پەروەردە کردنی نەتەوەیی لەگەڵ بیری حیزبی هیچ جیاوازییەکیان نیە، لەبەر ئەوەی بیری حیزبی دێموکرات بیرێکی نەتەوەییە، ئەوەی لە رووی فکر و ستراتیژیەوەیە، نەتەوەییە بۆیە پەروەدەی حیزبی، پەروەردەی نەتەوەییە. حیزبی ئێمە هەوڵی زۆری داوە بۆ پەرە پێدانو گەشەی بیری نەتەوەییو بردنە سەری ئاستی وشیاریی

## ● ●
## حەسەن قادرزادە: پێشمەرگە دەبێ هەوڵ بدا ئاستی زانیاریی خۆی بەرێتە سەرو وشیاری سیاسیو بیری نەتەوەیی هاندەری بێ بۆ ئەوەی زیاتر سوور بێ لەسەر ئامانجەکانی.
## ● ●

سیاسییو نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکو هەروەها بە دانانی دەورەی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتی، سیاسی نیزامی، کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی پەروەردە کردووە. لە لایەکی دیکەش لە ماوەی ئەو ٦٥ ساڵەیدا ڕاگەیاندنو ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات نەتەوەیی بووەو لە پێناوی خزمەت بە فەرهەنگو کلتووری شۆڕشگێڕانەی گەل و نیشتمانەکەی دابووە، بۆ ئەوەی خەباتی نەتەوەیی ڕێبەری بکاو لەو ڕێگایەوە بە ئامانجە نەتەوەییەکانی بگا.

**لاوان:** پێتان وانیە کە حیزبەکان کەمتر گرینگیان داوە بە پەروەردەی سیاسی پێشمەرگەو زیاتر لە رووی نیزامییەوە پەروەردە کراون واتە حیزبەکان گرینگییەکی ئەوتۆیان بە پەروەردە کردنی پێشمەرگە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیدا نەداوەو زیاتر پڕژاونەتە سەر بواری نیزامی، هۆکارەکەی چیە و بۆ؟

**حەسەن قادرزادە:** هەر حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی بە پێی پرۆژەو بەرنامەکانی خۆی هەوڵ دەدا پێشمەرگە پەروەردە بکا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلو مەرج و قۆناغی خەباتو پێداویستییەکانی. بە بڕوای من پەروەردە و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە لە هەموو قۆناغێکو لە هەموو بوارەکان دا بە تایبەتی لە بواری نیزامیدا زۆر پێویستەو لازمە، ئەو هێزە بایەخی خۆی هەیە و هەتا کورد هەبێ و ئاوا ڕووبەڕووی مەترسی سەرەڕۆییو دیکتاتۆری بێ، تەنانەت پاش سەرکەوتنو هاتنە دی ئامانجەکان دەبێ وەک گلێنەی چاو بپارێزێو ئیمکاناتی پێویستی بۆ ئامادەو تەرخان بکرێ. پەروەردە کردنی پێشمەرگە سەرەڕای ئەو گرینگییە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی جووڵانەوەی رزگاری خوازانەی و پاریزگاری لە خۆیو لە بنکەو بنیاتەکان و ڕێبەرایەتی حیزب لە هەموو بارێکەوە تەنانەت بۆ خەباتی پارتیزانیو شێوەکانی دیکە ئەرکێکی هەنووکەیە بە تایبەتی لەو هەلو مەرجەدا کە لە ئێران و ناوچەکە چاوەڕوانی ئاڵو گۆڕی خێرای دەکرێ، دەبێ زیاتر لە هەمیشە ئەو هێزە، بۆ هاتنە پێشی هەر ڕووداو و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ئامادەیی تەواوی هەبێ. لە بوارەکانی دیکەش دا پەروەردەی سیاسی، تەشکیلاتی و... هتد، لە لایەن حیزبەوە بە پێی تواناو ئیمکان هەوڵی داوە کە دەورەی جۆراوجۆر لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و عالی دا بەڕێوەبەرێ، حیزبی ئێمە پەروەدە و ڕاهێنان و پێگەیاندنی کادرو پێشمەرگەی بە ئەرکی هەمیشەیی خۆی زانیوەو دەزانێ، ئەوە تا ئێستا کراوە کافیو تەواو نەبووە، بەڵکوو بە پێی تواناو ئیمکان کەڵک لە هەلو مەرجەکە وەرگیراوە و تێکۆشاوە ئەوەندەی بۆی دەکرێ لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرێ بەڵام زۆر دڵ خواز نەبوون.

**لاوان:** لە کۆتاییدا سپاست دەکەین کە ئەم دەرفەتەت دا بە ئێمە تا لە خزمەتت دابین و وەڵامی پرسیارەکانت داینەوە.

**حەسەن قادرزادە:** منیش بە نۆبەی خۆم سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی بۆتان ڕەخساندم کە وڵامی پرسیارەکانی گوڤارەکەتان "لاوان" بدەمەوە، بۆیە سەرکەوتنو پێشکەوتنی زیاتر ڕێکخراوەکەتان "یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" ئاواتە خوازم.

هەر سەرکەوتوو بن.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# پێشمەرگە، شۆڕشگێڕێکی پڕاگماتیست

زانا مەهابادی

مێژووی هەموو گەڵ و نەتەوەیەک لێوان لێوە لە ئوستوورەو داستان و حەماسە قارەمانە ئەفسانەیی‌یەکانە. کوردیش وەک باقی نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم گۆی زەوی‌یە داستانی خۆی، ئەفسانەی خۆی، حەماسەی خۆی و قارەمانەکانی خۆی هەیە، بەڵام قارەمانی حەماسەکانی کوردستان، ریشەیان هەر لە ئەساتیر ئەفسانەدا نیە، بەڵکوو لەسەر ئەرزی واقعدا هەزاران رۆڵەی ئازای کورد، داستانی وایان تۆمار کردووە کە ڕەنگە لە ئەدەبیاتی {غەنایی}و حەماسی هیچ نەتەوەیەکی دیکەدا وەک چیرۆک و داستانیش نەی بینی و نەی بیستی.

کێن ئەوانەی لە نێو ئەم نەتەوە بەش مەینەت و چەوساوەیەدا ئاوا شێرانە و مێرانە هەڵ کەوتوون و ئەو حەماسانەیان خوڵقاندووە؟

کێن ئەوانەی خاوەنی ئەم شانازی‌یە گەورانەی خەباتی نەتەوەکەیانن؟

پێشمەرگە: ناوی پیرۆزی سەر زاری دایک و باوک و کوڕ و کچ و پیر و لاوی ئەم وڵاتەیە. پێشمەرگە "ابرانسان"ی کورد و ئەو کەسەی لە سەنگەری بەرخۆدان و مەتەرێزی شەرەف دا، سینگی دەکاتە قەڵغانی بەرگری کرامەت و غرووری نەتەوەیی و نیشتمانەکەی.

پێشمەرگە ئەو شۆڕشگێڕە پڕاگماتیستەیە کە هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە بە کردەوە دێتە نێو مەیدانی خەبات و دەبێتە پێشەنگ و پێشڕەوی تێکۆشانی گەلە چەوساوەکەی.

نیمچە وتەیەکی جوان هەیە کە دەڵێ: "خۆ بەدەستەوەدانی مرۆڤ لە بەرامبەر خۆش گوزەرانی‌دا گەورەترین کۆسپە لە سەر ڕێگای مەزنایەتی مرۆڤ>>، بەڵام پێشمەرگە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




www.lawan.com

ئەو کۆت و بەندەی ژیانی ماددی دەبەزێنێ و هەموو خۆشی و سەروەتەکانی دونیای فیدای ئامانجێکی بەرز و ئینسانی دەکا کە ئەویش تەنیا و تەنیا رزگاری و سەروەری مرۆڤ و مرۆڤایەتی‌یە.

پێشمەرگە بە کردار و رەوشتی بەرزی شۆڕشگێرانەی دەی سەلمێنێ کە خەبات بۆ گەل و وڵات چەندە پیرۆزەو ئەو کەسانەی کە پەیوەستی ئەم کاروانە بێ وچانەی تێکۆشان و کۆڵ نەدان دەبن، مرۆڤ گەلێکی ئاسایی نین، بەڵکوو "ابراسان"ن.

"ابراسان"ی کورد واتە پێشمەرگە، هەموو کوێرەوەری و تاڵی و سوێریەک لە رێگای رزگاری نەتەوەکەیدا قەبوول دەکا و تەنانەت حازرە لە پێناویدا گەورەترین سەرمایەکەی کە ژیانیەتی، دای بنێ.

هەر ئەو تایبەتمەندی‌یانە وا دەکا کە پێشمەرگە بگاتە قۆناغی مەزنایەتی و لە نێو مێشکی تاک تاکی هەڵوەدایان وعەودالانی ئازادیدا وێنایەکی تایبەت لە پێشمەرگە شکڵ بگرێ.

**پێشمەرگە "ابرانسان"ی کورد و ئەو کەسەی لە سەنگەری بەرخۆدان و مەتەرێزی شەرەف دا، سینگی دەکاتە قەڵغانی بەرگری کرامەت و غرووری نەتەوەیی و نیشتمانەکەی**

ئەم گەلە زۆر شتی خۆی کە ئێستا هەیەتی بە پێشمەرگە و خەباتی پارتیزانی و چەکدارانەی ئەم ناوە بەرزە قەرزدارە. خۆ ئەگەر دەنگی تەقەی فیشەکی پێشمەرگە نەبوایە پێناسەی کورد بوون و زمان و جل و بەرگی کوردی و کلتوور و نەریتە جوانە کوردیەکان و وڵاتێک بە ناوی کوردستان، لە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و نژادی داگیرکەراندا وا دەسڕایەوە کە لە مێشکی هیچ تاکێکی ئەو نەوەی ئێستادا وەک خەیاڵیش وێنای نەدەکرا.

هەزاران سڵاو لە ناو و رێبازی پڕ لە شانازی و سەروەری پێشمەرگە لە هەر چوار بەشی وڵاتی داگیرکراو و دابەش کراوم دا.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کێ پێشمەرگەیە؟

ئەحمەد مەکلاوەیی

**٢٦**ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، تایبەت بە حیزب یا ڕێکخراوێکی سیاسی دیاری کراو نیە و، تایبەت بە هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستانە. چونکە ڕووداوی **٢٦**ی سەرماوەزی ساڵی **١٣٢٤**ی هەتاوی کە پێک هاتنی کۆماری خودمختاری کوردستانی لێ کەوتەوە، ئاکامی ئیرادەی خەباتگێڕانی گەلی کورد، لە بەشێکی کوردستان دا بوو. بەڵێ، ناوی پێشمەرگە، شتێک نیە کە تایبەت درابێ بە حیزب یان ڕێکخراوێکی دیاری کراو. پێشمەرگە، هێزی خەباتگێڕی ڕێگای وەدیی هێنەری ئامانجی پیرۆزی ئازادی‌یە کە لە ئەدەبیاتی نەتەوەیی‌دا جێی خۆی کردۆتەوەو لە مێژووی نەتەوەکەماندا بۆتە ناسێنەری خەباتی گەلی کورد بۆ ئاشتیی و دێموکڕاسی.

پێشمەرگە، ئینسانێکی بە بیرو باوەڕیی فیداکارە کە بە ویستی خۆی بە کاروانی ئازادی خوازان پەیوەست دەبێ و ئامادەیە کە بە سەخاوەتەوە گیانی لە پێناوی ئامانجەکانی‌دا ببەخشێ.

پێشمەرگە، پارێزەری ئاسایش و شەڕافەت و کەرامەتی خەڵکی کوردستان و گیان بەختکەری ڕێگەی وەدیی هێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردە.

پێشمەرگە، ئەو مرۆڤە بەنرخ و تێکۆشەرەیە کە ئازایانە گیانی لەسەر بەری دەستی داناوە تا لە ڕێی دێموکڕاسی و ڕزگاری دا بکاتە قوربانی.

پێشمەرگە، ئەو ڕۆڵە بەرهەقەی گەلی کوردە کە باشترین ڕۆژەکانی ژیانی لە سەر شاخ و بن بەرد و سەرما و گەرمادا بەسەر دەبا بۆ ئەوەی میللەتەکەی بە ئاوات بگا و بەسەر بەرزی بژی.

پێشمەرگە، بۆ ئامانج و بەرژەوەندیی گشتی گەلێکی ستەم لێ کراو خەبات دەکا و هیچ چاوەڕوانی‌یەکی ماددی نیە.

پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە بە بیرو باوەڕەیە کە لەخۆ بوردووانە هاتۆتە مەیدانی خەباتێکی سەخت و خوێناوی کە تاڵی و سوێری دەچێژێ، تووشی هەوراز و نشێوان دەبێ، بێ نان دەمێنێتەوەو تینوێتی هێرشی بۆ دێنێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە گەمارۆی دوژمن دەکەوێ، دەکەوێتە بەرئاگری چەکی قورس، بریندار دەبێ و گیانیشی لە مەترسی دەکەوێ. بەڵام چونکە پێشمەرگەیە و فیداکارە، هیچ کام لەوانە شوێنی لە سەردانانێن و لە درێژەی خەبات شلی ناکەنەوە.

پێشمەرگە، خەباتگێڕێکە کە بە بیرو باوەری پێشکەوتووانە و چەکی ئاورین تەیارەو لە ئاست گەلی خۆی جوانتر لە خۆری بەیانە.

پێشمەرگە، ئەو کەسەیە کە مان و مەوجوودیەتی گەل و دەسکەوتەکانی دەپارێزێ.

پێشمەرگە تا ئێستا بە سەدان و هەزاران داستانی پڕ سەروەری و ئازایەتی و فیداکاری تۆمار کردوە کە گەل و نەتەوەکەی شانازی‌یان پێوە دەکا. بەڵێ، ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی نەتەوەکەمان بدەینەوە، دەبینین کە



زیاتر لە دەیان ساڵە ژیانی پڕ لە رۆژ ڕەشی گەلەکەمان ئاوێتەی حەماسە و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە بووە کە لە فەرهەنگی گەلی کورددا ئەم ناوە بەرابەرە لەگەڵ ئازایەتی و گیان بەخت کردن لە پێناوی ئازادی و ژیانی بە ئاشتی و پێکەوە ژیانی برایانە، هەر بۆیە هەموو ئەو کوڕ و کچە لاوانە و، هەمووی ئەو شێرە ژن و پیاوە لەخۆ

## پێشمەرگە تا ئێستا بە سەدان و هەزاران داستانی پڕ سەروەری و ئازایەتی و فیداکاری تۆمار کردوە کە گەل و نەتەوەکەی شانازی‌یان پێوە دەکا

بوردووانەی کە ئێستا لە هەموو کوردستاندا بە گشتی لە چاڵە ڕەشەکانی دوژمنانی ئازادی و سەربەستی و مرۆڤایەتی‌دا لە ژێر سەدان شێوە ئەشکەنجەدا رۆژ و مانگ و ساڵان تێپەر دەکەن، خەباتگێڕی ڕێی رزگاری نەتەوەی کورد و پێشمەرگەن. جگە لەوەش هەمووی ئەو شێرە کچ و کوڕانەی لە پێناوی رزگاری گەل و نیشتمانیان دا، لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا کەوتوونەتە زیندان و بە شێوەی جۆراوجۆر ئەشکەنجە کراون و گیانیان لێ ئەستێندراوە، خەباتگێڕی ڕێگەی ئازادی و سەربەستی نەتەوەی کورد بوون و پێشمەرگە بوون.

بەڵێ، بۆیە لێرەدا دەپرسم و دەڵێم: داخوا بەو هەموو تایبەتمەندی‌یانەوە کە پێشمەرگە هەیەتی، جێگای رێز گرتن نیە؟ بەڵام ئەوانەی کە یەک زەڕڕە بە ناوی پێشمەرگەوە ئەم تایبەتمەندی‌یانەی پێشمەرگە دەڕووشێنن، ئەوە پێشمەرگە نین و ئەو تایبەتمەندی‌یانە شیاوی ئەو کەسانە نین.

پێویستە بۆ تێکۆشەران، ئەو تایبەتمەندی‌یانەی پێشمەرگە، خەوشدار نەکەن و هەڵۆی بەرزەفڕی کوێستانی کورد پەرپوە نەکەن تا سوورتر لە جاران لە ناو گەلەکەی‌دا وەمێنێ و دوژمن زیاتر حیسابی لەسەر بکا.

منیش لێرەدایە کە دەڵێم: با دوژمن بزانێ، هەرچی پیلان و زەبر و زەنگی زیاتر بۆ لەنێوبردنی نەتەوەی کورد بەکار بەرێ، ناوی پێشمەرگە زیاتر بایەخی خۆی ئاشکرا دەکا کە ساڵ بە دوای ساڵدا ئەو بایەخە، زیاتر خۆی دەرخستووە و خۆی دەردەخا. چەندین دەیە لە مەوبەر لە مەڵبەندی دژی شەڕ، لە کوردستان تاڤگەی ئاشتی، لە نێو سروشتی بەهەشتی، لە نێو باوەشی نیشتمان، لە گوند و لە شاران، لە حوجرەو قوتابخانان، تیشکی لە دایک بوو؟ "پێشمەرگە"

بەم بۆنەوە لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە گشتی سڵاو لە هەموو پارێزەرانی کوردستان، سڵاو لە هەموو شەهیدانی کوردستان، سڵاو لە هەموو بەندکراوانی سیاسی کوردستان و...، سڵاو لە هەموو بنەماڵەی خەباتگێڕانی کوردستان.

لە کۆتایی‌دا دەڵێم: خەبات بۆ ئازادی زۆری دەوێ، ئەم رێبازە، بێ زانست و مەعنەوییەت سەرناکەوێ، هەموو بڵێن:

**لاوان پێنووس بخەنە گەڕ، کچ و کوڕ بنووسن:**

**سڵاو لە ئاشتی، نەفرەت لە شەڕ**

***

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# پێشمەرگەی دوێنێ و پێشمەرگەی ئەمڕۆ

مۆعتەسەم نوورانی

ئەگەر ئاوڕێک لە خەباتی رزگاری خوازی گەلی بەش خوراوی کورد بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ئەو گەلە بۆ رزگاری لەژێر چەنگاڵ و چەکمەی داگیرکەرانی کوردستاندا پڕە لە حەماسە و بەرخودان، پڕە لە نەسرەوتن و کۆڵ نەدان. بە تایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئەو راپەرین و بەرخودانە شکڵ و مێتۆدێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتووەو بۆ زیاتر گەشەسەندنی خەباتی نەتەوایەتی زیاتر ئورگانیزە بووەو لە ڕێکخراوای سیاسی و پێشکەوتوودا دەرکەوتوە. لە هەموو ئەو ستەیج و قۆناغانەدا پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی ئەو بزووتنەوانە رۆڵی پۆزەتیڤ و سەرەکی بووەو گێڕاوە.

هەرچی لەسەر پێشمەرگە بگوترێ و بنووسرێ کەمە، چونکە پێشمەرگە ئەو ئینسانە بەهەست و بلیمەت و شۆڕشگێڕەیە کە لە پێناوی رزگاریی نەتەوەییدا دەستی داوەتە چەک و هەردەم ئامادەیە بۆ فیداکاریی. پێشمەرگە ئەو خەباتگێڕە راستەقینەیە کە دەستی لە ژیانی ئاسایی هەڵ گرتووەو هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی داوای رەوای گەلەکەیدا تەرخان کردووە، ئامادەیە لەو رێگایەدا گەورەترین سەرمایەی ژیانی کە گیانی شیرینیەتی پێشکەش بکات. پێشمەرگە لە سەرما و سۆڵەی سەختی زستان و گەرمای تاقەت پڕووکێنی هاوین دا دوور لە ئازیزان و کەس و کار و خۆشەویستانی بێ ئەوەی ساتێک هەست بە ماندوویی بکا ئەرکی شۆڕشگێڕی خوی ئەنجام دەدا.

ئەرکی پێشمەرگە بریتی‌یە لە خەبات بەدژی ستەم و چەوسانەوەو ملهووری و زۆرداریی، بۆیە نموونەی ئازایەتیی، نموونەی پاکی وسەداقەتە، نموونەی خوو و رەوشتی شۆڕشگێڕانەیە، نموونەی ڕاستگۆیی و وەفاداری‌یە بە گەل و نیشتمانی. دڵی دەریای ئەوین و خۆشەویستی‌یە، خۆشەویستی کوردستان. پێشمەرگە کۆڵەکەی هەرە بەهێزی بزووتنەوەی رەوای گەل و هێمای خۆڕاگری‌یە. پێشمەرگە هەر لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای پارێزگاری کردن لە ماف و ئازادی‌یەکانی گەل دروست بووەو ژیان و خەبات و ژینی ئاوێتەی ژیان و خەباتی خەڵک بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێرەدا دەڵێین کە بە دوای دامەزرانی سوپای میللیی کوردستان، ڕۆڵەی چەک بەدەست و شۆڕشگێڕی کورد کە لە سەردەمی کوماری کوردستانەوە، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی بۆ هەڵبژێردراوە هەموو کاتێک و لە هەموو جێگایەک لە قۆناغە سەختەکانی خەبات دا، چ ئەو کات کە کۆنترۆڵی شارەکانی بەدەستەوە بوو، چ لە خەباتی شاخ دا و چ لە بەندی خانەکانی داگیرکەرانی کوردوستان دا لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان داوە، نموونەی ئازایەتی بووە، بە تایبەت هەم لە ساڵەکانی **٤٦-٤٧** و هەم دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەکاتی شەڕی **٣** مانگە و ئازاد کردنی شار و گوندەکانی کوردستان و هەم لە دوای هێرشی دووهەمی هێزەکانی ڕێژیم لە بەهاری **١٣٥٩** بەدواوە، کەسایەتی شۆڕشگێڕی خۆی بە هەموو گەلانی ئێران و شۆڕشگێڕانی وڵاتانیتر نیشان دا، بوو بە چەقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی.

پێشمەرگەی کوردستان هەم لە قۆناغی شەڕی جبهەیی و هەم لە قۆناغی شەڕی پارتیزانیدا لێ هاتوویی سیاسی و فیکری، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی ئینسانی دا، سەلماندوویەتی کە گیانی خۆی بەخت دەکا بۆ ئەوەی ئینسانییەت و حەق و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی وەدی بێ، بە هەزاران پێشمەرگەی قارەمان و بەوەج لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان شەهید بوون و بە خوێنی گەش و ئاڵیان داری ئازادییان ئاو داوە. پێشمەرگەی

## پێشمەرگە و خەڵك وەك ئاو و ماسی وان، پێشمەرگە بێ خەڵك مانای نیە، چونكە پێشمەرگە ڕۆڵەی خەڵكە بۆ رزگاری خەڵكی كوردستان دەستی داوەتە چەكو خەبات دەكا

کورستان ئەگەر دوێنێ هەڵۆی کەژی چیای بەرزی وڵات بوو، بە شریخەی کەڵاشینکۆفی دەستی و گرمەی ئاڕ پی جی سەرشانی پەردەی شەوەزنگی بێ دەنگی دەدڕاند و خەوی لە چاوی داگیرکەران زڕاندبوو، ئەوکات کە لە قەسری شیرین تا سەڵماس مەیدانی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە بوو، بن هەر دار و دەوەنێک، بن هەر تاشە بەرد و ئەشکەوتێک، بەر دەرگای هەر ماڵێک و سەر هەر چەم و خڕ و شیوێک لەم کوردستانە شیرینە سەنگەری پێشمەرگە بوو. لە بەرانبەر هێرشی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیمی داگیرکەردا لە بەرانبەر دەبابە، تۆپ و کاتیۆشا، لە بەرانبەر فڕۆکە و ناپاڵم دا، بەڵام چەکی دەستی پێشمەرگەش هەر کلاشینکۆفی دەست و، فیشەکدانی قەد و نانە ڕەقەی نێو کۆڵەپشتی و چەند کلۆ قەند و هێندێک پێ خۆر و کیسە خەوەکەی بوو. بەڵام لەو شەڕە نابەرابەرانەدا ئاخۆ ڕێژیم زەفەری بە ورەو ئیمانی پۆڵاینی پێشمەرگە دەبرد، نا هەرگیز! بێ گومان تانک و تۆپ و کاتیۆشای ڕێژیم لە بەرانبەر بڕوا و ئیمانی ئەو کۆڵ نەدەرانەدا هیچ مانای نەبوو. پێشمەرگە پشتی بە خەڵکی کوردستان، چەکی دەستی و کێوە بەرزەکانی کوردستان قایم بوو.

دیارە هەموو کات پێشمەرگە و خەڵک وەک ئاو و ماسی وان، پێشمەرگە بێ خەڵک مانای نیە، چونکە پێشمەرگە ڕۆڵەی خەڵکە، بۆ رزگاری خەڵکی کوردستان دەستی داوەتە چەکو خەبات دەکا. ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ؟ ئەرێ بەڕاستی پێشمەرگەی دوێنێ و پێشمەرگەی ئەوڕۆ جیاوازییان لە



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چی دایە؟!

بە بڕوای من پێشمەرگەی ئەوڕۆ و دوێنێ هیچ جیاوازی‌یەکیان نیە، پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیە و ئەو خۆڕاگری و بڕوا و ئیمانە هەر لە جێگای خۆیەتی و ئەو خۆشەویستی و متمانەش قەت نابڕێ. چونکە پێشمەرگە کوڕی خەڵکە و لە ناخی کۆمەڵگای کوردەواری هاتۆتەدەرێ و لە پێناو سەربەستی و بەختەوەریی گەل و ڕزگاریی نیشتمانەکەی‌دا گیان بەخت دەکا. ئەگەر هەل و مەرجەکە وەک پێشوو ڕێگا بدا و بتوانێ بچێتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵک و بە کردەوە لە ناوچەدا بێ هەر ئەو کوڕ و کچە بە هەڵمەت و ئازاو قارەمان و بە دەست و بوردانەی دوێنێن و هیچ جیاوازی-یەکیان نیە. هەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەوە قۆناغ و میتۆد و شێوەی خەباتە گۆڕاوە، لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بە لەبەر چاوگرتنی هەل و مەرجی ئێستای خەباتمان زۆر لە جاران قورسترە، چونکە پێشتر بە هۆی ئەو فشارو زەخت و زۆری‌یەی کە دوژمن بۆ پێشمەرگەی هێنابوو، یانی ڕۆژە سەختەکانی خەبات ئەو کاتەی تەنووری خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان نێڵەی دەهات، پێشمەرگە یان کاتی خۆ پێ گەیاندنی فیکری و خوێندنەوەی هەر نەبووە یان ئەگەر هەشی بووە زۆر کەم بوو، بەشی هەرە زۆری کاتی بە خەباتی توندو تیژی چەکداری تێپەر دەکرد، بەڵام بە گوێرەی ئەو هەل و مەرجەی ئێستای خەبات کە پێشمەرگە ڕێگا و ئیمکانی چوونەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیە و ڕێگای پێ نادرێ، لەو قۆناغەدا هەل و کاتێکی زۆری لە بەردەست دایە بۆ خۆ پەروەردە کردن و خۆ پێ گەیاندن هەم لە بواری فیکریی و هەم لە بواری کردەوەدا.

ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە پێشمەرگە دەبێ بە دەستێکی چەک هەڵگرێ و بە دەستەکەی دیکەی پێنووس. دەبێ مێشکی پڕ بێ لە تیئوری و زانستیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەبەر ڕوشنایی ئەو زانست و تیئۆریانەدا

## پێشمەرگە دەبێ بە دەستێکی چەك هەڵگرێو بە دەستەکەی دیکەی پێنووس. دەبێ مێشکی پڕ بێ لە تیئۆریو زانستیی سیاسیو کۆمەڵایەتی

بەرەوڕوویی خەباتێکی نوێ ببێتەوە. زۆر جار هێندیک لە هاوڕێ پێشمەرگەکان دەڵێن ئێمە بێ کارین و نازانین چ بکەین؟ هاوڕێ گیان، لەو قۆناغەی ئێستای خەباتدا کاری پێشمەرگە چیە؟ کاری پێشمەرگە پاچ و پیمەڕەکاریی نیە و ئێرە شیرکەت و بازاڕی کاریابیش نیە. بەڵکوو دەبێ ئەو ڕاستی‌یە قەبووڵ بکەین کە پێشمەرگە وازی لە ژیانی ئاسایی هیناوەو بۆتە ئینسانێکی سیاسی، بەکردوە هاتۆتە نێو گوڕەپانی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی. کە بوو بە پێشمەرگە دەبێتە سەرمایەی گەل و ڕۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان، گەل چاویی لێ‌یەتی. لەو قۆناغەی خەباتدا نەک بێ کار نیە، بەڵکوو کاری گەلێک زۆرە ئەویش بە خوێندنەوەی کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامەکان، گوێ گرتن لە هەواڵی تلویزیۆنەکان و ئەو فیلمانەی کە لە بواری سیاسی و ئەمنیەتی‌یەوە لایەنی ڕاهێنانیان هەیە. لە لایەکی دیکەش بە نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی، شێعر و پەخشان بەرەبەرە خۆی بۆ دوارۆژ پەروەردە بکا. پێشمەرگە کە دەستی بە چەک موسەلەح بێ، دەبێ مێشکیشی بە تیئۆری موسەلەح بێ. ئەرکی سەرشانیەتی کە ڕۆژ بە ڕۆژ پلەی زانیاری خۆی لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و

کلاسیکی دا بەرێتە سەر.

بە وەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستی‌یە، ئەگەر دوێنێ بە هۆی ناچاری تەنیا ڕێگای خەباتی پێشمەرگە، بەرگریی قارەمانانە بوو و بە لۆژیکی چەک بەرەنگاری دوژمنانی ئازادیی و مرۆڤایەتی دەبۆوە، شێوەی خەباتەکە تاک ڕەهەندی بوو. ئێستا دەبێ بیر لە خەباتێکی فرە ڕەهەندی بکاتەوە لە هەموو مێتۆدەکانی دیکەی خەباتیش وەک خەباتی مەدەنی، خەباتی سیاسی و خەباتی ساحە لیگاڵ کەڵک وەرگرێ. بەتایبەت کە ئێستا لە سەرەتاکانی هەزارەی سێهەمدا دەژین پێشمەرگە دەبێ بە دیالۆگ و چەکی لۆژیکەوە بێتە نێو گۆڕەپانەوەو بە داگیرکەرانی بسەلمێنێ کە لە دوژمنایەتی‌دا لە شمشێری تیژ بە بڕشت‌ترەو لە دۆستایەتی‌دا لە مێو نەرمترەو دڵی هێلانەی ئاشتیی و مروڤایەتی‌یە و ڕقی لە خوێن ڕشتنە، بەڵام پاش هەمووی ئەوانە ئەو خەباتە چەکدارانەی ئێمە خەباتێکی نەخوازراو بوو، بەڵام خەباتێکی ڕەوایە لە هەست و شعووری بەرزی نەتەوەیی سەرچاوە دەگرێ. بۆ نموونە ئێستا کە لە باشووری کوردستان حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک هاتووە ئاکامی خەباتی بەردەوامی پێشمەرگەیە، ئاکامی ئەو هەموو ئاوارەیی و ڕاوەدوونان و زیندانەیە. هەموو ئەوانە ڕیشە لە ڕابردوو دایە. هیچ شتێک هەر لە خۆوە بۆ خۆی پێک نایە.

بە بڕوای من خەباتی ڕابردوومان جێگای شانازی‌یە و نەسڵەکانی داهاتوومان شانازی بە فیداکاریی پێشمەرگەوە دەکەن، بە ڕۆمان و دراما لە زانکۆکانی کوردستان بە وانە دەگوترێنەوە. خەباتی ئێمە نەک هەڵە نەبوو، بەڵکو ئەو خەباتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌و حەیسییەتی نەتەوەیەک بوو، دەبێ ئەو ڕاستی‌یە قەبووڵ بکەین کە کورد نەتەوەیەکی خاوەن خاک، زمان، فەرهەنگ‌و مێژووی خۆیەتی، ئەوەش کەتمان ناکرێ‌و وەدەست هێنانی هەمووی ئەوانەش خەبات‌و ماندووبوونی دەوێ.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ژیاننامەی بەشێک لە شەهیدانی یەکیەتی لاوان

ئا. لاوان

((نازانم کاروانی تەمەنم تاکوێ بڕ دەکا بەڵام تا هەبم بۆ نەمانی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان تێ دەکۆشم.
"شەهید ڕەحمان سۆفی زادە"

**ڕەحمان سۆفی زادە**

ڕەحمان سۆفی زادە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی شاری پیرانشار لە دایک بوو بە هۆگریەوە دەرسی خوێندو بڕوانامەی دیپلوومی وەدەست هێنا. هەستی ئازادیخوازی بوو بە هەوێنی ژیانی و بەرەوسەنگەری دیفاع لە نەتەوە زوڵم لێ کراوەکەی پاڵی پێوەنا ڕێبازی دێموکراتی هەڵبژاردو تێکۆشانی لە ریزی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە وەئەستۆ گرت. دامەزرێنەری یەکیەتیی لاوانی پیرانشار لە یەکەم ساڵەکانی دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ دابوو، وەک بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە پیرانشار وەک ئەندامی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان نەخشێکی گەورەی لە ناساندنی یەکیەتیی لاوان‌و لە تێگەیاندن‌و پەروەردە کردنی لاوانی دیموکڕات دابوو. شەهید ڕەحمان ئینسانێکی تێگەیشتوو و کادرێکی سازماندەر، پێشمەرگەیەکی ئازاو لاوێکی بەتوانا لە بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و هونەری دابوو. وەختو کاتی بۆ حەسانەوە نەدەزانی لە ئاکامی ئەو تایبەتمەندیە شۆڕشگێڕانەیەدا بوو کە لە ریزەکانی حیزبیش دا بە شیاوی پێ سپاردنی زۆر ئەرک‌و بەرپرسایەتی گرینگ دەزاندرا. هەر بۆیە لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی رەبەت هەڵبژێردرا.

لە ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە جانداران لە دەرگیریەکی نابەرامبەردا لەگەڵ هێزە داگیر کەرەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا شەهید دەبێ.

بەداخەوە شەختەی ناوەختی مەرگ زۆر زوو باغچەی پڕ گوڵی ژاکاندو هەموو ئاوات‌و خولیاکانی لەگەڵ خۆی‌دا وەبن گڵ کەوتن.

ئێستاش کە باس لە خۆش ئەخلاقی‌و توانایی‌و زانایی دەکرێ شەهید ڕەحمان سوفی زادە دێتە بیر هاورێ یانی حیزبی‌و یەکیەتیی لاوان. ((سڵاو لە یادو ناوی))

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەهید وەستا ئەحمەد کوهگەرد

ئەحمەد کوهگەرد ساڵی **١٣٤١**ی هەتاوی لە بنماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری بۆکان چاوی بۆ ژیان کردەوە. بە هۆی دەست کورتی بنەماڵەکەی لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن دا ماڵ ئاوایی لە خوێندنگە خواستو شانی دایە بەرکارو کاسبی، باری نالەباری ژیانو زوڵمو زۆری کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی وەستا ئەحمەدیان بەرەو سەنگەری دیفاع لە مانی نەتەوە ستەم لێ کراوەکەی پاڵ پێوەنا.

وەستا ئەحمەد لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانو دوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی **١٣٥٨** لە ڕێکخراوەی یەکیەتی لاوانی دیموکرات دا تێکۆشانی دەست پێکردو بە هۆی ئیمانی قووڵی بە ڕێبازەکەی ساڵی **١٣٥٩** وەک ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتی لاوان هەڵبژێردرا.

پاشان لە ڕیزی تێکۆشەرانی هێزی بەیاندا ئەرکی پێشمەرگایەتی وەئەستۆ گرتو لێبڕاوانە شانی دایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی.

وەستا ئەحمەد بە دوای داگیرکردنی شاری بۆکان، لە ساڵی **١٣٦٠** لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندیەوە بە هۆی هۆگریو ئیستعدادێک کە بە کاری نیزامیو پێشمەرگایەتی هەیبوو چووە هێزی بەیان، ئەو شەهیدە بە نرخە لە سەنگەرەوە دەستی پێکردو بە بەرپرسایەتییە نیزامییەکانی لە فەرماندەری پەل ـ فەرماندەری لک ـ جێگری فەرماندەری هێزو سەرپەرستی هێزی وەئەستۆ گرتن. ساڵی **١٣٦٧** لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە بە فەرماندەری هێزی بەیانو ئەندامی هیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانی بۆکان دیاری کرا.

وەستا ئەحمەد خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچەکانی بۆکانو مهاباد بوو بۆ هەر ئاوایەک چووبا خەڵکی بەپیرەوە دەچوونو هاوکاریان دەکرد لە ڕێنوێنیو ئامۆژگاریەکانی کەڵکیان وەردەگرت فەرماندەیەکی شارەزا لەهاتوو و خاوەن ئیرادەی شۆڕشگێڕانە بوو قارەمانەتیو خۆشەویستی وەستا ئەحمەد لەناو کۆمەڵانی خەڵکیدا دوژمنی وەلەرزە دێناو لە هەر کۆیەک ناوی هاتبا دوژمن چۆکی دەشکا.

ئێوارەی **١٧** ڕەزبەری **٦٧**ی هەتاوی کاتێک لە لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەکان دەچووە گوندی "قاقلاوە" کەوتنە بەردەستڕێژی هێزە پەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامی کە پێشتر کەمینیان بۆ دانابوونو وەستا ئەحمەد لە یەکەم دەستڕێژ دا بریندار بوو، بەڵام ئەو تێکۆشەرە بە بیروباوەڕە وەری بەرنەداو بە فەرماندەیی ئەو کەمینەکەیان شکاندو سەرەنجام بەهۆی کاری بوونی برینەکەی دووبارە لەسەر شانی هاوسنگەرەکەیەوە جارێکی دیکە گولەی وەبەردەکەوێو لە ئاکام دا بۆ هەمیشە چاوەکانی لەسەریەک داناو ماڵاوایی لە خەڵکەکەیو نیشتمانەکەی کردو ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی خواستو ئێستاش دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر شەهید بوونی ئەو نەمرە دا شۆڕە لاوانی خەڵکی بۆکان بە یادوو بیرەوەری ئەو فەرماندە خۆشەویستەوە دێنە ناو کاروانی خەباتو لاوان بە ئومیدەوە دەڕواننە بیروباوەڕی وەستا ئەحمەدەکانو درێژە بە خەباتی ئەوان دەدەن.

## شەهید حەسەن پوورخزری

حەسەن پورخزری ساڵی **١٣٣٣**ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی (ینسیلیان) سەر بە شاری نەغەدە لە دایک بوو و تا شەشی سەرەتایی درێژەی بە خوێندن داوە، دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی **١٣٥٨**دا دێتە ناو ڕێکخراوەی لاوانو درێژە بە تێکۆشانی خۆی لە ناو ئەم ڕێکخراوە دەدا لە ساڵی **١٣٦٠** لە کۆنفرانسی لاوانی شاری نەغەدەدا بە ئەندامی بەڕێوەبەری لاوانی شارستانی نەغەدە هەڵدەبژێردرێو تا ساڵی **٦١**ی هەتاوی لەسەر داوای خۆی نەقڵی کومیتەی شارستانی نەغەدە دەکرێ و ساڵی **١٣٦٢**ی هەتاوی بەشداری دەورەی کادر دەبێت کە لە گوندی سەرباخچەی بۆکان ئەم دەورەیە بەڕێوە دەچێ. کاک



حەسەن بە هۆی دەنگ خۆشیو هۆگری بەکاری هونەری لە ساڵی **١٣٦٣** دا دەچێتە کۆڕی هونەری حیزب و بەشی موزیکی پێ دەسپێردرێ ساڵی **١٣٦٥**ی هەتاوی لەگەڵ حەلیمە ئیسماعیا زادە کە کچە هاوسنگەرێکی خۆی دەبێ ژیانی هاوسەری پێک دێنێو ئاکامی ئەم ژیانە هاوبەشە کوڕێکی جوانی بە ناوی (ئاکام) لێ کەوتەوە) کاک حەسەن کەسێکی عەلاقەمەند بە هونەر بوو هەر زۆر زوو سرودە شۆڕشگێڕەکانی لە سەر رادیو دەنگی کوردستان بڵاو کرایەوە. بەداخەوە ڕۆژی **١٣**ی بەفرانباری **١٣٦٦** بە هۆی هێرشی هەوایی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران حەسەن پوورخزری بە توندی بریندار دەبێت و دوای چەند ساتێک هەر ئەو ڕۆژە شەهید دەبێ و کوره بچکۆلانەکەی دوای چەند مانگ لە دایک بوون بۆ هەمیشە لە وتنی باوکی بێ بەش دەبێ ئەگەرچی شەهید حەسەن لەناو ئێمە دا نەماوە بەڵام ئێستاش سرودە شۆڕشگێڕەکانی لە کوردکاناڵو رادیو دەنگی کوردستان دەبێتە هاندەرێک تا لاوانی کوردستان درێژە بە ڕێگای پڕ لە شانازی ئەم شەهیدە بەنەرخە بدەنەوە.

دواتر ئاکامی کوڕیشی ڕێگای باوکی بەرنەداو ئێستاش بەرپرسی کومیتەی لاوان لە وڵاتی نوروێژە. یادی شەهید حەسەن پورخزری بەرزو بەرێز بێ و ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی بەردەوام بێت.

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشمەرگە



***

هەڵۆی سەر شاخی هەڵگوردو گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی بازو لالەی نێو چرو بەستێنە پێشمەرگە
سەری قەڵغانە بۆ مافی ڕەوای گەل گیان لە پێناوە
نەوەی کاوەی فیداکارەو قەڵا ڕووخێنەر پێشمەرگە
شەمی سەرچاکی هیوایە و چرای ڕێبازی ڕزگاری
نموونەی هەڵمەتو هێرش، حەماسە و خوێنە پێشمەرگە
لە پێناوی گەلی کورددا دژی بێدادی هەستاوە
بە گوللەی گەرمو گڕداری بەڵا سووتێنە پێشمەرگە
لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە گیانی خۆی لە پێ ناوە
هیوای دوارۆژو پشتیوان و تۆڵە ستێنە پێشمەرگە
دەسەلمێنێ حەقانییەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی ڕۆژی ڕزگاری، زوڵم تارێنە پێشمەرگە
گوڕ و تینی بەهێز و باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خوێنە پێشمەرگە
دەروون خاوێن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەداڵەت ویستو خاوەن عەقڵو هەست بزوێنە پێشمەرگە
بەسام و هەیبەتە، ساحەب ئیرادەو سەمبولی شۆڕش
لە ڕۆژی ترس و تەنگانە ڕەقیب تۆقێنە پێشمەرگە
لە کاتی هێرشی دوژمن قەڵای بەرز و نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە تێك قرمێنە پێشمەرگە
بە هێزی باسکی قەڵتو بڕ دەکا زنجیری بێدادی
دە با هەستین لە ئامێزی گرین کوردینە پێشمەرگە
وەکوو پرشنگی خۆری ڕۆژی ڕزگاریی سەیر کەن چۆن
گەڕێنی ڕەوڕەوەی مێژوو حەماسە نوێنە پێشمەرگە
دەهەستن ریز گرن لەو ڕۆژە پیرۆزە کە پێویستە
لە ڕێی قوربانی دانێن چونکە کێو لەرزێنە پێشمەرگە
لە مێژووی شۆڕشا وەك تاقانە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن ڕێکخەری شۆڕش، ڕەوت بزوێنە پێشمەرگە
ئەگەر بێت و بە دیدەی دڵ لە بۆی بڕوانی لێت ڕوونە
لە چاوی دوژمنا دڕکە و، چیا خەملێنە پێشمەرگە

ئەحمەد قادری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بژی پێشمەرگە

**بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە**

سەید قادر ئەحمەدی (کرمانج)*

**کاکی پێشمەرگە جەژنت پیرۆز بێ — پێشەکی لەخۆت لە گەل و هۆزت بێ**
**ئەمڕۆکە جەژنی لەدایك بوونتە — ناوی پیرۆزت لە تاریخ سەبتە**
**نەك هەر من بڵێم دونیا دەزانێ — لە شایەك پرسە تاكوو گاوانێ**
**بەعام دەڵێن بژی پێشمەرگە — دوژمن لە ئاستان ژیانی مەرگە**
**ئەمڕۆکە ناوەکەت رەمزی جیهانە — لای دۆست و دوژمن زۆر چاك عەیانە**
**قەدری لێ بگرە ناوت پیرۆزە — جێگای شانازی بۆ گەل و هۆزە**
**لێك بە عام دەڵێن بژی پێشمەرگە — دوژمن لە ئاستت ژیانی مەرگە**
**کاکی پێسمەرگەی بێکەسی لە شان — بۆ مافی گەلت هاتوویتە مەیدان**
**قەدری لێ بگرە ناوەکەت جوانە — زکری زوبانی خاس و عامانە**
**نەکەی لەنگی کەی بێ هۆ و بەهانە — مەست و سەرخۆش بی لەناو کۆڵانا**
**سوپاس بۆ ئەو کەسەی ناوی لێ ناوی — ناوت پیرۆزە دوور لە بەد ناوی**
**منیش هەر دەڵێم بژی پێشمەرگە — دوژمن لە ئاستا ژیانی مەرگە**
**باپیرە گەورەم ناوی لێ ناوی — قەدری بزانە هەتاکوو ماوی**
**سلاو لە خۆت بێ، لە چەکی شانت — قوربان نەعرەتەی عەرسەی مەیدانت**
**نەترسای لە تۆپ، کۆپتەر، تەیارە — حەماسەی بەور ئاسات هەر یادگارە**
**لەبیرت نەچێ قارنێ و قەلاتان — چاوەڕێی تۆڵەن نەوەی شەهیدان**
**لە خاتردا بێ یادی قەرە گۆل — قورئان و مەلاش کەوتنە بەر شەپۆل**
**هەر بە تۆ دەڵێن کاکی پێشمەرگە — دوژمن لە ئاستا ژیانی مەرگە**
**پێشێل کردنی کۆمار مەهاباد — لە ٢١ی سەرماوەز دا هات**
**داخی گرانم، داخی گران بوو — هۆی زۆڵە کورد بوو وا لە دەستمان چوو**
**لاوان کوڕ و کچ لەبیرتان نەچێ — داخی گران بوو قەت لە یاد نەچێ**
**جەژنی پێشمەرگە لە ٢٦دا — مژدەی ئازادی بۆ گەلمان هێنا**
**کرمانجیش دەڵێ بژی پێشمەرگە — دوژمن لە ئاستا ژیانی مەرگە**

*پێشمەرگەی دێرین و بە وەفای کوردستان کە زیاتر لە سێ دەیە خەباتی کردووە هەنووکەش لە کاروانی لە بڕان نەهاتووی خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادی بەردەوامە.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین

ن: قادر وریا



## حەسەن زوودی
## فەڕ(چەوساوە)

دوانیوەڕۆی درەنگی ٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ بوو. یەکێک لە پێشمەرگەکانی بنکەی "مەمەلیان" لە بنکەی یەکیەتیی لاوان لە مەحمەشە وەژوور کەوت و مزگێنیدا بە حەسەن دایکی بۆ سەردانی هاتووەو ئەوە لە مەمەلیان چاوەڕوانیەتی.

تووبا خانم کە دوای مردنی باوک، جێگای باوکیشی بۆ حەسەن پڕ کردبۆوە، لە لای کوڕەکەی زۆر خۆشەویست بوو. هاتنی دایکی لەو بەرەبەرەی نەورۆزەدا بۆ حەسەن هەواڵێکی خۆش بوو. بە پەلە خۆی گورج کردو چەک و ڕەختەکەی بەست و ماڵئاوایی لە هاوڕێیان خواست. ڕێگای نێوان مەحمەشە ـــ چەقەڵ مستەفا و مەمەلیانی بە گوتنەوەی بە هێمنیی گۆرانییەکانی عومەر دزەیی ـــ کە پێش وەڕێ کەوتن، لەگەڵ هاوڕێیانی گوێی بۆ ڕاگرتبوو ـ بە هەنگاوی خۆش بڕی.

چەند سەعاتێک لە دیدارو دانیشتنی لەگەڵ دایکی ڕانەبردبوو کە هەواڵیان هێنا، دوژمن لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا، لە چەند بەرەوە هێرشی کردوە بۆ سەر ناوچەکانی سندووسی خوارێ و شارویرانی سەروو. حەسەنیش وێڕای پێشمەرگەکانی لکی شەهید جەلالی هێزی ئەفشین لەوێ وەدەرکەوت و لە باغەکانی نێوان خەلیفەلیان، چەقەڵ مستەفا و مەمەلیان دامەزران. لەگەڵ داهاتنی ڕۆژ، دەرکەوت هێرشەکە زۆر لەوە بەرینترە کە ئەوان چاوەڕوانیان دەکرد، بەڵام تازە بڕیاری خۆیان دابوو ئەم ناوچەیە نەدەبوو بە هاسانی بکەوێتە دەست دوژمن. دەبوایە هێرشکەران بەسەر تەرمی ئەواندا ڕەت بن و نرخی ئەو پێشڕەوییەیان بدەن.

ژمارەیەکی سی چل کەسی پێشمەرگە لە مەیدانێکی تەسک دا، لە بەری بەیانییەوە تا نیوەڕۆ لە چەند بەرەو لە هەر بەرەیەی لە بەرانبەر هێرشی سەدان کەس دا کە پەیتا پەیتا هێزی یارمەتیدەریشیان بۆ





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهات، راوەستان و شەڕیان کرد. ئەوان بەڵێنەکەی خۆیان بە نرخێکی گران بردە سەرو، دەستیان لە دوژمن وەشاند، بەڵام زیاتر لە دە کەسیش لەوان لەم حەماسە خولقێنی‌یەدا شەهید بوون، حەسەن زوودی فەڕ پێشمەرگەی قارەمان و لاوی بە بیروباوەڕی دێموکڕات یەک لەوان بوو.

نزیک بە ٢٨ ساڵ لەو کارەساتە رابردووە، بەڵام ناوی حەسەن زوودی فەڕ(حەسەن چەوساوە) و هاوڕێیانی شەهیدی لە بیرەوەری رێبوارانی رێگاکەیاندا هەروا بە نەمری ماونەوە. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان بنکەی پێشمەرگە لە ناوچەی سندووس بە تابلۆی ئەو شەهیدانە دەرازانەوە کە حەسەنی خاوەن بەهرەو ئۆگری نیگارکێشی دەی کێشانەوە، ئەمڕۆ وێنەی خۆی لە بنکە و ناوەندی تێکۆشانی لاوانی دێموکڕات دا وەک نموونەی لاوێکی شۆڕشگێڕ و بە بیرو باوەڕو ئۆلگووی تێکۆشەرانی دێموکڕات سەرنج رادەکێشێ:

**هەزاران لاوی ئەم خاکە**
**بەسەر بەرزی لە شوێنت**
**دێن**
**بەرەو مەیدانی حەق سەندن**
**وەفاداران بە خوێنت دێن**

* * *

**لە تۆ فێر بوونە تێکۆشان،**
**خەبات و گیان بەخت**
**کردن،**
**لە تۆ فێر بوونە نەسرەوتن،**
**لە پێناوی گەلا مردن**

* * *



## بەشێک لە وتە بە نرخەکانی شەهید د. قاسملوو لەسەر پێشمەرگە

**پێشمەرگە ئەو ئینسانە واقعیەیە کە لە پێناوی بەختیاریو رزگاری گەلو نیشتمانی دا لە هەموو کۆشش و ئاسودەییەکی ژیان گوزەراوەو لە زستانی سارد و هاوینی گەرمدا دوور لە ماڵ و منداڵ و کەس و کاری لە سەنگەری شەرەف و پیاوەتیدا ژیان بەسەر دەبات. پێشمەرگە ئەو رۆڵە بە ئەمەگەی خەڵکە کە هەموو سەرمایەی ژیانی بە سەخاوەتەوە لە خزمەتی ئامانجەکانی گەل دا وەکار خستوە بێ ئەوەی لەو ریگایەدا چاوی لە حقووق و پاداش و تەنانەت سپاسێکیش بێت.**

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ "ئاکام پوورخزری" بەرپرسی کومیتەی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی نۆروێژ

دیمانە: سەردەشت کوردستانی



## ئاکام پوورخزری: دەتوانم بڵێم کە چالاکترین کومیتەی لاوان لە دەرەوەی وڵات کومیتەی نۆروێژە.

**لاوان**: **کاك ئاکام سەرەتا پێمان خۆشە لە زمان خۆتەوە خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری لاوان بناسێنی؟**

**ئاکام پوورخزری**: من ئاکام پوور خزری ٢٣ ساڵم تەمەنە. خۆم منداڵی حیزبمو هەر لە نێو حیزب دا لە دایک بووم. دایکو بابم پێشمەرگەی حیزب بوون و بابم ساڵی ١٩٨٧ شەهید بوو کە ناوی "حەسەن پوور خزری" بوو. پێنج ساڵە لە وڵاتی نۆروێژ دەژیمو ئێستا خەریکی خوێندنو کار کردنم.

**لاوان**: **پێوەندیتان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نۆروێژ چۆنە؟**

**ئاکام پوورخزری**: بە گشتی لەو دوو ساڵەی دواییدا پێوەندی‌یەکانمان باشتر بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە توانیمان یەکیەتیی لاوان بکەینە ئەندام لە ڕێکخراوی لاوانی نۆروێژ (LNU) توانیمان پێوەندیمان لە گەڵ زۆر ڕێکخراوی دیکە ببێتەوە وەکوو ڕێکخراوی فریفرۆرنت frifront ، و توانیمان ببینە ئەندامی UN و هەروەها ئەندامی لاوانی یەکیەتیی ئورووپا. لێرەدا جێگای خۆیەتی کە سپاسی کاك شۆڕش ئۆستادی بکەم کە زەحمەتی زۆری لەو کارانەدا کێشاوە.

**لاوان**: **کار و چالاکی‌یەکانتان لە چ ئاستێك دان؟**

**ئاکام پوورخزری**: لە بواری کارو چالاکی‌دا توانیومانە زۆر باش و چالاک بین. دوایین کومیتەی لاوان کە دوو ساڵ لەمەوبەر هەڵبژێردرا، بڕیارماندا کە لە بواری ماڵی‌دا پشتیوانێکی باش بۆ خۆمان دروست بکەین، چونکە لەو وڵاتانەدا تا لە بواری ماڵی‌یەوە باش نەبی ناتوانی چالاکی بکەی و کومیتەکانی پێشووشمان هەر لەو بوارەوە لاواز بوو. جا بۆیە ئەو دوو ساڵە زیاتر گرینگیمان داوە بە دروست کردنی پیشتیوانی‌یەکی ماڵی کە توانیمان زۆر بە باشی سەربکەوین. بە شێوەیەکی زۆر باش کارو چالاکیمان هەبووە لە وڵاتی نۆروێژ بە یارمەتی لاوەکان و هەروەها کومیتەی حیزبیش زۆری یارمەتی داوین کە جێگای خۆیەتی سپاسی ئەندامانی لاوان و کومیتەی حیزبیش بکەم. ئێستا بە شەهامت و بوێری‌یەوە دەتوانم بڵێم کە چالاکترین کومیتەی لاوان کومیتەی نۆروێژە. هەروەها توانیومانە ئەوەندەی لە دەستمان دا بووە یارمەتی لاوانی کوردستانیش بکەین.

**لاوان**: **لە کارەکانتان دا تاکوو ئێستا ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە؟**

**ئاکام پوورخزری**: لەسەدا سەد تووشی زۆر کێشە بووین. گەورەترین کێشەمان

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




دووری کومیتەکانی نۆڕوێژە لە یەکتری. چونکە نۆڕوێژ وڵاتێکی زۆر دوورو دریژە، تاقمێک لە ئەندامەکانمان مەودایەکی زۆریان هەیە لەگەڵ کومیتەی بەڕێوەبەری کە زۆر جار ناتوانن بەشداری بکەن لە کارو چالاکی‌یەکاندا. کێشەیەکی دیکە کە هەمان بووە ساردی ئەندامەکان یان بەشداری نەکردنیان لە کارو چالاکی‌یەکان بووە. ئەویش هەندێکیان بە هۆی دەرس‌و کار کردنیان و هەندێکیشیان بە هۆی کەم کاری-یەوە بووە، بەڵام بە یارمەتی کومیتەی حیزب و بنەماڵەکانیان توانیومانە تا رادەیەک ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام ئێستاش زۆر جار ئەو کێشەیەمان هەیە.

**لاوان: لە پێوەندی لەگەڵ ناساندنی دۆزی کوردانی رۆژهەڵات بە رێکخراوە نۆڕوێژیەکان تاکوو ئێستا چ هەوڵێکتان داوە؟**

**ئاکام پوورخزری:** بەڵێ هەوڵێکی زۆر دراوە. ئێمە وەک یەکیەتیی لاوان لە زۆر مەراسمی کلتووری بە هەڵپەڕکێ، جل و بەرگی کوردی، موزیکی کوردی بۆ ناساندنی کلتوورو نەریتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانیومانە لە زۆر سمیناری رێکخراوە نۆڕوێژیەکان‌دا بەشداری بکەین‌و دەردو مەینەتی نەتەوەی کوردیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ بگەیەنین.

> **ئاکام پوور خزری:**
> **ئێمە وەك یەکیەتیی لاوان لە زۆر مەراسمی کلتووری بە هەڵپەڕکێ، جل و بەرگی کوردی، موزیکی کوردی بۆ ناساندنی کلتوور و نەریتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان توانیومانە لە زۆر سمیناری رێکخراوە نۆڕوێژیەکان دا بەشداری بکەین**

**لاوان: ماڵپەڕی لاوانی نۆڕوێژ زۆر چالاك نیە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئاکام پوورخزری:** ماڵپەڕی لاوانی نۆڕوێژ www.lawankurd.no ماوەیەکی زۆر بوو چالاک نەبوو، بەڵام ئێستا ئەو ماڵپەڕە داخراوەو ئێمە ماڵپەڕێکی نوێمان کردۆتەوە بە ناوی (www.yeketilawan.com) و کار دەکەین کە زۆریش چالاکە. دیارە بابەتەکانی ئەو ماڵپەڕە بە زمانی نۆڕوێژی‌یە، بەڵام هەر لە ماڵپەڕەکەدا بەشێکی بۆ وەرگێڕان تێدایە کە دەتوانرێ بە چل زمان وەری گێڕێتەوە.

**لاوان: سپاست دەکەین و هیواداریـن کە لە کارەکانتاندا سەرکەوتوو بن.**

**ئاکام پوورخزری:** منیش سپاسی ئێوە دەکەم و هیوادارم هەمیشە لە کارو چالاکی‌یەکانتان دا سەرکەوتوو بن‌و بتوانین بە یارمەتی یەکتر رێکخراوەکەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان و پیوەندیان بە شارستانیەتەوە



وریا
ساڵح زادە



هەمدیسان ئەمساڵیش لەگەڵ نزیک بوونەوەی **٢٥**ی نۆڤێمبێر ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان شایەتحاڵی دەیان و سەدان کارەساتی ناخۆشتر لە ساڵەکانی‌تر بووین کە دەرحەق بە مافەکانی ژنان هاتنە ئەنجام دان. بەداخەوە ئەمساڵیش کارنامەی ڕیکخراوە مەدەنی‌یەکان و NGOکانی تایبەت بە ژنان پر بوو لە بابەتەکانی خۆ سووتاندن‌و خۆ کوژی‌و کوشتنیان لە لایەن پیاوانەوەو هێرش کردنە سەر کەرامەت و کەسایەتیان‌و لە چاو ساڵانی ڕابردوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی بەخۆوە دیی، بەڵام وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە کە ئاخۆ ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان کەم تەرخەم بوون یان کۆمەڵگا بەرەو توندوتیژی زیاتر هەنگاوی ناوە، کەمیک قورس و ئەستەمە. ئەوەی لێرەدا روونە دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان زیاتر پێوەندی بە جیهانی بوون و بە شێوەیەکی زۆر خێرا تیکەڵ بوونی نەریت و کلتوورەکانی ڕۆژئاوایە لەگەل وڵاتانی جیهانی سێهەم یان ڕۆژهەڵاتەوە هەیە، چونکە ئاوێتەبوونی کلتوورگەلێک لە شارستانیەتێکی جیاوازەوە بە ئایین و زمانێکی جیاوازەوەو هەروەها نەبوونی فیلتەرێک لە لایەن کلتووری خانەخوێ، جۆرێک لە کارەسات دەخوڵقێنێ و کۆمەڵگایەک کە تازە خەریکە لە بواری فەرهەنگی‌یەوە گەشە دەکا، تووشی جۆرێک لە تێ نەگەیشتن دەبێ و گۆمەڵگا زیاتر بەرەو توندوتیژی هان دەدا. بەڵام ئەوەی زۆر جێگای پرسیارە ئەو هەموو زوڵم و چەوساندنەوەیە کە بەرامبەر بە دایک و خوشک و هاوسەرانمان ئەنجام دەدرێ کەچی وێڕای ئەمەش هەر سوور و بەردەوامین کە لەگەڵیان دا بژین و بەیەکەوە بین! دەکرێ ئەمە یەکێک لە بێ واتاترین پرسیارەکان بێ کە دەوری ئێمەیان داوە.

نووسەری گەورەو بەناوبانگ "نیکۆس کازانتزاکیس" لە یەکێک لە یادداشتەکانی‌دا دەنووسێ: "لە ڕاستی‌دا ئەگەر دڵی دلۆڤانی ژن نەبوایە ئەوە خودا هەتا هەتایە پیاوی لە نێو گۆر دەنا"، چونکە رزگاری ئێمە بە تاڵێک دەزووەوە بەندە، رزگاری ئێمە بە هاواری ئەڤینەوە بەندە، کەواتە "نیکۆس کازانتزاکیس" پێی وایە ئەوە ئەڤینی ژنە رووحی پیاو لە کۆت و بەندەکانی ژیان رزگار دەکا و بە ئەڤین دەوڵەمەندی دەکات، چونکە پێی وایە ئەڤین دەتوانێ رووحی مرۆڤەکان لە ترس و مەرگ رزگار بکا.

ئەرکی ژن بە گشتی زۆر لە هی پیاو

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قورسترەو کەشێکی دەروونی ئارامی پێویستە بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکان، کەواتە خۆدانان لە جێگەی ژن و بیرکردنەوە بە جێگەی ئەو تەنیا بە ژن بوون دەکرێ بێتە دی. هەتاکوو لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا گوێ ڕایەڵ کردنی ژنان ئەرکێکی هەنووکەیی بێ، منداڵەکانیشمان بە کوڕ و کچەوە گوێ ڕایەڵ بار دێن و خۆشمان کە زادەی ئەم ژنانەیین گوێ ڕایەڵی سەروەرانمان دەبین و لە خۆبوون دەردەچین. گوێ ڕایەڵی مرۆڤ بەرەو نەزانی و دواوەوە دەباتەوەو نوقمی ناکارامەیی دەکا و لە هزرەکانی خۆی دووری دەخاتەوەو وای لێ دەکا کە خۆی لە ئەقڵ و جەستەی کەسیکی تردا بدۆزێتەوەو لەگەڵ مردنی ئەو بمرێ‌و لەگەڵ ژیانیشی بژی. ئەو زوڵم و ستەمکاریانەی کە لە نێو کۆمەڵ دا جارو بار خۆیان دەردەخەن دەکرێ بڵێین هەموو نەریتی ئێمە نیە و لە کلتووری نەتەوەکانی دەوروبەرمان دزەی کردۆتە نێو ئێمە، چونکە بە گشتی کەسایەتی ژن لە نێو کورددا رووبەندی نیە و لە نێو پیاوان دا

**لە ڕاستی‌دا ئەگەر دڵی دلۆڤانی ژن نەبوایە ئەوە خودا هەتا هەتایە پیاوی لە نێو گۆڕ دەنا. چونکە رزگاری ئێمە بە تاڵێك دەزووەوە بەندە، رزگاری ئێمە بە هاواری ئەڤینەوە بەندە**

هەڵ دەستێ و دادەنیشێ و لە گفتوگۆکانی ڕۆژانەدا قسەی خۆی دەکا و فەرهەنگێکی زۆر جیاوازی لە فەرهەنگی پیاوان نیە، ژن لە نێو کوردیش دا تا رادەیەک کەسایەتی بێ گیروگرفتی خۆی هەیە، بۆ وێنە ئەگەر ژنێک بە هۆی زیرەکی و وشیاری‌یەوە یان بە هۆی جوانی و ئازایەتی‌یەوە ناو و ناوبانگێکی دەرکردبێ، ئەوا کوڕەکانی بە ناوی ئەوەوە بانگ دەکرێن. لێرەدا مانای وانیە کە دڵمان بەم شتانە خۆش بێ و رازی بین، بە پێچەوانەوە پێویستە زۆریش ناڕازی بین لە هەمبەر مانەوەی ژن لە کونجی ماڵەکان دا و نەهاتنە دەرەوەیان و بەشداری نەکردنیان لە کۆڕ و کۆمەڵەکان دا و هاو بیری و هاوبەشی نەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەریان.

لەسەر ئەو بڕوایەم رادەی پێشکەوتنی هەر وڵات و کۆمەڵگایەک بەندە بە پێشکەوتن‌و لێ هاتوویی ژنەکانیانەوە، بە بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک ئەگەر ژن ئازاد نەبێ و خاوەنی خۆی نەبێ، نە کۆمەڵگا ئازادەو نە خاوەنداریەتی لە خۆشی دەکا، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی ئێستا لەدایک دەبن و من و تۆ دڵمان پێ‌یان خۆشە، لە ژێر دەستی ژناندا پەروەردە دەبن و پێشکەشی کۆمەڵگا دەکرێن. ئەگەر ئەو ژنەی من و تۆ ڕێگەی بەرەو پێش چوونی لێ دەگرین‌و مەودای بیر کردنەوەو ئازادی‌یەکانی بەرتەسک دەکەینەوە، چۆن دەکرێ نەوەیەک بەرهەم بێنێ کە ئەم نەوەیە باسی ئازادی و ئازایەتی و داهێنان و بوێری بۆ نەوەکانی تری بکات. کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە ئازادی کۆمەڵگا بەندە بە ئازادی ژنانەوە، شارستانییەت و پێشکەوتن بەندە بەبیر کردنەوەی ژنەکانمان. تا ژنانی کۆمەڵگاکەمان سەربەست نەبن لە بیرکردنەوە، داهێنان، خوێندن، کارکردن، دەربڕین‌و قسە کردن‌و ....هتد، دەستەبەر

**هەتاکوو لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا گوێ ڕایەڵ کردنی ژنان ئەرکێکی هەنووکەیی بێ، منداڵەکانیشمان بە کوڕ و کچەوە گوێ ڕایەڵ بار دێن و خۆشمان کە زادەی ئەم ژنانەیین گوێ ڕایەڵی سەروەرانمان دەبین و لە خۆبوون دەردەچین**

بوونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سەربەست و سەردەمیانە هاتنە دیی گرانە، کەواتە وا پێویست دەکا پرسی ژنان بە پرسێکی هەستیار سەیر بکرێ و گرینگی‌یەکی تایبەت بە تواناکانیان بدرێ و کار بۆ بە توانا بوونیان بکرێ، چونکە ناکرێ خۆمان بدزینەوە لە پەیوەست بوونی ژنان بە شارستانیەتی کۆمەڵگاکانەوە.

لە کۆتاییدا منیش وەک تاکێکی کۆمەڵگاکەم ئاواتە خوازم کە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبێری ئەمساڵ ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی بە دژی ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان‌و ئێران بە تایبەتی و هیوا خوازم کە ژنان بۆ خۆیان لەو پێناوەدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن‌و چاونەترسانە بێنە مەیدان.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




www.lawan.com

# ڕۆژی خوێندکار، ڕۆژی فەخروشانازی بۆ کۆماری ئیسلامی یاخود ڕۆژی ترس و نەهامەتی



سۆهراب ڕەحمەتی*

هەموو ساڵێک ڕاگەیەنەکان و بڵاوکراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە بەرەبەری **١٦**ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکاردا، پروپاگەندەیەکی زۆر و پێناسەیەکی پڕ بە پیت، بەڵام ڕووکەشانە بۆ خوێندکار و ڕۆژی خوێندکار بڵاو دەکەنەوەو بزووتنەوەی خوێندکاری بە خەباتێکی ڕەوا و کاریگەر لە ئاستی ئێران و جیهان ئەژمار دەکەن. ئەمە لە کاتێک دایە کە بە دەیان و سەدان خوێندکار و چالاکی مەدەنی و لاوانی جیابیر و ڕووناکبیر لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا لە ژێر ئەشکەنجە دان و لە سێدارە دەدرێن. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی خوێندکار بە ڕۆژی سەرکەوتن و شانازی پێناسە دەکەن یان ترس و دڵەڕاوکێ ناچاریان دەکا پەنا ببەنە بەر ئەم پێدا هەڵگوتنە رووکەشانە؟!

بۆ وێنە، لە لێدوانی وتەبێژی کۆمیسیونی ئاموزش و لێکۆڵینەوەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی (عەلی ڕەزا سەلیمی) لە ڕۆژی **١٤**ی سەرماوەزی ئەمساڵدا، لە پیوەندی لەگەڵ ڕۆژی خوێندکار و ڕۆڵی خوێندکار لە معادڵاتی سیاسی ئیران دا گوتی: "خوێندکاران وەکوو توێژێکی کاراو چالاک لە هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ئێراندا ڕۆڵی شایستە و بەر چاویان هەیە و لە کاتی خۆیدا بەرەنگاری گشت پەلامارو هێرشەکان بوونەتەوە کە لە دژی کۆماری ئیسلامی و دەستکەوتەکانی ڕوویان داوە". هەر لەم پیوەندی‌یەدا دەڵێ: "کە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای ئامانجەکانی ئیمام خومەینی پێک هاتووەو لە لایەن ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ڕێبەری دەکرێ و ئاماژەی بەوەش دا کە لەم دەیەی ڕابردوودا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە".

جێگەی ئاماژەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە بزووتنەوەی خوێندکاری بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی تەواو لە ڕێژیم و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دوورکەوتۆتەوە و پاڵی بە کۆمەڵگای ناڕازی و بەرهەڵستکاری ڕێژیمەوە داوەو بۆتە هۆکارێک بۆ دەربڕینی سکاڵاکانی خەڵکی ئێران و پێشێل کردنی ماف و حقووقە گشتیی و ڕەواکانی گەل، لە قاودان دەدەن و جێگەی دڵ خۆشی‌یە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

● ●

**کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە بزووتنەوەی خوێندکاری بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و بە شێوەیەکی تەواو لە ڕێژیم و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دوورکەوتۆتەوە و پاڵی بە کۆمەڵگای ناڕازی و بەرهەڵستکاری ڕێژیمەوە داوە**

● ●

کە توێژی روناکبیری خوێندکاران و مامۆستایان و لاوانی خوێن گەرم ئاگادارن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەی هەوێ بەم جۆرە پێدا هەڵگوتنانە کەڵکی ئامرازی لە لاوان و خوێندکاران وەرگرن و سیمایەکی تا رادەیەک یەکگرتووی کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا وێنا بکات، ئەگینا گشت جیابیرو چالاکانی مەدەنی‌و خوێندکاری بە ڕوانینێکی ئەمنییەتی‌یەوە چاویان لێ دەکرێ و بەردەوام لە ژێر چاوەدێری هێزە ئەمنییەتی‌یەکان دان.

ئەگەر بە کورتی ئاماژە بە ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە جەریانی دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا بکەین دەبینین کە خوێندکاران لە زوربەی شارو زانکۆکانی ئێران دا دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆڕ و مەرگ بۆ خامەنەیی"یان بەرز دەکردەوە. گشت گیری‌و جۆراوجۆری بزووتنەوەکە بە شێوەیەک بوو کە کەمینە ئایینی‌و نەتەوەکانیشی لەخۆ گرتبوو کە بەها گەلێکی وەک زیندانی و ئەشکەنجە و ئازار و تەنانەت لە سێدارەدانی کردە بنەمای دێموکڕاسی خوازی لە ئێران.

لە ١٦ی سەرماوەزی ئەمساڵیش دا خوێندکارانی‌ڕۆشنبیری کورد لە زانکۆ و شارەکانی کوردستان کەمپەینێکیان لە ژێر ناوی "دانانی قوتابخانە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پێک هێنا کە دژکردەوەی زۆری کاربەدەستانی ڕێژیمی لێ کەوتەوەو گشت مامۆستاکانیان ئاگادار کردەوە کە قسە کردن بە کوردی و شی کردنەوەی وانە بە کوردی قەدەغەیە. بەم هۆیەوە مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنەی لێ کەوتەوە کە داواکاری جێبەجێ کردنی بەندی (١٥)ی یاسای بنەڕەتی ئێرانیان کردوە کە دەڵێ: "خوێندن و نووسین لە ناوەندە فێرکاریەکان بە زاراوەی ناوچەیی ئازادو ئاسایی‌یە".

لێرەدا ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەزییەت و ئازاری خەڵک و پێشێل کردنی ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگە، تەنانەت یاسای بنەڕەتی کە خۆیان دایان ناوە، پێشێل دەکا.

ئەنجامەکان وا وێنا دەکەن کە بزووتنەوەی خوێندکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەباتێکی بە ئیرادەو پتەو دەخاتە گەڕو بیری دێموکڕاسی خوازی لە ناخی خوێندکاران دا ریشەی داکوتاوەو بە نەهێشتنی کۆسپەکانی بەردەم دێموکڕاسی، هەوڵ دەدەن بۆ گۆڕینی




سیستمی حکوومەتی ئێران بۆ سیستمەمێکی دێموکڕاتیک کە خوازیاری گشت نەتەوەکان بێ لە ئێران.

بۆیە ترس و دڵەڕاوکێ لە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وای کردووە بە چووکەترین جم و جۆڵێک، زانکۆکان پڕ دەکەن لە هێزە سیخورە ئەمنییەتی‌یەکان و دەیان هەوێ دەنگی جیابیران کپ بکەن و سەرکوتیان بکەن و خۆیان لە کەش و هەوایەکی تەواو سازماندراودا و بە هێنانی کەسانی سەر بە ڕێژیم لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز واتە ڕۆژی خوێندکار، جێژن دەگرن و ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی پیرۆز چاو لێ دەکەن و نیشانی دەرەوەی دەدەن.

*خوێندکاری ساڵی یەکەمی یاسا لە زانکۆی کۆیە

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵاتن، کۆچ یان وەرچەرخانی مێشکەکان؟

و: شلێر مەحموودی

جارێکی‌تر لە ئێراندا باس و لێدوان سەبارەت بە دیاردەی "هەڵاتنی مێشکەکان" و وڵات جێ هێشتن بەرەو زیادبوون چۆوە. گرووپێک هەر وەک سالانی ڕابردوو لە دەرەنجامە نەرێنی‌یەکانی هەڵاتنی مێشکەکان وشیاریان دا و لە بەرامبەر ژمارەیەک لە پیاوانی دەوڵەت کە بە خوێندنەوەیەکی خۆشبینانە نکوڵی کەری کۆچی هێزێکی پسپۆڕ و تایبەتین، بوونی وەها دیاردەیەک بە لانی کەمەوە لە مەودایەک دا دوور دەخەنەوە. "کامران دانشجو" وەزیری زانست، لێکۆڵینەوەو داهێنان، بە لەقەڵەم دانی ئاماری پێشینی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کۆچی هێزێکی ئینسانی کارامە و لێهاتووی ئێران دەڵێ: "ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە ئێراندا هەڵاتنی مێشکەکانمان نیە و دووبارە کردنەوەی ئەم دەستەواژەیە لە لایەن کەسانێکەوە، تۆمەتێکە بە کۆمەڵگایەکی هزرمەند". ( مهر، ٨ خەزەڵوەری ١٣٨٩). جێگری زانکۆیی وەزیری زانست، بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هەڵاتنی مێشکەکان ناونیشانێکی بەتاڵ لە زانست و لۆژیکە، دەڵێ: "وەرچەرخانی مێشکەکان و وەرچەرخانی زانستمان هەیە و پێویستیشە بمان بێ، بەڵام تاقمێک دەڵێن، ئێوە (وەزارەتی زانست) هەل و مەرجێکتان ڕەخساندووە کە کەسانێک بۆ درێژەدانی خوێندن بۆ دەرەوە دەچن، دەست پێشخەری هەڵاتن دەکەن". (مهر، ١١ خەزەڵوەری ١٣٨٩).

**واتای هەڵاتنی مێشکەکان:**

دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هاتە ئاراوەو گۆشەنیگایەکی جیهانی هەیە و تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا خۆ نابینێتەوە. ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە ئینگلیستان و لە پێوەندی لە گەڵ کۆچێکی زۆری هێزی پسپۆڕی ئەم وڵاتە بەرەو کانەدا هاتە گۆڕێ. لە ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا، دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان لە گۆشەنیگای نێودەوڵەتی‌یەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو تیشکی خرایە سەر. هەڵاتنی مێشکەکان لەم باس و گفتوگۆیانەدا بریتی بوون لە کۆچی بژاردەکانی زانستی و فەرهەنگی و هەروەها هێزە پسپۆڕەکانی "خوێندکارانی خوێندنی باڵا" لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتانی وەرگر. باسی ئەم دیاردەیە لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا لە ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکانی وەکوو یونسکۆ دەستی پێ کرد و لە نێوان ئێرانی‌یەکانیش دا کەسانێکی وەک "احسان نراقی" ڕۆڵێکی کاریگەری لە داڕشتنی دا گێڕا. لەو کات دا ئاماژە بە زیانە قەرەبوونەکراوەکانی ئەم دیاردەیە بۆ گەشەپێدانی وڵاتانی باشووری لە حاڵی گەشەکردن دا دەکرا و ئەدەبیاتی ڕەخنەگرانە لە ناوەندە زانستی‌یە مرۆڤایەتی‌یەکانەوە سەبارەت بە هەڵاتنی مێشکەکان زیاتر ئاماژە بە نایەکسانی‌یەکی دووچەندانە کە لەم بوارەوە تووشی کۆمەڵگا هەژارەکان دەبۆوە، دەکرا. زۆرێک لە خوێندکارانی زانکۆی وڵاتانی تازە گەشە کردوو کە بۆ درێژەدانی خوێندن بۆ وڵاتانی گەشەکردوو دەچوون، نەدەگەڕانەوە وڵاتی خۆیان یان ماوەیەک دوای گەڕانەوەیان دووبارە ملی ڕێگای ئەورووپا یان ئەمریکای باکووریان دەگرتەوە. دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان پێوەندی بە کرداری دوولایەنەی هاوکاتی هۆکارگەلێکی جۆراوجۆر لە وڵاتی کۆچبەر ( هۆکارەکانی بەربەست یان نەرێنی) و وڵاتی وەرگرەوە( هۆکارە کێش کەرەکان) بوو. لە توێژینەوە نێودەوڵەتی‌یەکان دا ئاماژە بە چوار گرووپ لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی زۆربوونی دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان لە وڵاتانی کۆچبەرەوە کراوە وەک: هۆکارەکانی ئابوری و بارودۆخی بازاڕی کار و داهات، هۆکاری سیاسی لە پێوەندی لە گەڵ نەبوونی سەقامگیری و یان تەوژمەکان و ناجێگیری سیاسی، هۆکارە کلتووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان، هۆکارە زانستی و زانکۆییەکان بۆوێنە کەمی کەل و پەلی لێکۆڵینەوە و ڕاهێنان. لەبەرامبەردا بارودۆخی لەبار و سیاسەتەکانی ڕاکێشانی هێزی ئینسانی کارا و لێهاتوو لە وڵاتانی وەرگری کۆچبەر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دیاردەی کۆچ کردن دا بووە.



لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا بە جیهانی بوون

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاتر لە بازاڕی کار و تایبەتی بوون، ڕۆڵی نوێی زانست و کارامەیی زانستی و فەننی لە ئابووری یان پەرەپێدانی داهێنانی زانیاری، پەیوەندییەکی نوێی داوە بە دیاردەی کۆچ کردنەوە. ئەمڕۆ بە سەرنج دان بەو گرینگی‌یەی کە هێزی ئینسانی هەیەتی، جۆرێک شەڕی ڕاستەقینە لە ئاستی جیهانی بە سەر مێشکەکان دا هەیە و هیچ وڵاتێک لە باکوور و باشوور لێی پارێزراو نیە.

**لێکۆڵینەوەیەکی کۆنی دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان:**

لە ئێراندا دامەزرانی زانکۆکانی بژاردەخواز بە مەیلی توێژینەوەوە (وەکو زانکۆی پیشەیی ئاریامهر کە دوای شۆڕش ناویان نا شەریف) یان ناوەندەکانی توێژینەوەیی وەکوو ناوەندی پزیشکی شاهەنشاهی (زانکۆی زانستیی پزیشکی کە ڕۆژی ٨ خەزەڵوەری ئەمساڵ هەڵوەشێنرا و لە زانکۆی تاران و بەهێشتی تێکەڵ کران و کردیاننە یەک) کە لەگەڵ زانکۆکانی جیهاندا کاریان دەکرد، لە وێنەی ئەو هەوڵانە بوون کە پانتایی هەڵاتنی مێشکەکان کەم بکەنەوە. لە گەڵ ئەوەی دا کە ئەم هەوڵانە لە کاتی خۆیدا ئەرێنی و زۆر باش بوون، بەڵام بە هۆی بوونی کۆمەڵێک هۆکاری سەلبی و نەرێنی نەیان توانی بە تەنیایی ببنە ڕێگر لە بەردەم ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی کۆچ بۆ ئەمریکا و ئەوروپا.

لە سەردەمی دوای شۆڕشی **١٣٥٧**ی هەتاویدا کۆچی بژاردەکان و یان هێزی مرۆیی خوێندەوار لە ئێراندا ڕەهەندێکی نوێی بە خۆیەوە گرت. فۆڕم گرتنی ئەو ژمارە زۆرە کەمایەتی‌یە ئێرانیانە لە ئەمریکا، کانەدا، وڵاتانی ئورووپایی و یان ئۆستورالیایی و وڵاتانی کەنداوی فارس ئاکامی چوونە دەرەوەی ئێرانی‌یە خوێندەوار و بژاردە زانستی و فەرهەنگی‌یەکان لە وڵات و یان نەگەڕانەوەی خوێندکارە ئێرانی‌یەکان بۆ وڵات بووە. هەرچەند لێک جیاکردنەوەو هەڵاواردنی ئاماری سەربە هێزە پسپۆڕ و تایبەتەکان لە نێو کۆچبەران لە ئاستی

**ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی کۆنی هەڵاتنی مێشکەکانی زیاتر سەرنج ڕاکێش کردووە، ئەو گۆڕانکاری‌یە جیددی‌یانەن کە ئەم دیاردەیەی لە ئاستی جیهانی‌دا تێپەڕی کردووەو تێپەڕی دەکا**

●●

نێودەوڵەی‌دا کارێکی ساکار نیە، بەڵام ئەو ئامارانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری و یان سندووقی دراوی نێودەوڵەتی‌یەوە بڵاو دەکرێنەوە، هەموویان باس لەو ژمارە زۆرە ئێرانیانە دەکەن کە بۆ وڵاتانی ئەمریکای باکوور و ئورووپا دەچن. ئاوێتەی حەشیمەتی کۆچ کردووی ئێران بە هۆی سیاسەت گەلێکی هەڵبژێردراوی زۆرێک لە وڵاتان زیاتر گرووپە خوێندەوارەکان لەخۆ دەگرێ.

ئێران، دۆڕاوی شەڕی مێشکەکان:

ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی کۆنی هەڵاتنی مێشکەکانی زیاتر سەرنج ڕاکێش کردووە، ئەو گۆڕانکاری‌یە جیددی‌یانەن کە ئەم دیاردەیەی لە ئاستی جیهانی‌دا تێپەڕی کردووەو تێپەڕی دەکا. ئەگەر لە ساڵەکانی **١٩٦٠** تا **١٩٧٠**دا باسی هەڵاتنی مێشکەکان زیاتر پێوەندی بە کۆچی یەک لایەنەی گرووپە خوێندەوار و بژاردە زانستی و فەرهەنگی‌یەکان لە وڵاتانی باشوورەوە بۆ وڵاتانی باکوور دەخرایە ڕوو، ئەوە لەم دوو دەیەی ڕابردوودا وشەگەلێکی نوێی وەک "گەڕانی مێشکەکان"، "جێ‌گۆڕکێی مێشکەکان" و "گەڕانەوەی مێشکەکان"یش کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

بەکارهێنانی ئەم وشە نوێ‌یانە بە مانای گۆڕانکاری و ئاڵ و گۆڕی بارودۆخ لەمەڕ هەموو وڵاتانەوە وەک یەک نیە، ئامارە نێودەوڵەتی‌یەکان و هەڵ سەنگاندنە مەیدانی‌یەکان دەری دەخەن کە تاقمێک لەو وڵاتانەی کە لە ڕابردوودا بە دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکانەوە سەرقاڵ بوون، بە گۆڕانکاری لەسەرەخۆی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و زانستی ـ توێژینەوەیی لەوەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا کە نە تەنیا لە درێژەی ڕەوتی چوونە دەرەوەی هێزی پسپۆڕ و بژاردە زانستی و فەرهەنگی‌یەکان پێشگیری بکەن، بەڵکوو تاقمێک لەو کەسانەی کە لە وڵاتانی پەناخوازی دونیا سەقامگیر بوون، هانیان بدەن کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان. کۆریای باشوور، شیلی، بەڕازیل و ئەفریقای باشوور لە وێنەی ئەو وڵاتانە بوون. بەم شێوەیە ئەم وڵاتانەی کە لە ڕابردوودا ڕۆڵی دۆڕاویان لە کۆچ کردنی هێزی مرۆیی کارامە و "مێشکەکان"دا یاری کردووە، بوونەتە وڵاتانی براوە. وڵاتانی وەکوو ئێران، پاکستان، جەزائیر و مەراکیشیش کە پێشتر دۆڕاو بوون، ئێستاش هەر بە دۆڕاوی ماونەتەوە. لەم نێوەدا وڵاتی هێند و چین توانیویانە لە پانتایی کۆچ کردن کەم بکەنەوەو بیکەن بە ڕەوتی گەڕانی مێشکەکانی.

خاڵی سەرەکی سەبارەت بە وڵاتانی تازە پێ‌گەیشتوو، گۆڕانکاری‌یە ئەرێنی‌یەکان لەوان دا و لەنێو بردن یان کەم کردنەوەی هۆکارگەلێکی نەرێنی و بەرگێڕەوەیە کە لە ڕابردوودا لە زیادبوونی ڕەوتی هەڵاتنی مێشکەکان دا ڕۆڵیان هەبووە. سەقامگیری دیموکراسی، دەوڵەتی یاسا، ڕەوشی ئابووری، سیاسەتی ڕاکێشانی کۆچبەران و یان زیادبوونی ئیمکاناتی ڕاهێنان و توێژینەوەیی بارودۆخی ئەرێنی بۆ مانەوەی هێزی مرۆیی بەتوانا و کارا یان گەڕانەوەی کەسانێک کە بۆ دەرەوەی وڵات چوون، خۆش دەکا. جگە لە چین لە هەموو وڵاتانی تازە پێ‌گەیشتوودا گەڕانەوەی دیموکراسی و ڕەوشی ئابووری، زانستی و فەرهەنگی، هۆکاری سەرەکی گەڕانەوەی کۆچبەران بووە.

هەرچەند ئاڵ و گۆڕ و گۆڕانکاری ڕەوتی

www.lawan.com



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کۆچبەران بە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی وڵاتانەوە گرێ دراوە، بەڵام هاوکات بۆ خۆی دەبێتە هۆکارگەلێکی ئەرێنی بۆ ڕەوشی ئابووری، گەشەکردنی زانستی و فەرهەنگی. بوونی ئەو کۆچبەرانەی کە لە گەڵ وڵاتەکەی خۆیان دا پێوەندی‌یەکی چالاکیان هەیە و شێوەگەلێکی جۆراوجۆری گەڕانەوە هۆکارێکی نوێی گەرینگن لە گۆڕانکاری‌یە ئابووریی و زانستی وڵاتێکی وەک چین، هێند و برێزیل دا.

**بە کۆتا گەیشتنی "گەڕانی مێشکەکان" لە ئێران دا:**

تا ئەو کاتەی هۆیەکانی بەرگێڕەوەو نەرێنی، دەبێتە هۆی کۆچ کردنی بەربڵاوی

**زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن کەسانێکن کە بەبێ مۆڵەتو زانیاری وەزارەتی زانست چوونە دەرەوە.**

هێزی مرۆیی کارامە و بژاردە زانستیی و فەرهەنگی‌یەکان، قسە کردن لەسەر "گەڕانی مێشکەکان" لە ئێران یان گەڕانەوەیان هەڵە و خەیاڵ پڵاوە. کامەران دانشجو و دەستیارەکانی بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆیان ئاماژە بە گەڕانەوەی ٩٦٪ لەو ١٢٥٠٠ بۆرسەی ڕەوانە کراو لە لایەن وەزارەتی زانستەوە بۆ دەرەوە دەکەن. بەڵام هاوکات ئەوەش ناڵێن کە ئەم بۆرسانە کەمتر لە ٣ لەسەدی تەواوی ئەو خوێندکارانە پێک دێنن کە لە ساڵی ١٣٦٠ بەم لاوە لە ئێران چوونە دەرەوە. زۆرینەی ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن کەسانێکن کە بە بێ مۆڵەت و زانیاری وەزارەتی زانست چوونە دەرەوە. تەنانەت لە نێو ئەو بۆرسیانەی وەزارەتی زانستیشەوە نابێ دڵ بەو ئامارە ڕواڵەتیانە خۆش کەین، چونکە تاقمێکیان بۆ لەدەست نەدانی زەمانەتی ماڵی دەگەڕێنەوە بۆ ئێران و دوای ماوەیەک سەرلەنوێ ڕێگای غەریبایەتی دەگرنەوە.

زیادبوونی ڕێژەی کۆچ کردن لە ئێراندا بە ڕادەیەک گەیشتووە، کە تەنانەت ژمارەیەک لە کاربەدەستانیش بڕوا بە وەزیری زانست و ڕاوێژکارانیشی ناکەن. "غلامعلی حداد عادل" ماوەیەک لە مەوبەر وت بووی: "تاکوو کاتێک یەکسانی‌یەک لە نێوان پەروەردەی هێزی ئینسانی و دامەزراوە توێژینەییەکان دا نەبێ، ژمارەیەک لە بژاردەکان بەرەو دەرەوە کێش دەکرێن". ( ایلنا، ١ی خەرمانانی ١٣٨٩). "محمد حسن دوگانی" جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی ڕاهێنان و توێژینەوەی پەرلەمان، باس لە کۆچی ٦٠ هەزار کەس لە بژاردەکانی وڵات بۆ وێنە ئەو کەسانەی کە لە ئۆلەمپیاتەکانی زانستی‌دا لە ڕیزی باشەکان دا بوون و کەسانی دەستە بژێری کۆنکوری ساڵانی ڕابردوو دەکا کە بۆ خوێندن چوونەتە دەرەوە و نەگەڕاونەتەوە بۆ ئێران. (مهر، ١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٩).

کێشەی سەرەکی لە ئێراندا تەنیا کەمی پانتایی و ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەچنە دەرەوەی وڵات نیە. پەیداکردنی ژمارەو مەزندەی حەشیمەتی ئێرانیانی دەرەوەی وڵات بە پێی کار و ئاستی پسپۆڕیی و جۆری چالاکی کارێکی دژوار نیە. تەنیا ئیرادەی سیاسیی بۆ ئەم کارە پێویستە. کێ دەتوانێ نکۆڵی لە چوونەسەری ڕێک و پێکی ئێرانی‌یەکانی دەرەوەی وڵات بکا. کێ دەتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە لە چوار قوژنەی جیهاندا بژاردەی ئێرانی لێ نیە. ئەگەر لە ڕابردوودا وڵاتانی ئەمریکا و کانادا و ئورووپا تەنیا شوێنی مەبەستی کۆچبەرانی ئێرانی بوو، ئەمڕۆکە وڵاتانی ئاسیایی وەک مالێزی یان وڵاتانی کەنداوی فارس، هێند و تورکیەش بووەتە شوێنی پێوەندی بەشێک لەو ئێرانی یانەی کە نییەتی کۆچ کردنیان هەیە. کێشەی سەرەکی و ڕاستەقینە لە ئێران دا لەسەر تێگەیشتن لە دیاردەی هەڵاتنی مێشکەکان، گرینگی و ڕیشەیابی بابەتیانەی هۆکارەکانە. گەلێ جار وێ دەچێ بۆ تاقمێک لە کاربەدەستەکان کۆچی هێزە خوێندەوارەکان و ئەو بژاردانەی کە لەنێوخۆدا ببنە دەردەسەری، کارێکی زۆر دڵ خوازیش نیە.

ئەوەی دەبێ لە ئێراندا بگۆڕدرێ تێگەیشتن لە ڕۆڵی هێزی مرۆیی لە پەرەپێدان و بارودۆخێکە کە بۆ پاراستنیان لە وڵات دا هەوڵ بدرێ. سەرمایەی ئێران نەوت و گاز و کانزاکانی نیە، بەڵکوو سەرمایەی ڕاستەقینەی وڵاتەکەمان ئەو هێزە مرۆیی‌یەیە کە بە هۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی، فەرهەنگی، ئابووریی و یان زانکۆیی‌یەوە بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ دەکەن.

سەرچاوە:

www.radiofarda.com

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چریکە
## çrîke



گۆشەیەکە کە هەموو ژمارەیەک لە گۆڤارەکەماندا بڵاو دەبێتەوەو هەر جارەش باس لە تەوەرێکی گشتیو تایبەتی دەکاو ''سەید جەلال ساڵحی'' ش دەی نووسێ.

## بۆ برای جوانە مەرگم کاکە سەید جەماڵ



هۆ کاکە جەماڵی ئازیزم!

خۆت دەزانی نە نووسەرم، نە شاعێر و نە پەخشان نووس تا بە ئیشتیا و ئارەزووی دڵ وشانت بۆ ڕیز بکەم و بە بالای جوانت دا هەڵێم، بەڵکوو ئەوەی دەی نووسم لە هەناوێکی گڕکاناوی و دڵێکی بریندار بە کوڵێک بیرەوەری خۆش و شیرینی ئەو سەردەمانەی کە پێکەوە لە باوەشی گەرمی بنماڵەیەکی کوردپەروەر و نیشتمان پەروەری ئایینیدا پەروەردە بووین، دێ!

هۆ برا شیرینەکەم!

ئەدی زێدەکەمان، پیاوێن، ئەو شوێنەی لێی لە دایک بووین و تێیدا گەورە بووین. دەزانی زۆرمان حەز پێ دەکردو پێمان خۆش بوو. لە بیرتە پووری سافی نەنکمان دایکی باپیرە ڕەسووڵ، زۆری خۆش دەویستین! ئەی پوورە مینات لە بیرە کە خواردنێکی بۆ دێنایین تا دایکمان نەهاتایەوە ژووری دەستمان بۆ نەدەبرد!

گەڵۆ ئازیزەکەم!

خۆزگەم بەو ڕۆژانەی نەورۆز کا کە پێکەوە خۆمان ساز دەکردو بەرەو زێدەکەمان ملی ڕێمان دەگرت و ئەو ماوە تەعتیلە هەر لە ماڵی باپیرمانەوە بگرە تا بەشێکی زۆر لە خزم و کەس و کارمان بەسەر دەکردنەوەو سەردانمان دەکردن. لە بیرت دێ کەمتر وەماڵی باپیرمان دەکەوتینەوەو گەلێ جار نەنکە ئامین(دایکی دایکمان) بە شۆخی پێی دەگوتین ئەرێ ڕۆڵە کەی نۆبەی خۆمان دێ دەعوەتتان بکەین خۆ هەر وەماڵ ناکەونەوە ئەوە بەلای ناخێریان هاتووش سەری نەنکیان بدەن کەچی بە چەند ڕۆژ جارێکیش نایەنەوە بۆ لام!

هۆ کاکە جەماڵ گیان!

زۆر دەمێک بە ئاواتەوە بووی کە بێی و برای دوورە وڵاتت زەماوەندێ بکا و لە زەماوەندەکەی‌دا بەشدار بی، پاش زیاتر لە ۱۳ ساڵ دووری و یەکتر نەدیتن ئەو ئاواتەت هێنایە دی و پێک شاد بووینەوە، لە دەس پێکی شادی‌یەکەم دا بەشداریت کرد، بەڵام گیانەکەم بۆچی ڕۆیشتی و لە قۆناغی گواستنەوەش دا بەشدار نەبووی خۆ قەرارمان وا نەبوو، قەرار نەبوو تۆ بڕۆی، چونکە نۆبەی تۆ نەبوو و من برا گەورە بووم و سەرەی من بوو!

بەڵێ برای زێدە شیرینم!

دەزانی کە ئێستا لێم بپرسن خۆشترین ڕۆژی ئەم چەند ساڵەت چ ڕۆژێکە، دەڵێم چی؟

دەڵێم ڕۆژی شەممە ۱۳ی خەرمانانی ۱۳۸۹ی هەتاوی ئەو ڕۆژەی کە لە گەڵ کاک حەسەنی مامە قالە لە کۆیە هاتین بەرەوپیرتەوەو یەکترمان لە ئامێز گرت و هەردووکمان چاومان پڕ بوون لە ئاو. بەڵام خۆزگەم بە ڕۆژی یەک شەممە ۹ی خەزەڵوەری ۱۳۸۹ نەکا کە لە گەراجی پێنجوێن لە سلێمانی یەکترمان لە ئامێز گرت و ماڵاوایمان لە یەکتر خواست و گوتت کاکە گیان گەردنم ئازاد کە نەکا نەت بینمەوە! گیانەکەم ئەوکات دەت زانی ئەوە دوایین دیدارو چاوپێکەوتنمان دەبێ و ئیتر مەرگ مۆڵەت نادا بۆ جارێکی‌تر یەکتر لە ئامێز بگرینەوەو گوێم لە وشەی کاکەت بێتەوە؟!

بەڵام کە لێم بپرسن ناخۆشترین ڕۆژت کامەیە؟!

دەڵێم دوانیوەڕۆی سێ شەممە ۲ی سەرماوەزی ۱۳۸۹ی هەتاوی کاتێک کە کاک حەسەن زەنگی بۆ لێدام و گوتی تا ماڵێ وەرە کارم پێتە، کە چووم هەموویان لە دەوری یەک هاڵابوون، بەڵام پوورە نەجیب چاوی تەڕ بوون. دەست بەجێ دڵم داخورپا و گوتم یاخوا خێر بێ بڵێی بۆچی گریا بێ! ئیتر نەم زانی هەواڵی کۆچی ناوەختی تۆیان پێ داون و منیشیان بۆ ئەوە بانگ کردوە تا مەرگی تۆم پێ بڵێن و بڵێن جەماڵی برات دەست پێشخەری کردو لە مردنەکەدا بۆتە برا گەورەت! بەڵێ ئەو کاتە بوو کە مامە قالە پاش هێندێک قسەکردن گوتی: بەداخەوە ئەمڕۆ کات ژمێر ۲ی پاش نیوەڕۆ جەماڵی برات فەوتی کردوە!

خۆشەویستی خێزان و دوو جگەر گۆشەکەت کاکە جەماڵی ئازیزمان، بەش بە حاڵی خۆم گەردنت خۆش و ئازاد بێ و لە خودای گەورەش دەپاڕێمەوە بە گەنجی خۆتت ببەخشێ و بەهەشت جێگات بێ. منیش تا ماوم هەر دەڵێم:

**ئای خۆزگە ببایە جێگە بۆ سانەوەیەك**  
**لەم ڕێگە دوورە سوور و پێچ دانەوەیەك**  
**سەد خۆزگە لە پاش نەمان وەکوو سەوزە گیا**  
**بکرایە لە گڵ هومێدی هەڵ دانەوەیەك**

***



www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بزووتنەوەی هیپی

و. لە نۆرویژییەوە: ناسر قادرپوور

وردە فەرهەنگی هیپی (بە ئینگلیسی hippie یان hippy) لە بنەڕەت دا، بزووتنەوەیەکی لاوان بوو کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ی زایینی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەستی پێ کردو دواتر لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆوە.

وشەی هیپی (hippie) لە هیپستێر (hipster) وەگیراوەو لە سەرەتادا بۆ ناساندنی ئەو بیتنیکانەی بە کار دەهات کە گواسترابوونەوە بۆ ناوچەی هایت ئاشبێریی سانفرانسیسکۆ. ئەم خەڵکە بایەخێکی زۆر دژە فەرهەنگی بەرەی بیت یان بە میرات پێ گەیشتبوو، ئەنجوومەنی تایبەتی خۆیانیان دروست کردبوو، سایکێدێلیک راکیان گوێ دەگرت، باوەشیان بۆ ڕاپەڕینی سێکسی دەکردەوەو مادە هۆش بەرەکانیان بەکار دەهێنا.

لە ژانویەی ١٩٦٧دا، کۆبوونەوەی Human Be-In کە لە گۆڵدێن گەیت پارکی سانفرانسیسکۆدا بەڕیوە چوو، گەشەیان بە فەرهەنگی هیپی داو ڕێگەی کردەوە بۆ هاوینی ئەوین‌و فێستیڤاڵی وودستۆک .

مۆدو بایەخی هیپی، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر فەرهەنگ، مۆسیقای خەڵک پەسند، تەلەڤیزیۆن، فیلم، ئەدەبیات، و هونەر بووە. لە دەیەی ١٩٦٠ەوە تا ئێستا، زۆر لایەنی فەرهەنگی هیپی لە نێو جەرەیانی سەرەکیی کۆمەڵگادا تواوەتەوەو تێکەڵ بووە. جۆراوجۆریی فەرهەنگی‌و ئایینی کە هیپییەکان بڕوایان پێیەتی، لە لایەن خەڵکێکی زۆرو لە ئاستێکی بەربڵاودا بەسەند کراوەو لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی‌و چەمکەکانی ڕۆحانی هۆگری زۆری پەیدا کردووە. میراتی هیپی لە گەلێک فۆرمی فەرهەنگی بێ ئەژماری هاوچەرخ دا دەبینرێت بۆ وێنە لە خواردەمەنی پاکژەوە تا فێستیڤاڵی مۆسیقی، تا داب‌و نەریتی سێکسی هاوچەرخو تەنانەت تا شۆڕشی فەزای سایبێریش.

سەرچاوە: http://no.wikipedia.org/wiki/Hippie

****

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# كەونە Z

ئا. هەژێرعەبدوڵلاپوور




خوێنەرانی بەڕێز، لەم ژمارەی گۆڤاری لاوانەوە، بە دانانی چەند لاپەڕەیەك لە ژێر ناوی "كەونە Z" هەوڵ دەدەین كە هەر جارەو گۆشەیەك لە نیشتمانی خۆشەویستی كوردستان بە ئێوەی بەڕێز بناسێنین، كە تییدا باس لە ناساندنی پارێزگایەك بە گشتی، یان شارستانێك بە تایبەتمەندی و شوێنەوارە مێژوویی و كەونارەكانییەوە، یان ئاسەوارێكی گرینگی مێژوویی سەردەمانی كۆن و بە گشتی هەر شتێك كە پێوەندیی بە نیشتمانی كوردانەوە هەبێ، دەكەین. بۆ ئەم ژمارەیەش تیشك دەخەینە سەر پارێزگای ئیلام و بە شێوەیەكی گشتی ئەم ئوستانەتان پێ دەناسێنین‌و لە ژمارەكانی داهاتوودا بە شێوەیەكی وردتر باسی ئەو دەڤەرە دەكەین.

## پارێزگای ئیلام




ئەو سەرزەوییەی كە ئێستا بە ئیلام ناودەبردرێ، بەپێی بەڵگە مێژوویی‌یەكان، بەشێك لە وڵاتی عیلامی كەونارا بووە. وڵاتی عیلام نزیكەی ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین هاتۆتەدی و تا ساڵی ٦٤٠ی پێش زایین حوكمڕانی ئەو ناوچەیەی كردوە. لە شارەكانی ئەو وڵاتە دەكرێ ئاماژە بە شووش پێتەختی سەرەكی و ماداكتۆ پێتەختی هاوینی ئەو وڵاتە بكەین. بەپێی دابەشكاریی جوغرافیایی ئەمڕۆ، عیلامی كەونارا سەرزەوییەكانی خووزستان، فارس، ئیلام و هەندێك لە ناوچەكانی پارێزگاكانی بووشەهر، كرماشان، لوڕستان و كوردستانی لەخۆ دەگرت.

پارێزگای ئێستای ئیلام یەكێك لە ناوچە كوردنشینەكانی ئێرانە كە لە خۆراوای ئەو وڵاتە هەڵ كەوتووە. ئەم پارێزگایە بە رووبەری نزیكەی ١٩٠٨٦ كیلۆمیتری چوار گۆشە لە باكوورەوە بە كرماشان، لە باشوورەوە بە خووزستان، لە خۆرهەڵاتەوە بە لوڕستان و لە خۆراواوە بە وڵاتی ئێراقەوە لكاوە. پارێزگای ئیلام بە هۆی كەوتنە نێوان بوڕگە (فلات) ی ئێران و شارستانەتی میزۆپۆتامیاوەو هەروەها هەڵكەوتن لە چوارچێوەی زنجیرە كێوی زاگرۆسەوە لە ناوچە زۆر گرینگەكانی ئێران و تەنانەت جیهانە كە زۆرێك لە لێكۆڵینەوەكانی شوێنەوارناسی ئەم راستییەمان بۆ دەردەخەن.

پارێزگای ئیلام لە باری كەش و هەواوە لەچاو ناوچەكانی دیكەی وڵات تایبەتمەندیی دیار و تایبەت بە خۆی هەیە، بە واتایەكی‌تر، وەرزەكانی ساڵ لەم پارێزگایەدا وەها تێكەڵاو دەبن و تێك دەترنجێن كە ناوچە گەرمێن و كوێستان و فێنكەكانی یەكتری لە ئامێز دەگرن. لە كاتێكدا كە لە ناوچەكانی سەرەوەی پارێزگاكە هەوا ساردەو بەفر كوێستانەكانی داپۆشیوە، هەوای گەرم و سروشتی سەرسەوزی ناوچەكانی خوارەوەی ئەو پارێزگایە گەشتیار و مسافیرانی سروشت بەرەو لای خۆی كەمەندكێش دەكا و ئەم هەرێمە زۆرجار بە هۆی جوانی و دڵڕفێنی سروشتەكەیەوە بە "بووكی زاگرۆس"یش ناودەبرێ. بە كورتی ئەم پارێزگایە لە باری كەش و هەواوە بە سەر سێ ناوچەدا دابەش دەبێ، ناوچەكانی سەرەوەی پارێزگاكە كەش و هەوایەكی كوێستانی و زستانێكی درێژیان لەبەرە، ناوچەكانی ناوەڕاستیش كەش‌و هەوایەكی فێنكیان هەیە و سەرەنجام ناوچەكانی خۆراوا و خوارەوەی ئەم پارێزگایە كەش و هەوایەكی گەرمی هەیە.

**مێژینە:**

سیمای مێژوویی پارێزگای ئیلام تا چەند دەیە لەمەوبەر نەناسراو مابۆوە، بەڵام دواتر بە هۆی دۆزینەوەو تاوتوێی شوێنەوارناسانە





كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لە شووش (پێتەختی ئیلامی کۆن)، دێهلوڕان، مووسیان، دەڕڕەشەهر، هەلیلان، ئەیوان و مێهران و ناوچەکانی‌تری ئەم پارێزگایە ئەنجام دران، بەشێک لە سیمای ڕاستەقینەی ئەم پارێزگایە خرایەڕوو و پێشینەی مێژوویی ئەم ناوچەیە بەپێی



توێژینەوەی شوێنەوارناسانی وەک: "مادام ژان دیۆلافوئا" و پرۆفسۆر "فرانک هول" بۆ زیاتر لە هەشت هەزار ساڵ بەر لە لەدایک بوونی مەسیح دەگەڕێتەوە.

ئەم ناوچەیە لە هەزاران ساڵ لەمەوپێشەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە و تەنانەت لە سەردەمی بەر لە مێژوودا کە ژیان بە شێوەی غارنشینی‌و کۆچەری باو بووەو شتێکی ئەوتۆ لەوبارەوە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام هەندێ لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە لەو سەردەمانەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لەو ناوچەیەدا خەڵک ژیاون، نموونەش بۆ ئەمە ئەو پەناگە و نشیمەن(زیستگاه) بەردینانەن کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆنە بەردینە(پارینە سنگی) کە زیاتر لە دۆڵی "هەلیلان"و تەنگەڵانی "قووچعەلی" و "ئەرغوان شار"ی ئیلامدا هەڵ کەوتوون. لە سەردەمی شۆڕشی نوێ بەردینەش کە تازە ژیانی شارنشینی‌و کشتو کاڵی‌و دەستەمۆکردنی ئاژەڵان دەست پێ‌دەکا، ئاسەوارگەلێکی زۆرو گرینگ لەو پارێزگایەدا بەرچاو دەکەون کە گرینگترینیان تەپۆڵکەی "علی کش" لە دێهلوڕانە.

شارستانەتیی ئیلامی‌یەکان هاوکات لە گەڵ سەردەمی حەوت جۆش(مفرغ) دەست پێ‌دەکا کە بەرچاوترین ئاسەواری ئەو سەردەمە تەپۆلکەی "پتک" لە مووسیان و تەپۆلکەی "تیغن" لە دەڕڕەشەهرە کە ئاسەوارناسان لەو بڕوایەدان تەپۆڵکەی "پتک" هەمان شاری ماداکتۆ پێتەختی ونبووی ئیلامی کەونارایە. گەرچی لە سەردەمانی ماد و هێخامەنشی‌دا، ئیلام بەشێک لەو دوو ئیمپراتۆرە بووە و شارستانەتی ئیلام ڕووی لە کزی کردووە، بەڵام نووسین بە خەتی ئیلامی لە لایەن پاشایانی هێخامەنشی‌یەوە نیشانەی گرینگی تایبەتی ئەم ناوچەیە وەک ناوچەیەکی دیار و گرنگ بووە بە جۆرێک کە زۆربەی لەوحە بەردینەکان سەرەتا بە خەتی ئیلامی دەنووسران‌و پاشان وەردەگێڕدرانە سەر پارسی کۆن. لە کاتی هێرشی عەرەب‌دا ئەم ناوچەیان خستۆتە سەر ویلایەتی کووفە.

لە پارێزگای ئیلام هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی مانگی ژیانی شارنشینی زۆر پەرەی سەندوە کە دواتر بە هۆی هاتنی بوومەلەرزەیەکی بەهێز تەواوی شارە گەورەکانی ئەو پارێزگایە لەناوچوون و ئیتر ئەم شێوە ژیانە زۆر کەم ڕەنگ بۆوەو خەڵک روویان لە ژیانی کۆچەری کرد. لە کتێبەکانی "یاقوت حموی، ابن اپیر، حمدالله مستوفی"و مێژووی تەبەری‌دا باسی ئەو بوومەلەرزەیە کراوە کە تێیدا بیست هەزار کەس لە خەڵکی شاری پرحەشیمەتی سەیمەرە تیاچوون و ئەم شارە بۆ هەمیشە چۆڵ کرا. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە سەدەی چوارەم تا شەشەم حەسنەوییەی کورد لەو ناوچەیەدا حوکمیان کردوە.

لە سەردەمی کەونارادا ناوی ئەو ناوچەیەی کە ئێستا پارێزگای ئیلامی تێدا هەڵ کەوتووە، "ئەریۆجان" بووە. لە سەردەمانی کۆن‌دا، هەر لەو شوێنەی کە شاری ئیلامی ئێستای تێدا هەڵ کەوتووە، شارێک بە ناوی "ڕەدین" هەبووەو دواتر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی واتە والیان، کراوەتە "حسێن ئاوا"و لە ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی ناوی "ئیلام"ی بۆ دانراوە.

### دابەشکاریی لە ئاستی وڵاتدا:

پارێزگای ئیلام لە هەشت شارستان پێک‌دێ کە بریتین لە: ئابدانان، ئیلام، دەڕڕەشەهر، دێهلوڕان، شیراونی چەرداوڵ، مەلەکشاهی و مێهران.

ئیلام تا ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی بەشێک لە پارێزگای کرماشان بووە و هەر لەو ساڵەدا بە پێی دابەشکاریی نەخشەی نوێی پارێزگاکان کرایە پارێزگا و لەم دابەشکارییە نوێیەدا، ناوچەگەلێک لە لوڕستان‌و خووزستان خرانەسەر ئیلام، کە بریتی بوون لە "دەڕڕەشەهر" لە لوڕستان‌و مووسیان سەر بە خووزستان.

### ئابووری:

ئەم پارێزگایە لەباری نەوتەوە دەوڵەمەندەو بە وتەی کاربەدەستانی ڕێژیم ڕۆژانە ١٥٤٠٠٠ بۆشکە نەوتی خاو لە چاڵە نەوتی‌یەکانی دێهلوڕان هەڵدەهێنجرێ‌و بە لوولە بۆ پاڵاوگەکانی باشووری ئێران رادەگوێزرێ! سیاسەتێک کە ڕێژیم بۆ ناوچە کوردی‌یەکانی دیکەی ئێرانیش ڕەچاوی کردووەو بەرهەمی سەرچاوە ژێرزەوی‌یەکانی ئەو ناوچانە دەردەهێنێ‌و بۆ کارخانەو پاڵاوگەکانی ناوەند و باشووری ئێران رایان دەگوازێ و بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی جیدی بۆ دانانی کارخانەی سەنعەتی و بەرهەم هێنان لە ناوچە کوردنشینەکان بدا. ئەم پارێزگایە هەروەها خاوەنی ١١ لەسەدی سەرچاوە گازی‌یەکانی ئێرانە کە دەسەڵاتدارانی ئێران گوایە لەبەر هۆکاری سیاسی‌و ئاسایشی خۆیان تا ئێستا



لە درکاندنی ئاماری ڕاستەقینەی سەرچاوە سروشتی‌یەکان بە گشتی‌و نەوتو گاز بەتایبەتی خۆدەبوێرن! بە کورتی سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی ئەم پارێزگایە لە بواری نەوتو گازو هەروەها بوونی پاڵاوگەی گازو کارخانەی سیمان، بە هۆی سیاسەت و پیلانی دوژمنکارانە و جیاکارانەی ڕێژیم دەرهەق بە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلی کورد بەشی سەنعەتیو بەرهەم هێنان گرینگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوەو لەچاو کشتو کاڵو ئاژەڵداری و خەدەمات پشکێکی زۆر کەمی بۆ خۆی تەرخان کردوە. هەر بۆیە رادەی بێکاری لەم پارێزگایەدا لەسەرێیەو بە وتەی خودی بەرپرسانی رێژیم رێژەی بێکاری لە ساڵی **١٣٨٧**دا سەتا دوازدە بووە کە ئامارە نادەوڵەتییەکان باس لە رێژەیەکی زۆر زیاتری بێکاری لەو پارێزگایەدا دەکەن.

**گەشتیاری:**

ناوچەو شوێنە سەرنج ڕاکێشو شیاوی دیتنەکانی پارێزگای ئیلام بریتین لە: گۆلە ئاوەڵدووانەکانی ئابدانان، قەڵای مێژووی پشت قەڵای ئابدانان کە هی سەردەمی ساسانییەکانە، هەمبارەکانی هەزار دەرگای ئابدانان، ئاتەشگەی ساسانییەکانو تاقی شیرینو فەرهاد لە ئەیوانی خواراوا، تەنگی رازیانە، شاری کەونارای ماداکتو لە دەڕڕەشەهر، ئاتەشگەی چوار تاقی دەڕڕەشەهر، دۆڵی ئەرغوان لە باکووری شاری ئیلام، گۆلی بەنداوی ئیلام و گەرماوەکانی دێهلوڕان.

**گوندەکانی ئیلام:**

پارێزگای ئیلام خاوەنی **٧٥٣** گوندە کە لەوانە تەنیا **٥٦٢** گوند ئاوەدانە و خەڵکی تێدا دەژی و ئەوانی دیکە بە هۆی شەڕی ئێران و ئێراق و کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانەوە کاول و چۆڵ کراوە و هێشتا دانیشتوانەکانی نەگەڕاونەتەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان. هەروەها لە ئاکامی سیاسەتی دوژمنکارانەی رێژیم بۆ لەدواکەوتوویی‌دا هێشتنەوەی دانیشتوانی گوندەکانی ئەو پارێزگایەدا، رادەی خوێندەواری زۆر لە خوارێیەو لە ساڵی **١٣٨٧**دا کەمتر لە سەتا دە بووە.

**حەشیمەت:**

بەپێی سەرژمێری ناوەندی ئاماری ئێران، حەشیمەتی پارێزگای ئیلام لە ساڵی



**١٣٨٥**دا **٥٤٥٧٨٧** کەس بووە کە لەم رێژەیە **٢٧٨٥٦٦** کەس رەگەزی نێرینە و **٢٦٧٢٢١** کەس رەگەزی مێینە بوون. هەر لەو ساڵەدا حەشیمەتی شارنشین لەو پارێزگایەدا **٣٣١٢٣١** کەس بووە.

**زمان و بن زاراوەکان:**

زمانی زۆربەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە کوردییەو زۆربەی هەرە زۆریان سەر بە ئایینزای شیعەنو خەڵکەکەی زیاتر بە بنزاراوەکانی فەیلی (کوردیی ئیلامی)، لەکی، کەلهوڕی‌و لوڕی دەدوێن. بنزاراوەی فەیلی یان کوردیی ئیلامی کە زۆرترین ئاخێوەری لەو پارێزگایەدا هەیە لە شارەکانی ئیلام، مێهران، سەرابلە، بەدرە و بەشی زۆری ناوچەکانی خوارەوەی پارێزگاکە وەک دێهلوڕان، دەڕڕەشەهر، ئابدانانو ناوچەگەلێک لە باشووری کوردستان وەک مەندەلیو خانەقین قسەی پێ دەکرێو خۆی بە بنزاراوەگەلی دیکەی وەک: مەلەکشاهی، خەزەڵی، ئابدانانی، ئیلامی و بەدرەیی دابەش دەبێ. بنزاراوەی "لەکی"ش لە بەشێکی زۆر لە پارێزگاکانی لوڕستان، کرماشان، هەمەدانو هەندێک ناوچەی ئیلام باوە و ئەم بنزاراوەیە هەندێجار بە هەڵە وەک لوڕی یان لقێک لەو دانراوە. کوردی کەلهوڕیش لە کرماشانو ناوچەگەلێک لە پارێزگای ئیلام وەک "ئەیوان"و شیروانی چەرداوڵ پێی دەئاخێونو لەگەڵ بنزاراوەی فەیلی تارادەیەک جیاوازە.

**بیری نەتەوەیی:**

گەرچی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و رزگاری خوازی کورد دەیان ساڵە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی دابین کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئارا دایە، بەڵام مخابن بیری نەتەوەیی و نەتەوەپەروەری لە کوردستانی شیعەنشینو بە تایبەتی لە پارێزگای ئیلام گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی مەزهەبی، جیاوازیی شێوەزار، دووری جوغرافیاییو کەمکاریی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەو بەشە لە کوردستان. هەرچی رێژیمی شا و کۆماری ئیسلامییە هەمیشە لە جیاوازییە مەزهەبییەکان کەڵکیان وەرگرتوە و هەردووک پێکهاتەی کوردی سوننەو شیعەیان بە گژیەکدا کردوەو بە بەردەوامی هەوڵیان داوە کوردە شیعەکان لە بزاڤی سیاسی کوردستان دوور رابگرن و بەداخەوە ئەم سیاسەتە تا ئێستاش درێژەی هەیەو کاریگەریی هەبووە لەسەر دوورکەوتنەوەی کوردەکانی هەرێمی ئیلام و دەوروبەری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی رۆژهەڵاتی کوردستانو مخابن مودێلی بزاڤی سیاسی ناوچە سوننە نشینەکانی ئەو بەشەی کوردستان نەی توانیوە وڵامدەر بێ و تەشنە بستێنێ بۆ ئەو ناوچانە. هەر بۆیە پێویستە بزاڤی سیاسی کورد لەو ناوچەیەدا تەنیا بانگەواز بۆ لاییک بوونو نەتەوەیی بوونی بزووتنەوەکە نەکا، بەڵکوو واباشترە هەڵگری تایبەتمەندیی شوناسی شیعەگەری و خواستەکانی ئەوانیش بێ و نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەم فاکتەرانە پشت گوێ بخرێن و لە ئەنجامی ئەمەش‌دا کوردە شیعەکان خۆیان لە بزووتنەوەکەدا دەبیننەوەو بە هی خۆیانی دەزانن. هەروەها پێویستە لە رووی سیاسیو تەشکیلاتییەوە ئەولەوییەت بەم ناوچەیە بدرێو بەپێی هەلو مەرج و "دۆسییەی تایبەت" مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لە ڕاگەیاندنی کوردیش‌دا بایەخی تایبەتی بەم هەرێمە بدرێو بخرێتە ژێر بۆمبارانی پروپاگەندەی نەتەوەییەوەو هەوڵ بدرێ بە هەموو شێوەیەک کوردانی ئەو ناوچەیە پەلکێشی بزاڤی سیاسی کوردستان بکەن.

❋❋❋

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەونی وەریوی گەڵای



جەمال نەجاری

من تەنیاترین مرۆڤی ئەم زەوییەم
بە دەنگی بایەك وەخەبەر دێم
هەستم لەنێو دەنگی هەناسەکانمدا بزر دەبێ و
باڵ دەگرێ و
دوور دوور دەفڕێ
بە نێو شەقامەکاندا تێکەڵ بە رۆحی پاییزی درەختەکان
دەبێ
لەبەر خۆمەوە گۆرانی شەوانی رابردووی وڵات دەڵێمەوە
ئەویندارانە تا ئاسۆ سەفەر دەکەم
بەژن و باڵای هەموو درەختەکانی سەر رێ ماچ دەکەم
ئێرە دوا وێستگەی نامۆییە لە خۆم و لە من و لە سەفەر
کە دەبارێ
دوورترین بارانیش تەرم دەکات و
ئاسمان بێ رەحمانە بەسەرمدا باڵ دەکێشێ
پێڵاوەکانم دەبەن بەرەو نزیکترین کاکەشان
میدالیای ئەستێرە دەدەم لە سینگم و
وەك دوایین ئیمپراتۆری سەر زەوی گۆرانییەکانی
وڵاتێکی وێران دەڵێمەوە
وەك سپێدە بە نێو رۆحی زەویدا رۆ دەچم
وەك گەڵا باڵ دەگرم بەسەر شانی درەختەکاندا
ئەرخەوانیترین ماچ دەبەخشم بە مێلاقەکانی سەر رێ
ئێرە دوا وێستگەی ماڵئاواییە بۆ من. بۆ خۆم و بۆ سەفەر
هەراسانییەکانم دەبەخشم بە خۆم

خۆم دەبەخشم بە سەفەر
تا وێل بێ بە نێو شەقامی ئێوارە و
تا بەیانی بەدوای خەونەکانی پەرەسێلکەیەکدا بگەرێ
من تەنیاترین مرۆڤی ئەم زەوییەم
هەناسەکانم بۆنی غەریبیان لێ دێ و
دەستەکانم لە گیرفانەکانمدا سەرگەردان بە شوێن یەکدا
دەگەڕێن
قاچەکانم دەبمە ژوانی تەنیاییەکانی شاعیرێك کە منم
کە خۆشەویستی دایك و نیشتیمانی لە جانتایەکدا
هەڵگرت و
دوور کەوتەوە لە خەوی سپی کوترێك
کە ئاوازی غەریبی بە گوێی دا چرپاند.
سینگم پرە لە گۆرانییەکانی وڵاتێکی فەرامۆش کراو
نیگام لە هەمیشە ئاڵۆزتر
بەردەوام بە شوێن خۆمدا دەگەڕێ.
وەك مەل شەرمنانە لە سێبەری هەورێك نزیك دەبمەوە
باڵ دەکێشم بە سەریدا و گۆرانیەکانی وڵاتێکی
سەرگەردانی بۆ دەچرپێنم
کە گەڕامەوە خوار
"من" تەنیاترین مرۆڤی سەر ئەم زەوییەم و
بە شوێن خۆمدا وێڵ وێڵ دەسووڕێمە
لەو دیوی پەنجەرە بایەك دەڵێ هەستە وەرە
دەمبات و دوور دوور دەبمەوە و
ئیتر کەسێك نییە گۆرانییەکانی وڵاتێکی خامۆش بۆ
"خۆم" بگێڕێتەوە.

فەرەنسا - شاری دۆل

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# عیشقی داگیرکەری

داگیرکەری خۆشەویست، ئەم باخە جێ مەهێڵە
مەم دە بە دەستی تۆفان، مەم دە بە دەست ڕهێڵە
مەم دە بە چنگی زریان، با بەرم نەوەرێنێ
شەختە ئەمکاتە باران، بە هەورا ئەم وەرێنێ
تۆبە کەم داگیرکەری، کە ژێردەستت کراوەیە
ئەوان چنگیان بە خوێنەو، تۆ پەنجەت شەکراوەیە
تۆ مەلێکی دڵگری، نەکەی جێم بهێڵی و بڕۆی
ئەگەر عیشقم لە دەستدەی، ئیتر تاهەی ڕەنجەڕۆی
تۆ گەلی خۆشە ویستی، ئەگەرچی داگیرکەری
کۆڵەکەی بۆ لانەکەم، دیواری راگیر کەری
قەت مەڕۆ جێم مەهێڵە، حەزم لە ژێر دەستی‌یە
کە ژێر دەستەی عیشقابم، من چیم بە سەربەستی‌یە
زیندانی دڵی تۆم بێ، چیم داوە لە ئازادی
گەر دڵ و گوڵی تۆم بێ، بۆ چیمە بزەی شادی
دەبا پرچت میلە بن، باوەشت بەندی خانە
رازیم بە بەندی خانان، سەرسینگت ماڵەخانە
تووخوا ئازادم مەکە، لە بەندو لە ژێردەستیت
بمکە چارەگە خەوێك، لە نێو ژیانی مەستیت

هەڵبەست : ئاسۆ خەبات

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆشەویستی لە نێوان کوڕ و کچ دا



ئاگری عەبدوڵڵاپوور



**"ئەوین بریتیيە لە بوونی گیانێك لە دوو جەستەدا، هۆکارێکە کە دوو لەش لە فریشتەیەك دا کۆ دەکاتەوە".**

**ڤیکتۆر هۆگۆ**

زۆربەی کێشەی کوڕ و کچان خۆشەویستی یا ئەوینە کە دواتر لە پیوەندیيەکانی هەردووکیان لە ماوەیەکی کەمدا دەبێتە کێشە، ڤین یا خۆد پێک هێنانی خێزان.

هەر کوڕ و کچێک پێویستیان بە رەگەزی بەرامبەری خۆیان هەیە کە بتوانێ بە شێوەیەک یان تا ڕادەیەک ئەو پێداویستیيانەی کە هەیانە دابینی بکەن کە خودی بنماڵە بێ یان تەنیا پێوەندیی خۆشەویستی یا خواستی خۆیان کە لە ژیانیاندا لەگەڵی ڕووبەڕوون، کە جاری واشە دەبێتە هۆی شکست و ناهومێدی لە نێوانیاندا کە دەبێتە سەر مەشق بۆ داهاتوویان.

کە باس لە شکستی خۆشەویستی یا ئەوین دەکەین ئەوە بەو واتایە نیە کە ئەو کوڕە یان ئەو کچە قەت خۆشەویستی ناکاتەوە دەست لە ژیانی خۆشەویستی و یا لە ئەویندارییەتی هەڵ دەگرێ، بەڵکوو هەنگاوێکی باشتر هەڵ دێنێتەوە بۆ داهاتوو.

کوڕ کە ئاشق دەبێ:

لە ڕووی دەروون ناسیيەوە کوڕ کە ئاشق دەبێ خۆی لە دار و بەرد دەدا تا بگاتە خۆشەویستەکەی و، جاری واش بووە تیغی لە دەماری خۆی داوەو بڕیویەتی لە حەیبەتی ئەوەی کە خۆشەویستەکەی نەدیوە، بەڵام کاتێک کە بە خۆشەویستەکەی دەگا، وردەوردە و ڕۆژ بە دوای ڕۆژ لێی سارد دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی کە دەگاتە لێک جیابوونەوە.

کوڕ کاتێک کە ئاشق دەبێ خۆشحاڵە و زۆر قسە دەکات یا ئەوەی کە جاری وایە بێ دەنگ دەبێ و هەر لە فکر دایە.

کچێک کە ئاشق دەبێ:

دوو هێندەی کوڕ کە ئاشق دەبێ ئاشقترە، بە شێوەیەک کە هێزی بیرکردنەوەیان کەم دەبێتەوە یا شایەت تووشی نەخۆشی خەمۆکی بن کە ناڕەحەت و هەست بە تەنیایی بوون دەکەن.

ئەو شتە گرینگانەی کە کوڕێکی گەنج لە کاتی لاوەتی دا هەیەتی و ئارەزووی دەکا: یەکەم شت بوونی ئەوین، دووهەم شت بوونی پووڵ و سێهەم شت سلامەتی، بەڵام لە تەمەنی پیری دا جیاوازە واتە، یەکەم سلامەتی، دووهەم پووڵ و سێهەم ئەوین، لە حالێکدا بۆ کچ، چ لە تەمەنی لاوەتی یا پیری دا بێ ئەوین بۆی یەکەمە، سلامەتی دووهەم و پووڵ سێهەم.

پیاوان زیاتر گرینگی بە پێداویستيیەکانیان دەدەن لە حالێکدا ژنان گرینگی بە هەستەکانیان دەدەن. پیاو هەمیشە لەسەرتربوونی دەوێ، بەڵام ژن یەکسانی.

ئەوین بەشێک لە ژیانی کوڕ پێک دێنێ، بەڵام هەموو ژیانی کچ پێک دێنێ.

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# دیمەنێکی پاییزی*

محەممەد ئەمین شەریفی

ئێوارەیەکی پاییزە، خۆر بەرەو ئاوا بوون دەڕوا، دەڵێی کیژێکی نازدارە، جێ ژوانێ بەجێ دێڵێ، هەوری چڵکن ئاسمانی داگرتووە، ڕووناکی و زەردە نەماوە، نەم نەمە باران دەبارێ و بە شنەی با گەڵای دارەکان دەوەرن، دەڵێی خەڵکی هەژارن، گەردن کەچ و مل ڕووتن، پاساری جریوە جریوەیان بوو، دەنگی خەماوی مەلێک بە گوێ دەگەیشت، دارستان کش و مات بوو، دارستانەکە لە خواری ئاواییەوە بوو. لەو دارستانە کانی-یەک هەبوو، خەڵک بۆ ئاو دەچوونە سەر ئەو کانییە. لاوێکی ئاوایی کە ئاشقی کیژێک بوو، چاوەڕوانی دەکرد، زۆری پێ نەچوو کیژی لەبارو جوان و باڵا بەرزو نەشمیل جووتێک گۆزەی بە دەستەوە هاتە سەر کانی. دوو دڵداری شەیدا چاویان بەیەک کەوت دەست لەملان خەریکی راز و نیاز بوون، نەم نەمی باران گۆنای تەڕ دەکردن، هەوا بەرەو تاریک بوون دەچوو، گەڵای زەردی دارەکان دەوەری، هەموو شوێنێک ڕەنگی پاییزی گرتبوو، ئەو دوو دڵدارە بیرەوەری کۆن و رابردوویان دێتەوە بیر، بوخچەی دڵیان بۆ یەک دەکردەوە، ئەو دار و دەوەنە گوێیان بۆ راز و نیازی ئەوان راگرت بوو، لە نێو دەریای مەندی خەیاڵا نوقم دەبوون کوڕ دەی گوت وەرە با دەس لە باڵات وەرێنم لێو لە لێوت بخشێنم، وەرە سوور بە لەسەر وادە و بەڵێنت، مەکە پەیمان شکێنی. بزەی شیرین و نازی ئەو شۆخە هەستی ناسکی لاو دەبزوێنێ. کوڕە دەی گوت: کارمامزی جوان پەپوولەی باڵ نەخشینی من بێ تۆ ئارام ناگرم تا دوا پشووی گیانم رێبواری رێگای عیشق و ئەوینم. ئاخ لە پڕا کەسێک ئەو دوو ئەویندارەی دیی لە لای بنەماڵەی کیژەکە شوفاری کرد و بۆ باعیسی ئەو دوو گەنجە بۆ ماوەی **٢٠** ساڵ هەر دووکیان، نە کوڕەکە ژنی هێنا و نە کچەکە شوی کرد. بە تەمای یەکتر مانەوە نەگەینە ئاوات.

ئاواتی دوو دڵدار گوتیان بمرێ شۆفار بمرێ بەدکار

***تێبینی**: **ئەمە لەسەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە کە لە ئاوایی قالوێی ڕەسووڵ ئاغای گەورکانی مەهاباد ڕووی داوەو کاتی خۆی کاك محەممەد ئەمینی شەریفی دای ڕشتووەو نەی هێشتووە تۆزی فەرامۆشی لێ بنیشێ. بە قەولێك پاش ئەو ماوەیە کوڕە ژنی هێناوە، بەڵام گۆیا کچە هەرماوەو شووی نەکردوە؟! دیارە ڕووداوی وا بەداخەوە ئێستاش گەلێك جار دووپات دەبنەوەو هەر لەبەر ئەوەی کچەی فەقیر کەسێکی بە دڵی خۆی پەسند و هەڵ بژاردوە بنەماڵەکەی بە قین دادەکەون و بەر بە ژیانی هاوبەشیان دەگرن کە تەنانەت بۆتە هۆی خۆکوشتنیش.**

❊❊❊



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# گەڕان بە دوای خۆشەویستی و بەدەست هێنانی متمانە



ئازاد کوردستانی

بێ گومان کەم کەس هەیە کە بتوانێ پێناسەیەکی تەواو لە خۆشەویستی بکا. کەسانێک کە بیان هەوێ ببنە خاوەنی خۆشەویستیو بە دەست هێنانی متمانەی دەوروبەریان، دەبێ واقیع بینانە لەگەڵ ڕووداوەکان مامەڵە بکەین، کۆمەڵێک بنەمای گرینگ هەیە لە کاتی هەڵسو کەوت کردنمان لە گەڵ کەسانیتردا دەبێ لە بەرچاویان بگرینو بیان ناسینو لێیان تێ بگەین کە کار کردن بۆیان نیشانەیە بۆ ڕەوشتێکی شارستانی کە پست دەبەستێت بە باش هەڵس و کەوت کردنو لە بەرچاوگرتنی هەستو سۆزو عاتیفەی خەڵکانیتر. وا باشە لێک دانەوەی ژێرانەمان هەبێ و ڕاست بین لە کاتی هە ڵس و کەوت کردن، هەڵوێست گرتن و پێشهاتەکان دا. یەکێکیتر لە یاریدەرەکانی گەشەی توانای مرۆڤ لە سەر دواندنی خەڵکانی باوەڕدار بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کوتایی ئەویش ئەوەیە، مرۆڤەکان بو بەدەست هێنانی خوشەویستی و باوەرو متمانەی خەڵکانیتر پشت نەبەستن بە لە بەرکردنی قسەو کاغەزو نووسراوەو گوتنی وشەیەکی بێ واتا کە لە ناخی دڵیانەوە نەهاتبێ. بەڵکوو دەبێ ئامانج نەخشاندنی ئەو ڕستانە بێ کە هەر وشەیەکی بۆ ئێمە گرینگی‌یەکی تایبەتی هەیە، دەبێ گوێ گرەکانمان لە مێشکی خۆیاندا لێک دانەوەیەکی باشیان لێی هەبێ و لە مێشکی خۆیاندا وێنای بکەن. زۆرن ئەو کەسانەی کە دەیان هەوێ لە ڕێگای لەبەر کردنی کۆمەڵێک قسەو وشەی بێ مانا و بێ کەڵک سەرنجی بەرامبەرەکەیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بەڵام سەرەنجام سەرکەوتوو نابن، چۆنکە وتەکانی لە دڵیدا جێ ناگرێو ناتوانێ کاریگەری لە سەر دابنێ. بێ گومان ئەو ئامرازە گرینگانەی کە کرامەت و شەخسییەت بە مرۆڤەکان دەبەخشن، متمانە پێ کردن، خۆشەویستی، باش هەڵس و کەوت کردنو گرینگی دان بە کەسانێکیترە. ئەگەر دەپرسی لە نهێنی کلیلی کردنەوەی نهێنی کەسانیتر کە چ وشەیەکە دەتوانێ دڵی بەرامبەرەکەتی پێ بکەیتەوەو لەو ڕوانگەیەوە کارێک بۆ چوونە نێو دڵی بەرامبەرەکەت. پێویستە هەندێک جار لە هەندێک مافی خۆمان خۆش بین لە پێناو بەرامبەرەکەماندا. خۆ دوورخستنەوە لە هەندێک ڕەوشتی ناپەسەند و گۆڕان لە ژیانی ڕۆژانەماندا. لە باش هەڵس و کەوت کردن و ڕەفتارو کردارماندا بگرە هەتا پاک و خاوێنی دەروونمان لە هەر بیر کردنەوەیەکی ئەهریمەنی کە ئەوانەی ئاماژەمان پێ کردن چەند خاڵێکی هەرە گرینگن کە دەبێ لە سەریان پێداگری بکەینو بایەخیان پێ بدەین. نابێ لە بیرمان بچێ کە پابەند بوون بە زەردە خەنەی سەر لێوان و وەسف کردنی ڕاستگۆیانەی بەرامبەر و ستایش کردن و بیرهێنانەوەی چاکەکانیان، هەست بە گرینگیان بکەن و گرینگیان پێ بدەین و هەواڵ پرسیان بین .

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org




# جیاوازی من و بەرپرسەکەم

و: سەید جەلال

١. کاتێک من کارێک درەنگ تەواو دەکەم، زۆر خاو و لە سەرەخۆم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم کارێک درەنگ تەواو بکا و درێژە بکێشێ، ئەو زۆر دەقیق و ڕێک و پێکە.

٢. کاتێک من کارێک ئەنجام نەدەم، ئەوە تەمبەڵم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم کارێک ئەنجام نەدا، ئەوە سەری قاڵە.

٣. کاتێک بە بێ ئەوەی لە منیان ویست بێ کارێک ئەنجام بدەم، ئەوە دەم هەوێ خۆم زیرەک نیشان بدەم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم ئەو کارە بکا، ئەوە دەست پێشخەری کردوە.

٤. کاتێک من لە هەوڵی ئەوە دابم کە بەرپرسەکەم لێم ڕازی بێ، ئەوە من ماستاوچیم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم، لە هەوڵی ڕازی بوونی بەرپرسەکەی دا بێ، ئەوە هاوکاری دەکا.

٥. کاتێک من تووشی هەڵەیەک بم، ئەوە من نەزانم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم هەڵەیەک بکا، ئەویش وەک ئێمە ئینسانە.

٦. کاتێک من لە شوێنی کارەکەم نەبم، ئەوە لە پیاسە کردنم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم لە ژووری کارەکەی نەبێ، ئەوە سەرقاڵی ئەنجام دانی کاروباری ڕێکخراوەکەیە.

٧. کاتێک من ڕۆژێک لە مەرەخەسی چارەسەری نەساغی‌یەکەمەوە بم، ئەوە هەمیشە نەخۆشم! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم لە مەرەخەسی چارەسەری نەساغی‌یەکەی دابێ، ئەوە حەتمەن زۆر نەخۆشە.

٨. کاتێک من داوای مەرەخەسی بکەم، دەبێ هەزار شێر و ڕێوی و بەڵگە و پاساوی بۆ بێنمەوە! بەڵام کاتێک بەرپرسەکەم بچێتە مەرەخەسی، دەبێ بچووبایە، چونکە زۆری کار کردوەو ماندوو بووە.

٩. کاتێک من کارێکی باش ئەنجام دەدەم، بەرپرسەکەم هیچ کات لە بیری نیە! بەڵام هەر کە کارێکی هەڵە بکەم، بە هیچ جۆر لە بیری ناچێتەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پرسیارو وەڵامی کۆمپیوتەر





ڕەسووڵ سێلەکە

پرسیار: من دەم هەوێ ناوی ئایدی خۆم لە لیستی کەسێکی دیکە بسڕمەوە ئایا دەتوانم ئەو کارە بکەم؟

وەڵام : بەڵێ، سەرەتا دڵنیابە کە ئایدی(ئیمەیل) ئەو کەسە و ئایدیەکەی خۆت offline بن واتە لە سەر خەت نەبن. دواتر ئەم لینکەی خوارەوە بکەوە.

Http://www.vizgin.com/remover.php

لە بەشی یەکەم کە نووسراوە (your username) ئایدیەکەی خۆت بە تەواوی بنووسە.

٢: لە بەشی دووەم دا پاسۆوردی(ڕەمزەکەی) خۆت بنووسە.

٣: لە بەشی سێیەم دا (victim.id) ئایدی ئەو کەسە بنووسە کە دەت هەوێ ناوی خۆتی لە لیستەکەی دا بسڕیەوە.

٤: ئێستا لە سەر هێمای سەتڵەکە کلیک بکە.

پرسیار: چۆن دەتوانم ئایدیەکانم جۆرێک ڕێک بخەم کە لە کاتی دیاری کراودا وەڵامی ئیمەیلەکانم بداتەوە بێ ئەوەی بۆ خۆم بیکەمەوە؟

وەڵام: لەوانەیە بە زۆر هۆکار ماوەیەک نەتوانن بچنە سەر ئیمەیلەکەتان یان نەتان هەوێ و لەوانەیە بە زۆر هۆکاری دیکە ماوەیەک نەتوانن بچنە سەر ئیمەیلەکەتان یان لە سەفەردا بن.

لەوەها کاتێک دا ڕێکخستنێکی بچووک ئەنجام بدەن تاکوو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک، ئەو وەڵامەی کە ئێوە بۆی دیاری دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە لەو ماوەیەدا ئیمەیلتان بۆ دەنێرن، بنێرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دوای ئەوەی کە دەچنە نێو بەشی ئیمەیلەکانتان، بۆ چوونە ناو mail option و vacation response هەڵبژێرن.

ئێستا دەتوانن کاتو تێکستی ئیمەیلەکەتان دیاری بکەن.




پرسیار: من زۆر جار کە دەم هەوێ فایل یان فۆڵدەرێک لە سەر کۆمپیوتەرەکەم بسڕمەوە، بەڵام ویندوز ڕێگام پێ نادا و پەیامێک نیشان دەدا کە ناتوانم ئەم فایلە بسڕمەوە. ئایا ڕێگایەک هەیە کە بتوانم بیسڕمەوە؟ چۆنکە ئەم فایلەی کە دەم هەوێ بیسڕمەوە شوێنێکی زۆری لە سەر هاردەکەم داگیر کردووە.

وەڵام: بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ئەم ڕێگایانە بگریە بەر زۆر ئاسانە.

١: لە سەر کیبۆردەکەت سێ دووکمەی ctrl+alt+del پێکەوە لێ بدە.

٢: لە ناو سەردێرەکاندا processes هەڵبژێرەوە لە لیستەکەدا exporer. exe هەڵبژێرە، لە خوارەوە لە سەر andprocess کلیک بکە. ئێستا دەتوانن فایل یان فۆلدەرەکانتان بسڕنەوە.

تێبینی: بۆ دووبارە خستنەوەکاری بەرنامەکە، یان کۆمپیوتەرەکەتان restart بکەنەوە یان دوبارە ctrl+alt+del دابگرنەوە لە لیستەی file لە سەر run... کلیک بکەن و لە پەنجەرەدا explorer.exe تایپ بکەن و دوگمەی enter لێ بدەن.

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەیس بووک چی‌یە؟

ن: مەتین مونەوەریان
و. تەها ڕەحیمی

فەیس بووک ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتیە کە ٤ی فێوریەی ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن لاوێکەوە بە ناوی مارک زاکێربێرگ لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت خرایە گەڕ. ئەم ماڵپەڕە هەم لە بواری ڕاژەی ئەندامان و کارناسانیشەوە لە باری کۆمەڵایەتی، لە ماڵپەڕەکانی وەک مای سپەیس و وکسی ئەو سەرترن.

لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین ماڵپەڕی ژمارە یەکی جیهانە.

زاکێربێرگ هەر لە هۆدەکەی خۆی لە زانکوی هارواردی ئەمریکادا ماڵپەڕی فەیس بووکی دارشت و ٤ی فیوریە وەک ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خوێندکاران لە تۆڕی ئینتەرنیت دەستی بەکار کرد، بەڵام خۆ ماڵپەڕەکەی وی هەر




لە زانکۆی هارواردا قەتیس نەمایەوە. لە کۆتایی حەوتووی تەمەنی فەیس بووک دا زیاتر لە نیوەی خوێندکاران ناوی خۆیان تێدا تۆمار کردو لە ماوەیەکی زۆر کەم لە مانگی یەکەمی تەمەنیدا یەک میلیۆن کەس بوون بە ئەندامانی فەیس بووک و کردیان بە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی زۆر بەربەرین و کاریگەر. بە دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەدا زاکێربێرگ بڕیاری دا پەرە بە کارەکەی بدا. هەر بۆیەش بۆ ئەم کارەی یارمەتی هاوژوورەکەی خۆی "داستین مۆسکۆویتزی" پێویست بوو.

ئەم دووە سەرەتا ماڵپەڕیان بۆ زانکۆکانی ستانفۆرد، کۆلومبیا و وێیڵ وەرێ خست و پاشان چەندین زانکۆی دیکەش لە ئەیالەتی بۆستون بوون بە خاوەن سایتی فەیس بووک. تا سەرەتای هاوینی هەمان ساڵ هەزاران کەس لە زیاتر لە ٤٥ زانکۆی ئەمریکا بوون بە ئەندامی فەیس بووک. لەم جەنگەیەدا بوو کە زاکێربێرگ دەگەڵ چەند هاوڕێی کە لە بەڕێوەبردنی فەیس بووک دا یارمەتیان دەدا، چوونە پالۆ ئالتوی کالیفۆرنیا لە خانوویەکی بچووک دا بە ڕاپەڕاندنی کاروباری فەیس بووکەوە خەریک بوون، کە بە یەکەم شوێنی فەرمی بەڕێوەبردنی فەیس بووک دەناسرێ. چوونی زاکێربێرگ ڕێگە خۆشکەری ئاشنایەتیی یەکەم وەبەر هێنەری فەیس بووک واتە پیتێر تیل بوو.

ئێستا فەیس بووک خاوەن ڕێکخراوێکی ئیداری پۆشتەیە کە ٧ بنیاتی گەورە لە پالۆئالتو و سەدان فەرمانبەر لەخۆ دەگرێ کە زاکێربێرگ بە کەمپی شاری ناو دەبا.

بە پێی ئامارێک کە دوازدەی ئاگۆستی ٢٠٠٨ ڕێکخراوی "کام ئیسکۆڕ" بڵاوی کردۆتەوە، فەیس بووک هەنووکە ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتی‌یە کە خاوەن زیاترین بەکارهێنەری هەیە بە پێی ئەم ئامارە ١٣٢ میلیون کەس ناویان لەم ماڵپەڕەدا تۆمار کراوە کە ٦٣ لە سەدیان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکای باکووردا دەژین.

فەیس بووک زۆر قسە هەڵ دەگرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە، تا نەبین بە ئەندامی و بە شێوەیەکی بەرهەست تاقی نەکەینەوە لە هەست و کەشی جیهانی ئەم بنکە کۆمەڵایەتی‌یە مەجازی‌یە بێ‌بەشین. کەواتە دەچینە سەرباسی بە ئەندام بوون لە فەیس بووک دا بۆ ئەوەی ئەگەر ویستمان ببین بە ئەندام، بتوانین بە سانایی ناومان لەم ماڵپەڕەدا تۆمار بکەین.

چۆنیەتی بە ئەندام بوون لە فەیس بووک دا:

قۆناغی یەکەم، سەرەتا ماڵپەڕی www.facebook.com لە تۆڕی ئینتەرنێت دەکەینەوەو زانیاری پێویست بۆ ئەندامەتی لەم لاپەڕەیەدا تۆمار دەکەین.

قۆناغی دووهەم: بۆڕدێک لەسەر ئەم ماڵپەڕەیە لە پێوەندیی لەگەڵ کارەکتەرەکانی (کپچا)یە دەردەکەوێ و پێویستە لە شوێنی دیاری کراو تایپ بکرێن.(بۆ ئەوەی ماڵپەڕ دڵنیا بێ ئێمە بەکار هێنەرین نەک ڕووباتی نەرمە ئامێری).

قۆناغی سێهەم: لەم قۆناغەدا پاش تەئید زانیارییەکان، پێمان ڕادەگەینێ کە نامەیەک لە لایەن فەیس بووکەوە بۆ ئیمەیلەکەتان دێ. بە کرانەوەی ئەم پەیامە و چرکە کردن لەسەر لینکەکەی، دەبین بە ئەندامی فەیس بووک.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٢١ ڕستەی وزە هێنەر لە ئانتۆنی رابینز



ن: ئانتۆنی رابینز
و: ئازاد عەباسیان

١. زیاتر لەوەی کە خەڵک چاوەڕوانیتان لێ دەکەن یارمەتی بدەن و بە روویەکی خۆشەوە بچنە پێش.
٢. لە گەڵ کەسێکدا ژیانی هاوبەش پێک بێنن کە زیاتر حەز بە قسەکردن لە گەڵی بکەن، چونکە کاتێک تەمەنتان دەچێتە سەرەوە کارامەیی و لێهاتوویی لە قسە کردن دا وەکوو زۆربەی لێهاتوویی‌یەکانی دیکە زۆر بایەخ پەیدا دەکات.
٣. باوەڕ بە هەموو ئەو شتانەی کە دەی بیستن مەکەن، هەر شتێکتان کە هەیە بەخۆڕایی خەرجی مەکەن و ئەوەندەی کە دەت هەوێ مەخەون.
٤. کاتێک کە بە کەسێک دەڵێی "خۆشم دەوێی" هەر ئەو مەبەستەتان هەبێ.
٥. کاتێک کە دەڵێی "بە داخەوەم" چاو لە چاوی بەرامبەرەکەت بکە.
٦. بە لانی کەمەوە شەش مانگ بەر لەوەی ژیانی هاوبەش پێک بێنن، خۆشەویستی بکەن بۆ ئەوەی زیاتر لێک تێ بگەن و یەکتر باشتر بناسن.
٧. لە یەکەم چاو لێ کردن دا باوەڕتان بە خۆشەویستی هەبێ.
٨. هیچ کات بە ڕۆئیا و خەیاڵاتی کەس پێ مەکەنن و فشەی پێ مەکەن، کەسێک کە ڕۆئیای نەبێ هیچی نیە.
٩. لە دڵەوە بە هەستەوە خۆشەویستی بکەن. هەرچەند لەوانەشە تووشی کێشە بن، بەڵام ئەمە تاکە ڕێگەی ژیان کردنە.
١٠. دادپەروەرانە بەرەوڕووی کێشەکان ببنەوەو ناوی کەس مەهێننە بەرباس.
١١. کەس لە ڕێگای کەس و کاریەوە هەڵ مەسەنگێنن.
١٢ لە سەرەخۆ قسە بکەن و خێرا بیر وەکەن.
١٣. کاتێک کە پرسیارتان لێ دەکەن و ناتان هەوێ وەڵام وەدەن، زەردەخەنەیەک بکەن و بڵێن "بۆ دەت هەوێ بزانی؟".
١٤. ئەوە بزانن کە خۆشەویستی گەورەو سەرکەوتنی گەورە کاری بقە و مەترسی داریشی دەوێ.
١٥. کەسێک کە دەپشمێ، پێی بڵێن خێر دەبێ ئیشەڵڵا.
١٦. کاتێک کە شتێک لە دەست دەدەن، هەوڵ بەن چۆنیەتی بە دەست هێنانیشی لە دەست نەدەن.
١٧. ئەم سێ شتە لە بیر مەکەن: ئەلف: ڕێز گرتنی خۆت. ب: ڕێز گرتنی خەڵک. ج: لە سەرجەم کارەکانتان دا خۆ بە بەرپرس بزانن.
١٨. مەهێڵن کێشەیەکی بچووک زیان بە خۆشەویستیتان بگەیەنێ یان بە واتایەکی‌تر زیان لە خۆشەویستی‌یەکەتان بدات.
١٩. کاتێک کە دەزانن هەڵەیەکتان کردوە، خێرا بۆ چاک کردنەوەی هەنگاو هەڵبێنن.
٢٠. کاتێک کە وەڵامی تەلەفوون دەدەنەوە پێ بکەنن واتە بە پێکەنینەوە وەڵامی بدەنەوە، چونکە ئەو کەسەی کە پێوەندی پێوە گرتوون هەستی پێ دەکات.
٢١. کاتێک بۆ تەنیایی تەرخان بکەن.

وەرگێر:

**لاوانی خوشەویست، بەچاو لێ کردن لەم چەند رستەیە لەوانەیە بڵێن ئەمانە زۆر ساکارن و بایەخێکی ئەوتۆیان نیە. ڕاستە کە زۆر سادەو ساکارن، بەڵام زۆر گرینگن و دەتوانن کارایی زۆریان لە سەر ژیان دا هەبێ.**

**چۆنیەتی بەرەوڕوو بوون لە گەڵ خەڵك دا شێوازی جۆراو جۆری هەیە، با ئێمە بێین بۆ تاقی کردنەوەش بێ ئەم رستانە لە بەر چاو بگرین.**

**هەر شاد بن و بە خۆشی بژین**

***

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خوێن چیە؟



و: ڕەحمان مەحموودی

خوێن سەرچاوەی ژیانە. ئەو خوێنە سوورە ئەرکی زۆر بەجێ دەگەیەنێ و هیچ ئەندامێکی لەش بەبێ بوونی ئەو ناتوانێ زیندوو بمێنێ. خوێن خواردن و ئۆکسیژێنی (O۲) پێویست بۆ کار و چالاکی بە خانەکانی لەش دەگەیەنێ و ماددەی زیادی دەگەیەنێتە ئەو ئەندامانەی کە دووریان دەخەنەوە.

خوێن لە گەڵ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشی و دەچنە نێو لەشەوە بەربەرەکانێ دەکا.

نزیک بە هەفتا لەسەدی کێشی لەش لە خوێن پێک هاتووە، بەڵام بڕی خوێنی هەموو کەس وەک یەک نیە. بڕی خوێن بە سەرنج دان بە ڕەگەز، قورسی کێش و هێندێک هۆکاری دیکە وەک شوێنی ژیان و بەرزایی شوێنی ژیانی مرۆڤ لە ئاستی دەریادا دەگۆڕێ.

ڕێژەی خوێنی پیاوان زیاترە لە خوێنی ژنان بۆ وێنە پیاوێکی ۷۰ کیلۆیی ٥ لیترو ژنێکی ۷۰ کیلویی نیو لیتر کەمترە لە پیاوان، واتە ٤/٥ لیتر خوێنی هەیە. نە تەنیا پیاوان خوێنیان لە ژنان زیاترە، بەڵکوو ژمارەی خڕۆکە سوورەکانیشان زیاترن لە ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی ژنان، لە هەر سەنتی میتری سێ جای خوێنی پیاوان دا ٤/٦ تا ٦/٢ میلیۆن خڕۆکەی سوور هەیە لە حاڵێکدا کە ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی ژنان بەو قەبارەیەوە ٤/٢ تا ٥/٤ میلیۆنە. هەروەها لە کەسانێک کە کەمترین شانەی چەوریان هەیە و کەسانی کز و لاواز، بڕ و قەبارەی خوێن کەم و زۆر لە چاو کێشی لەش دەگۆڕدرێ. هەرچی مرۆڤ قەڵەوتر دەبێ قەبارەی (حجم) خوێنی لە چاو کێشی لەشی بە شێوەیەکی نێونجی کەم دەبێتەوە، چونکە شانەی چەوری خاوەنی کەمترین دەمارەکانە. بەو شێوەیە قەبارەی خوێنی ژنانی قەڵەو لە چاو شانەی چەوری لەشیان زیاترە لە هی پیاوان و پتر لە ئی پیاوان دادەبەزێ.

بەکاربردنی خوێن لە لایەن ئەندامەکانی لەشەوە جیاوازە، بۆ وێنە بەشی نەرمایی مێشکی مرۆڤێکی پێگەیشتوو بە تەنیا ٢٥٪ لە ئۆکسیژینی وەرگیراو لە خوێن دا بەکار دێنێ.

ناوچەی جوگرافیایی ژیانی مرۆڤەکانیش بۆ بڕی خڕۆکە سوورەکان لە ئاکامی ڕێژەی خوێن شوێن دانەرە. ئەو کەسانەی کە لە ناوچە شاخاوییە بەرزەکان دەژین خوێنیان زیاترە لەو کەسانەی کە لە دەشتایی یان لە شوێنی نزمتر دەژین، ئەو خوێنە زیادییەی ئەوان لە خڕۆکە سوورەکان پێک هاتووە کە هێمۆگلۆبینی پێویست بۆ وەرگرتنی ئۆکسیژێن ڕادەگوێزێ. کەوایە مرۆڤ بۆ درێژەی ژیانی لە هەوای شل و ئازاد لە بەرزاییەکان پێویستی زیاتری بە ئۆکسیژێن هەیە و لەو کاتەدا، ئەو بڕە خوێنە زیادییە یارمەتی لەش دەدا بۆ وەرگرتنی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆکسیژێنی پێویست.

**پێك هاته‌ی خوێن:**

خوێن شله‌یه‌کی خه‌سته‌ به‌ ڕه‌نگێکی سوور و روون و بریقه‌دار که‌ بێ گۆران دێته‌ به‌رچاو. خه‌ستی خوێن سێ تا چوار هێنده‌ی ئاوه‌ کێشی تایبه‌تی ١/٦٠ ده‌بێ یانی ١/٦٠ به‌رابه‌ری کێشی تایبه‌تی یا قورسایی ئاو.




شانه‌ی خوێن شله‌یه‌کی له‌شه‌ که‌ له‌ دوو به‌ش پێک هاتووه‌: پلازما و پێک هێنه‌ری خانه‌کانی خوێن

پلازما: توخمی سه‌ره‌کی خوێنه‌، ٥٥ له‌سه‌دی قه‌باره‌ی ته‌واوی خوێن پێک دێنێ.

پێک هێنه‌ری خانه‌کانی خوێن: ٤٥ له‌سه‌دی قه‌باره‌ی ته‌واوی خوێن پێک دێنن و له‌مانه‌ پێک هاتوون:

ئه‌لف: خڕۆکه‌ سووره‌کانی خوێن (گلبولهای قرمز)

ب: خڕۆکه‌ سپییه‌کان (گلبولهای سفید)

ج: په‌ڕه‌کانی خوێن (پلاکت ها)

**پلازما**: plasma

پلازما به‌شێکه‌ له‌ خوێن و ئه‌و شله‌ ره‌نگ کاره‌بایه‌ ٥٥ تا ٦٥ له‌سه‌دی له‌ هه‌موو قه‌باره‌ی خوێن پێک دێ. خڕۆکه‌ سوور و سپی و په‌ڕه‌کان مادده‌ی ره‌قی خوێنن که‌ له‌ پلازمادا مه‌له‌وه‌رن (شناور)، زیاترین به‌شی پلازما له‌ ئاو پێک هاتووه‌، به‌و پێیه‌ سه‌دان مادده‌ی دیکه‌ی وه‌ک پرۆتینه‌کان، خواردنه‌ هه‌رس کراوه‌کان و مادده‌ی زیادی و... هتدی تێدایه‌.

**خڕۆکه‌ سووره‌کان**: Erythrocyte

بڕی خڕۆکه‌ سووره‌کان زیاترن له‌ خڕۆکه‌ سپیو په‌ڕه‌کان. به‌ شێوه‌یه‌کی نێونجی بڕی خڕۆکه‌ سووره‌کانی که‌سێک له‌ هه‌ر میلی میتری سێ جادا، تا بڕی ٥ میلیۆنه‌، له‌ حاڵێکدا خڕۆکه‌ سپییه‌کان ٥ هه‌زار و په‌ڕه‌کان ٢٥٠ تا هه‌زار له‌ هه‌ر میلی میتری سێ جا دایه‌. به‌و جۆره‌ بڕی خڕۆکه‌ سپییه‌کان ١٥ تا ٢٠ هێندی په‌ڕه‌کانن، به‌و پێیه‌ ٩٩ له‌سه‌دی خانه‌کان له‌ خڕۆکه‌ سووره‌کان پێک هاتوون، به‌و مانایه‌ی گرینگی و ڕۆڵی خڕۆکه‌ سووره‌کان به‌ تایبه‌تی له‌ پێک هاته‌ی فیزیکی خوێن دایه‌.

**خڕۆکه‌ سپییه‌کان**: Leucocyte

خڕۆکه‌ی سپییه‌کان له‌ش له‌ به‌رامبه‌ر چڵکه‌کاندا ده‌پارێزێ. له‌ هه‌ر میلی میترێکی سێ جای خوێن دا له‌ نێوان ٤ تا ١٠ هه‌زار خڕۆکه‌ی سپی هه‌یه‌.

له‌ هێندێک له‌ شێرپه‌نجه‌کانی خوێندا ڕێژه‌ی خڕۆکه‌ سپییه‌کانی خوێن به‌ره‌و زیاد بوون ده‌چن و له‌وانه‌یه‌ بگه‌نه‌ یه‌ک میلیۆن له‌ یه‌ک میلی میتری سێ جادا.

**په‌ڕه‌کانی خوێن**: Platelets

پلاکێت یا په‌ڕه‌کانی خوێن که‌ قه‌واره‌یان خره‌، بچکووترین خانه‌ی خوێنن، ئه‌ستوورایی هه‌ر په‌ڕه‌یه‌ک ٢ تا ٤ مایکرۆنه‌ و له‌ هه‌ر مایکرۆ لیتری خوێن دا ١٥٠ تا ٤٥٠ هه‌زار پلاکێت هه‌یه‌.

سه‌رچاوه‌:

کتاب "خون چیست". له‌ نووسینی: فرخ انصاری و احمد عابدینی

****

www.lawan.com



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاو بەخۆدا کردن لە وەرزشوانان دا

ئامادە کردن‌و وەرگێڕان: ئازاد عەباسیان

ئاو بەخۆدا کردن یەکێک لە باشترین شێوەکانی بەکارهێنانی ئاودەرمانییە. ئاو بەخۆ داکردن بە بەشێک لە کاریگەرییە باشەکانی ئاو دەرمانی دێتە ئەژمار.

پلەکانی گەرمی و ساردی ئاو لە ئاودەرمانیدا( لە ئاو بەخۆدا کردن) دابەش دەبێ بە سێ بەشەوە: ئەلف: پلەی دەمای ئاوی سارد. ب: ئاوی شیلەتێن. ج: ئاوی گەرم و زۆر گەرم.

کاتێک وەرزشوانان لە دوای تەواوبوونی کێبەرکێکاندا ئاوی گەرمی (۳۳/۹ تا ۳٦/۷ پلەی سەنتی گراد) شیلەتێن( ۲٦/۷ تا ۳۳/۹ پلەی سەنتی گراد) و زۆر گەرم ( زیاتر لە ۳۷/۲ پلەی سەنتی گراد) بەکار بێنن، جیا لە پاک و خاوێن بوونەوەی لەش، دەبێتە هۆی هێمنی لەش و ڕەوانیش.

زۆر لە وەزشوانان بۆ خۆ شۆردن ئاوی سارد بەکار دێنن و پێیان باشترە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێز بوون و دانی وزە بە لەش.

بەشێکی دیکە لە وەرزشوانان پێیان باشترە ئاوی سارد و گەرم بە شێوەی بەش بەش بەکار بێنن(جارێک ئاوی سارد جارێک ئاوی گەرم).

چەند تێبینییەک لە کاتی ئاو بەخۆدا کردن دا:

لە بەر ئەوەی کە زۆربەی وەرزشوانان و یاری زانەکان بۆ پشوودانی خۆیان ئاوی گەرم بەکار دێنن پێویستە بە شێوەی دروست بەکاری بێنن، کەوایە ئەم چەند تێبینییە لەبەرچاو بگرن:

۱: ئەو وەرزشوانانە کە دوای تەواو بوونی یارییەکی قورس و هەناسەبڕ کاتیان بۆ نەماوە کە جووڵەی سووک و لە سەرخۆ بۆ حەسانەوە بەکار بێنن، دەتوانن بەشێک لەو جووڵانە لە ژێر ئاوی گەرماودا بکەن. هەروا کە دەزانین ئامانج لە گەرماو کردن بە ئاوی گەرم لە دوای وەرزش، فڕێدانی مەوادی زیادی وەک ترشی لاکتیک لە لەش و حەسانەوەیە، واتە کاتێک کە خەریکی وەرزش کردنین ترشی لاکتیک لە لەشمان دا کۆ دەبێتەوە دەبێتە هۆی جەمام بوون و هیلاکی جەستە، بەڵام کاتێک بمان هەوێ دەست لە وەرزشەکە هەڵ گرین دەبێ هێندێک جووڵەی سووک ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی ئەو ترشی لاکتیکە لە جەستەمان بچێتە دەر، جا ئەو جووڵە سووکانە هەم لە بەر ئاوەکەدا دەکرێ و هەمیش دەست بەجێ دوای تەواوبوونی وەرزشەکە دەکرێ.

ئەگەر وەرزشکار هێندێک جووڵەی نەرم و لەسەرخۆ لە ژێر ئاوی گەرم دا بکا، زیاتر دەحەسێتەوەو ماددە زیادەکان زیاتریش لە لەش فڕێ دەدرێن.

۲: کاتێک تەوژمی ئاوی ئاوپاشی گەرماو زۆر و مەودای لە گەڵ لەشی وەرزشکار زۆر بێ، کاریگەرییەکانی ئاو دەرمانی زیاتر دەبێ واتە هەرچی مەودای ئاوەکە لە گەڵ لەشی مرۆڤەکە زیاتر بێ کاریگەریشی زیاترە، چونکە بە تەواوی لەش دا بڵاو دەبێتەوەو هەموو جەستە دادەگرێ کە وەکوو ئەوە وایە لەشی بشێلی.

۳: ئەو وەرزشوانانەی کە فێر نین و خوویان بە خۆ شۆردن بە ئاوی سارد نەگرتووە، باشتر وایە کە ئاوی سارد بە کار نەهێنن. چونکە زوو تووشی نەخۆشی دەبن. ئەم کەسانە ئەگەر دەیان هەوێ ئاوی سارد بەکار بێنن، دەبێ وردە وردە ئەو ئاوەی کە خۆی پێ تەڕ دەکەن ساردی بکەن تاکوو لەش وردە وردە لە گەڵ ئاوە ساردەکەدا ڕا دێ.



٤: وەرزشوانان دەبێ ئەو تێبینییانەی کە لە ئاو دەرمانیدا هەیە لە بەر چاو بگرن، بە تایبەت زۆر نەمانەوە لە ژێر ئاوی گەرم و زۆر گەرم و نەچوونە بەر هەوای سارد لە پاش گەرماو کردن.

۵: لە کاتی خۆ وشک کردنەوەدا نابێ بە توندی خاولییەکە بەسەر پێست دا بێنن. چونکە کاریگەری لەسەر ئەعساب دادەنێو تەنانەت کاریگەرییە باشەکانی خۆ شۆردنیش لەنێو دەچێ.

٦: باشتر وایە کە وەرزشکار لە پاش ئاو بەخۆ داکردن بۆ ماوەیەک پشوو بدا. ئەمە نەک هەر لە سەر لەش تەنانەت لەسەر ڕەوان‌و دەروونیش کاریگەری هەیە.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

❋❋❋



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کەماڵ ئیزەدخا:**

## گرووپەکەی ئێمە خاوەن بەرنامەو ئەساسنامەی خۆیەتیو بە پێی ئەو ئەساسنامەیە هەموو کەسێك دەتوانێ ببێ بە ئەندامی گرووپەکەمان بەخۆشی‌یەوە کەسانی فینلەندیو رووسیو کۆزۆڤۆیی پێوەندیان پێوە گرتووین.



# وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ کەماڵی ئیزەدخا بەرپرسی گرووپی پاسکیل سوارانی کورد لە فینلاند

دیمانە:
سەردەشت کوردستانی

**لاوان:** وەک یەکەم پرسیار دەکرێ بەشێک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەی.

**کەماڵی ئیزەدخا:** بەر لە هەمووشتێک سەری رێزو نەوازش دادەنەوێنم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان و هەروەها سپاسی گۆڤاری لاوان دەکەم کە ئەو هەلەیان بۆ رەخساندم و بەسەرتان کردمەوە منیش بە شانازی دەزانم. من ناوم "کەماڵی یەزدان خا"یە و زۆر جار بە چەکۆ ناوم دەبەن، چونکە لە گوندی چەکۆ لە دایک بووم گوندی چەکۆ لە قانوونی کۆماری ئیسلامی سەر بە سەردەشت و لە دابەشکاری حیزبیش دا سەر بە پیرانشارە، بەڵام لە پیرانشار گەورە بووم و شانازی بەوە دەکەم کە لە گوندێکی ئەو ناوچەیە لە دایک بووم.

دیارە من هەر لە سەرەتای ژیانم دا تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووم و ژیانی من زیاتر لە ئاوارەیی‌دا بووەو هەر بەو هۆیەشەوە بە داخەوە نەم توانیوە درێژە بە خویندن بدەم. بەڵام هیچ کات کۆڵم نەداوەو هەمیشە چالاکیم هەبووەو هەر لە سەرەتای منداڵی‌یەوە عەلاقەیەکی زۆرم بە پاسکیل سواری بووە.

**لاوان:** کاک کەماڵ ئەگەر دەکرێ بۆمان باس بکەی کە چۆن تۆ رۆژهەڵاتی کوردستانت بەجێ هێشت و چوویتە دەرەوەی وڵات.

**کەماڵی ئیزەدخا:** لە راستی‌دا قەت بە خواستی خۆم نەبوو و من بە ناچاری کوردستانی خۆشەویستم بەجێ هێشت و زۆر هۆکار دەوریان هەبوو، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو گیانم لە مەترسی دابوو بە هۆی پرسی سیاسی و هەروەها رێگریم لێ دەکرا کە درێژە بە دووچەرخە سواری بدەم کە هۆگری‌یەکی زۆرم پێ بوو و نەم دەتوانی لە کوردستان دا بمێنمەوە بۆیە بە ناچاری لە ساڵی ٢٠٠٢دا نیشتمانەکەم جێ هێشت و رووم کردە وڵاتانی دەرەوە. دوو ساڵ لە تورکیە مامەوەو دواتر لە وڵاتی فینلەند گیرسامەوە و ماوەی ٧ ساڵە لە فینلاند دەژیم.

**لاوان:** کاک کەماڵ پێمان خۆشە کە وەکوو کەسێک کە چەندین ساڵە لە دەرەوەی و ئاشنای بە ژیانی تاراوگە، لاوێک یان کەسێک کە تازە دێتە دەرەوە لەگەڵ چ کێشەیەک بەرەورووو دەبێ؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** دیارە گەنجێک کە دێتە دەرەوە یەکەم جار لەسەر بنەمایەک و خەیاڵێک کە بۆخۆی لە مێشکی خۆیدا لە ئورووپای دروست کردوە دێتە دەرەوەو کە دەگاتە دەرەوە لە یەکەم قۆناغ دا چاو لێ دەکا ئورووپا ئەو جیهانە نیە کە ئەو بیری لێ کردۆتەوە و لە ناکاو بەسەر کۆمەڵێک کێشەدا دەکەوێ کە ناتوانێ خۆی لێ رزگار بکا، هەروەها ئەو کەسە کێشەی زمانی دەبێ، چونکە تاکوو زمانی ئەو وڵاتە فێر نەبێ ناتوانێ ژیانی ئاسایی خۆی دەست پێ بکا و هەروەها ناتوانێ تێکەلاوی ئەو کۆمەڵگایە بێت کە تێیدا دەژی، لە ئاکامدا تووشی خەمۆکیو



www.lawan.com
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرتەوازەیی دەبێ.

**لاوان:** لاوان لە دەرەوە تاکوو چەندە بە شێوەیەکی باش کەڵکیان وەرگرتووەو وەدوای خوێندن وخۆ پێ گەیاندن کەوتوون؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** بەداخەوە ژمارەی ئەو لاوە کوردانەی کە لە دەرەوە خەریکی خوێندن و خۆ پێ گەیاندنن لە چاو فارسەکان و نەتەوەکانی دیکە زۆر کەمن و لە ئاستی پێویست دا نیە کە ئەوەش بۆخۆی جێگای داخە کە لاوی ئێمە هەست بە بەرپرسایەتی ناکا بە نیسبەت نیشتمانەکەی تاکوو لە رێگای وەدەست هێنانی بڕوانامە و زانکۆکانی دەرەوە ببنە خاوەن پسپۆڕی تاکوو خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن.

**لاوان:** باشە کاک کەماڵ تۆ وەکوو کەسێکی سەرکەوتوو کە چوویتە دەرەوەو کەڵکت لەو هەل و مەرج و ئیمکاناتە وەرگرتووە لە دەرەوە، وەکوو کەسێکی سەرکەوتوو چۆن بوو بیرت لە دامەزراندنی گرووپێکی پاسکیل سواری کردەوە؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** لە راستی‌دا من کاتێک هاتمە دەرەوە دیتم لەوێ کە هەلێکی باش هەیە بۆ زۆر شت و ئەگەر بت هەوێ دەتوانی زۆر کاری گەورە بکەی چون تۆ هیچ نەبێ ئازادی و ئاسایشت هەیە و لە رووی ئیمکاناتیشەوە هیچ کێشەیەکت نیە، منیش کەڵکم لەو بارودۆخە وەرگرت و بۆ درێژەدان بە وەرزشەکەی خۆم بیرم کردەوە کە گرووپێک دامەزرینم و لەو رێگایەوە خزمەت بە نیشتمانەکەم بکەم. سەرەتا چەند چالاکیم هەر لەو شارەی کە لێی دەژیام ئەنجام دا کە لە باکووری فینلەند دایە و دواتر بووم بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گرووپێکی پاسکیل سواری ئورووپی‌یەکان کە من زمانیشم نەدەزانی کە هەر ئەو گرووپە کاتێک بە پاسکیل سەردانی ئۆتریشم کرد هاوکارییەکی باشیان کردم لە رووی پیشاندانی رێگا، دوایی کە هاتم بۆ شاری

## کەماڵ ئیزەدخا: ژمارەی ئەو لاوە کوردانەی کە لە دەرەوە خەریکی خوێندن و خۆ پێ گەیاندنن لە چاو فارسەکان و نەتەوەکانی دیکە زۆر کەمن و لە ئاستی پێویست دا نیە کە ئەوەش بۆخۆی جێگای داخە

تورکۆ و لەوێ لە گەڵ کەسانی شارەزاو بە ئەزموون قسەم کردو بە وەبەر چاو گرتنی



تێبینی‌یەکانیان گرووپەکەم دروست کرد کە کوردانی هەموو کوردستانی تێدا ئەندامە بە لەبەر چاو گرتنی جیاوازی بیری سیاسی و حیزبی کە بە یەکەوە بۆ یەک ئامانج و یەک مەبەست تێ دەکۆشین و پێکەوە هەزاران کیلومیتر رێگا دەبڕین بۆ ئەوەی کە بتوانین ئاڵای کوردستان لەسەر دوچەرخەکانمان بشەکێنینەوە.

**لاوان:** باشە کاک کەماڵ ئێوە تاکوو ئێستا چەند چالاکیتان ئەنجام داوە؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** من لە سەرەتا بەر لەوەی کە گرووپەکەش دامەزرێنم بۆ خۆم چەندین جار بە تەنیا چالاکیم ئەنجام داوە، ساڵی ٢٠٠٦ بوو ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ١٨٥٠ کیلومیتر بۆ یادی تیروری پێغەمبەری ئاشتی دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو خۆم گەیاندە ئەو وڵاتە بە ئاڵای کوردستان و ئاڵای فینلەندەوە کە یازدە رۆژ و نیوم پێ چوو و دواییش هەر بەو شێوە ٧٥٠ کیلومیتر هەر بەو مەبەستەوە بۆ هێلسینکی بۆ باکووری فینلەند پێداڵم لێدا و دوایی کە گرووپەکەمان پێک هێنا و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا ئێمە بە فەرمی گروپەکەمان راگەیاند و یەکەم چالاکی گرووپەکەمان لە دوای دامەزراندنی‌یەوە یادی ئەنفال و گەرمیان بوو کە بە هاوکاری یەکیەتیی لاوانی فینلەند و پارتی دێموکڕاتی کوردستان چووین بۆ پاڕلمان و لەگەڵ بەشی مافی مرۆڤ دانیشتین و لەگەڵ نوێنەری سەرۆک کۆماری پێشوو لە فینلەند و دواییش هەر لەم ساڵدا یادی کیمیاباران کرانی شاری سەردەشتمان کردەوە لە شاری تۆرکۆ و و نزیکەی هەزار تراکت و ئاگاداریمان بڵاو کردەوە بە نێو خەڵک دا و خەڵکی فینلەند پێشوازی‌یەکی باشی لێ کردین. دیارە بە دووچەرخە کە ٥٠ کیلومیتر رێگامان پێوا و ئێوارە لە ناوەندی ئەو شارە تابلۆ و وێنەی کارەساتەکەمان نمایش کرد.

**لاوان:** باشە کاک کەماڵ باسی ئەوەت کرد کە گرووپەکەتان لە هەموو بەشەکانی کوردستان یانی کوردی هەر چوار پارچە پێک هاتووەو نەتەوەکانی



www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



**کەماڵی ئیزەدخا و هاورێکانی لە کوردستانی باشوور، ناوچەی بارزان، مەزاری بارزانی نەمر**

دیکەش دەتوانن بێنە نێو گرووپەکەتان یان هەوڵتان داوە کە نەتەوەکانی دیکەش پێیەوە پەیوەست ببن؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** گرووپەکەی ئێمە خاوەن بەرنامەو ئەساسنامەی خۆیەتی‌و بە پێی ئەو ئەساسنامەیە هەموو کەسێک دەتوانێ ببێ بە ئەندامی گرووپەکەمان. بەخۆشی‌یەوە کەسانی فینلەندی‌و رووسی وکۆزۆڤۆیی پێوەندیان پێوە گرتووین و تەنانەت چەندین شیرکەتیش پیوەندیان پێوە کردوین بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن‌و شیرکەتێک لیباسی بۆ دروست کردوین و هێندێک ئیمکاناتی دەرمانی و پرۆتۆئینی بۆ دابین کردوین لەم چالاکی‌یەی ئەم جارەمان دا.

**لاوان:** سەردانی ئەو جارەتان بۆ کوردستان بە چ مەبەستێکەوە بوو وەک خۆتان هاتوونەتەوە یان لایەنێکی فەرمی بانگهێشتی کردوون؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** کاتیک لە فینلەند



یادی هەڵەبجە و گەرمیانمان کردەوە لەسەر خەرجی خۆمان و ئێمە رامان گەیاند کە دەمان هەوێ بەو مەبەستە سەردانی کوردستانیش بکەین کە یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان/فینلەند دەستی هاوکاریان بۆ دریژ کردین و بە پیر بانگەوازەکەمانەوە هاتن و ئێمەش سپاسیان دەکەین و بەراستی لە جێگای خۆشی دابوو و چالاکی‌یەکی زۆر باش بوو کە لە سەر یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستانیش دەعوەتیان کردین و پێیان خۆش بوو کە لە کوردستان بیان بینین و ئێمەش گوتمان کە هەر دەگەڕێینەوە کوردستان با لەوێ چالاکی‌یەکیش ئەنجام بدەین و هاتین بۆ سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی کوردستان و لەوێ بە پاسکیل چوین بۆ پارلمان و لەوێ پێشوازیی‌یەکی زۆر گەرمیان لێ کردین و زور سپاسیان دەکەین و هەر لە پارلمانیشەوە بە پاسکیل بەرەو مەزاری "مستەفای بارزانی نەمر" ئەو کەسەی بە شانازی‌یەوە چوو بەرەوپیری کۆماری کوردستان و خزمەتێکی گەورەی بە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەماڵ ئیزەدخا:
# ئەو لاوانەی کە وەرزش دەکەن هەوڵ بدەن لەو ڕێگایەوە خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن و ئێمە هەموومان بە یەکەوە دەتوانین کاری گەورە بۆ نیشتمانەکەمان بکەین



کەماڵی ئیزەدخا و هاوڕێکانی لە دەرەوی وڵات، دوای ئەنجامدانی چالاکی

کۆماری کوردستان کردو ئێمەش وەکوو ریز لێنان بە پێویستمان زانی بچین بۆ سەر مەزاری پیرۆزی و لەوێشەوە بە پاسکیل چووینە هەڵەبجە و سەردانی مێنۆمێنتی شەهیدانمان کرد کە لەوێش



پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێ کردین، کە بەراستی زۆری کار تێ کردین و وەک گرووپەکەمان پاسکیلێکیشمان بە دیاری دانێ. دیارە پرۆژەمان بۆ چالاکی دیکەش هەیە کە هیوادارم بتوانین بە باشترین شێوە بە ئەنجامیان بگەیەنین.

**لاوان:** کاک کەماڵ چەند کەستان لە گروپەکەتان هاتوونەتەوە بۆ کوردستان و ئەگەر دەکرێ ناویان بەری؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** دیارە ئێمە ٥ کەس بە نوێنەرایەتی گروپەکەمان هاتووینەتەوە کە بریتین لە کاک رەئوف گوڵبەدەن کە شاعیرێکی ناسراو خۆش ناوەو، شوانە سەردەشتی، کاک قاسم ئەلیاسی عومر ئەلیاسی و خۆشم هاتوینەتەوە.

**لاوان:** لە کۆتاییدا چ پەیامێکت هەیە بۆ لاوان و چ ئاواتێکت هەیە؟

**کەماڵی ئیزەدخا:** من تەنیا ئەوەی دەڵێم کە لە ڕاگەیاندنەکانی دیکەش دا باسم کردوە زۆر کەس هەیە کە رەنگە جۆرێکی دیکە لێک دانەوە بکەن لە سەر ئێمە، بەڵام ئێمە وەکوو گرووپێکی سەربەخۆ شانازی بە هەموو لاوانەوە دەکەین لە هەر حیزبێک دابن یان لە هەر شوێنێک بن بە مەرجێک بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەیان و مرۆڤایەتی تێ بکۆشن. هەر ڕێکخراوەیەکی لاوان بانگهێشتمان بکا ئێمە پێشوازی لێ دەکەین و بە لاوانیش دەڵێم ئێوە خاوەن ئیرادەی خۆتان بن و لە هەر بوارێکەوە کە بۆتان دەکرێ خزمەتی نیشتمانەکەتان بکەن بە تایبەت ئەو لاوانەی کە وەرزش دەکەن هەوڵ بدەن لەو ڕێگایەوە خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن و ئێمە هەموومان بە یەکەوە دەتوانین کاری گەورە بۆ نیشتمانەکەمان بکەین و بە یەکەوە تێ بکۆشین بۆ ئەوەی کە لاوان بەهێزتر و زیندووتر رابگرین و ئاواتە خوازیشم کە رۆژێک لە رۆژان رۆژهەڵاتی کوردستانیش ئازاد بێ و هیوادارم کە رۆژێک لە رۆژانیش بۆ یادی کارەساتی کیمیا بارانی شاری سەردەشت و هەموو ئەو ناوچانەی کە بە دەستی سەدام حوسین کیمیا باران کران پێداڵ لێ دەم و دەستە گوڵ لەسەر مەزاری یادەوەریان دانێم.

❊❊❊





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کارو چالاکیەکانی لاوان

## کۆبوونەوەی بەرینی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

ڕۆژی شەممە ٢٠١٠-١٠-٠٩ لە شاری ”لینشۆپینگ“ی وڵاتی سوئێد بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی بەڕێوەبەری لەدەرەوەی وڵات و نوێنەرانی کومیتەکانی وڵاتەکانی سوئێد، نۆرویژ، دانیمارک، سویس و فینلاند سەعات ١٠:٣٠ کۆبوونەوەی بەرینی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات بۆ تاوتوێ کردنی کاروتێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات و بەرنامە و پلانی داهاتووی تیکۆشانی یەکیەتیی لاوان دەستی بەکارەکانی کرد، شایانی باسە بەڕێزان کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد و کاک مەریوان نستانی بەرپرسی پێشووی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

کارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بەم شێوەیە بەڕێوەچوون:

پاش دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان بەرێز یاسین حاجی زادە، کۆبوونەوەکەی کردەوە و باسی لە مەبەست و ئامانجەکانی کۆبوونەوەکە کرد و هاوکات باسێکی کورتی سەبارەت بە تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان و ئامادەکاریەکانی ئەم کۆبوونەوەیە کرد، بەڕێز حاجی‌زادە دوای قسەکانی داوای لە بەڕێز مەریوان نستانی کرد کە وتەکانی پێشکەش بکا.

مەریوان نستانی، پاش ئاوردانەوەیەکی کورت لە سەرەتای دەستبەکاربوون و تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی لەسەر بارودۆخی



تێکۆشانی ئێستای یەکیەتیی لاوان کرد و ڕەخنەگرانە ئاوڕی لە تێکۆشان و چالاکی چەند ساڵی ڕابردووی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات دایەوە.

بەدوای قسەکانی کاک مەریوان دا خاتوو کوێستان بابایی بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات باسێکی شیکاری لەسەر کومیتەکان‌و کاروتێکۆشانیان پێشکەش کرد، شایانی باسە کاک یاسین حاجی زادەش لەو بەشەدا بەشداری کرد.

بەڕێز جەماڵ وەیسی باسی لە کاروتێکۆشانی کۆمیسیۆنی بەرنامە و پلان لەدەرەوەی وڵات کرد و باسی لەوە کرد کە لە داهاتوودا دەبێ پێوەندی لە نێوان کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات دا بەهێزتربێ‌و هەنگاوی زیاتر بۆ کاری هاوبەش هەڵێنینەوە.

بەڕێز ئیبراهیم عەزیزی ڕاپۆرتی بەشی ماڵی یەکیەتیی لاوانی لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد



پاشان نۆرە گەیشتە کومیتەی وڵاتەکان و هەرکام لە کومیتەکان ڕاپۆرتی کاروچالاکی و بارودۆخی تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانیان لە وڵاتەکانیان دا باس‌کرد، بەدوای راپۆرتەکان دا دەرگای باس و گفتوگۆ سەبارەت بە هەموو بابەتە باسکراوەکان کرایەوە، کە بەشدارانی کۆبوونەوە چالاکانە بەشداریان تێدا کرد و هەموو بەشدارانی کۆبوونەوە کە، لە پانێڵێکی شیکاری ڕەخنەگرانەدا بەشداربوون‌و کۆمەڵێک پێشنیاری بەکەڵک باسیان لەسەرکراو لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکەوە تۆمارکران، بۆ ئەوەی لە داهاتووی کارو تێکۆشانی لاوان دا کەڵکیان لێ‌وەربگیرێ.

پاش حەسانەوەیەکی کورت، کومیتەی بەرێوەبەری گشتیی لەدەرەوەی وڵات رینوێنی و ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە کومیتەی وڵاتەکان کردو هەمووان پێکەوە هەڵ‌و مەرجی تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هەڵسەنگاندو بەرنامەو ستراتیژی کار بۆ هەموو کومیتەکان بەگوێرەی هەل‌ومەرجی تێکۆشان لەو وڵاتانەدا پێشنیار و پەسەند کرا، پێویستە بگوترێ کە ئەم کۆبوونەوەیە لە بواری بەشداری هەمووان لە باسەکاندا بێ وێنە بوو.

لە دواین بەشی کاری کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک بڕیاری گرینگ بۆ چالاکترکردن و گوڕو تیندان بە چالاکی یەکیەتیی لاوان لەدەرەوەی وڵات پەسەند کران،کۆبوونەوەکە کاژێر ١٨:٠٠ کۆتایی بەکارەکانی هێنا. پێوستە بگوترێ کە کومیتەی سوئێدی یەکیەتیی لاوان میواندارى کۆبوونەوەکە بوون‌و بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک پێشوازی‌و میوانداری هەموو بەشدارانی کۆبوونەوەکە بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری هەیئەتێکی لاوان لە مەراسیمی ٢٣ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەل "تاهیر تۆفیق"



ڕۆژی پێنج شەممە کات ژمێر ٣:٣٠ی دوانیوەڕۆ بە بەشداری وەزیری ڕۆشنبیری و هونەرمەند و کەسایەتی‌یەکانی شاری کۆیە لە هۆڵی سەنتەری گەنجان لە شاری کۆیە بە بۆنەی یادی ٢٣ ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەل "تاهیر تۆفیق" بەڕێوە چوو.

شایانی باسە کە یەکیەتیی لاوانیش کە لە لایەن تیپی مۆسیقای کۆیەوە بانگهێشت کرابوو هەیئەتێکی بەشداری کرد لەو مەراسیمەدا کە پێک هاتبوو لە عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانو فریا ئەسپەندارو ئاگری عەبدوڵڵاپوور ئەندامانی چالاکی یەکیەتیی لاوان.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو مەراسیمە سەرەتا بە ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدان دەستی پێ کرد و دواتر وەزیری ڕۆشنبیری چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کردو دواتر پەیامی قایمقامی شاری کۆیە بەڕێز شێخ چاپووک پێشکەش کرا. دواتر تیپی مۆسیقای کۆیە بە پێشکەش کردنی چەن مەقامێکی خۆش زیاتر مەراسیمەکەیان ڕازاندەوە. شایانی باسە ئەو مەراسیمە لە لایەن تیپی مۆسیقای شاری کۆیەوە پێک هاتبوو.

# هەیئەتێکی لاوان سەردانی بەڕێز کاك مستەفای شەڵماشی کرد

سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی هەیئەتێکی لاوان بە سەرپەرشتی مەنسوور سەمار سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان و عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا پوور



جێگری گشتی سەردانی بەڕێز مستەفا شلماشی‌یان کرد.

لەو سەردانەدا کە زیاتر لە کات ژمێرێکی خایاند، سەرەتا هەیئەتی لاوان کۆمەڵێک بابەتیان لەسەر پرسی یەکیەتیی لاوان و هەروەها پرسی لاوانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ کاک مستەفا شلماشی هێنایە بەر باس و هەروەها باسی کۆمەڵێک کارو چاکالاکی گرینگی یەکیەتیی لاوانیان کرد کە لەماوەی دوای کۆنگرەی ٥ەوە تاکوو ئێستا بەڕێوەیان بردووە هەروەها داوایان لە بەڕێز شەڵماشی کرد کە هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ تاکوو زیاتر لە نێو حیزب دا گرینگی بە لاوان بدرێ. دواتر بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشیش باسێکی لە سەر گرینگی ڕۆڵی لاوان لە نێو حیزب دا کرد و هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد کە لاوان زیاتر لە پێشوو دەبێ چالاکی بکەن و لەسەر داواکانیان سوور بن.

شایانی باسە کە بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی "حدک" و بەرپرسی "حدک"یە لە دەرەوەی وڵات و ماوەیەکە بۆ کاری حیزبی هاتۆتەوە کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداری یەکیەتی لاوان لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بە دژی بڕیاری لە سێدارەدانی حەبیبوڵڵا لەتیفی

ڕۆژی شەممە ٤ی بەفرانباری **١٣٨٩**ی هەتاوی کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە شاری سلێمانی بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە مەترسی لە سێدارەدانی لاوی خوێندکار حەبیبوڵڵا لەتیفی کۆبوونەوەیەکی بەرینیان لە سەکۆی ئازادی ئەو شارە وەڕی خست.

سەرەتای ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتی‌یە بە خوێندنەوەی نامەی مەلیحەی لەتیفی دایکی حەبیبوڵڵا لەتیفی لە لایەن شلێر باپیری و ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

ئامادەبووانی ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتی‌یە کە زیاتر لە **٣٠٠** کەس دەبوون بە هەڵگرتنی کۆمەڵێک نووسراوەو پلاکارد خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بە گشتی و لابردنی سزای لە سێدارەدانی حەبیبوڵڵا بوون.

لە درێژەی ڕێ و ڕەسمەکەدا سالار ڕەشید سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد کە لەودا هاوخەمی و پشتیوانی خۆی لە بەرامبەر ئەم چالاکی‌یە مەدەنیانەی کوردستان دووپات کردەوەو ڕایگەیاند کە هەموو هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو مافە نەتەوەیی‌یەکانمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەستەبەر بکەین. ئەو ئەندام پەرلەمانەی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە بۆیە لێرەیین بۆ ئەوەی بە هەوڵ و چالاکی‌یە ئاشتی خوازانەکەمان ڕێگر بین لە بەردەم جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی لاوی کورد و خوێندکاری کورد حەبیبوڵڵا لەتیفی.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێ و ڕەسمە ناڕەزایەتیەدا نامەی بەهارە خوشکی حەبیبوڵڵا لەتیفی تێیدا خوێندرایەوە کە لەودا داوای لە هەموو ویژدانە نوستووەکانی جیهان کردبوو کە هەوڵەکانیان لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزا نامرۆیانە بخەنە گەڕ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێ و ڕەسمەدا فاتمە گوڵی بە نوێنەرایەتی لە لایەن دایکانی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و ناوبراو داوای کرد تا کەنگێ بەشی ئێمە پەت و سێدارە بێ، ئێمەش هەقمان هەیە وەک هەموو میللەتانی دنیا ببینە خاوەن حکوومەتی خۆمان،





بە زمانی خۆمان بخوێنین با چی دیکە ڕێ نەدەین ڕۆڵەکانمان لە سێدارە بدرێن، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە دەبێ هەموو هەوڵێک بدەین تا حەبیبوڵڵا لەم سزایە رزگاری بێ.

لە برگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا یاسر گوڵی هاوبەند و ڕەفیقی حەبیبوڵڵا لەتیفی و فایق گوڵپی و دوکتور جەواد عەلی‌زادە چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد.

بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ئەو سزا دژە مرۆیانەدا کۆمەڵێک دامەزراوەو ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و گیراوانی سیاسی و حیزبە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان پەیامی خۆیان بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

# بەشداری جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان لە کۆڕێکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی شاری کۆیە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، کاژێر **٣**ی دوانیوەڕۆ لە هۆڵی نەجیبە خان لە شاری کۆیە بە بەشداری بەڕێز "شێخ چاپووک" قایمقامی شاری کۆیە و ژمارەیەکی بەرچاو لە رووناکبیرانی شاری کۆیە کۆڕێک لە سەر "کۆمەڵگای مەدەنی و ناسەربەخۆیی باشووری کوردستان" لە لایەن فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی کۆیە بۆ بەڕێز عەبدولخالق یەعقووبی پێک هات، کە عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوانیش وەک نوێنەری یەکیەتیی لاوان لەم کۆڕەدا بەشدار بوو.

بەڕێز یەعقووبی لە سەرەتای باسەکەی‌دا باسێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە روانگەی "لارای دایمۆند" کرد لە هاتنە کایەی دێموکڕاسی‌دا و دواتر باسی کۆمەڵگای مەدەنی باشووری کوردستانی کرد بە شێوەیەکی ڕێژەیی و ناسەربەخۆ و هۆکارەکانی ئەم دۆخەی تاوتوێ کرد.

ناوبراو هەروەها باسی پاڕادۆکسی نێوان هەستی نەتەوەیی و هەوڵی مەدەنی کردو هۆکارەکانی ئەو پاڕادۆکسەی شی کردەوەو دواتر باسی دوو ڕێکخراوی گرینگی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد کە بەڕێزیان "ڕاگەیاندن و زانکۆ"ی وەک دوو ڕێکخراوی گرینگی کۆمەڵگای مەدەنی ناساندن و ڕۆڵی ئەو دوو ڕێکخراوەی هەڵ سەنگاند. دواتر بەشداربووان



پرسیار و ڕاو سەرنجی خۆیان لە سەر باسەکە هێنایە گۆڕێ و بەڕێز یەعقووبیش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

شایانی باسە کە یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەندامی چالاکی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکانی کۆیەیە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو کۆڕە زیاتر لە کاژێر و نیوێکی خایاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جێژنی سەری ساڵی نوێی زایینی
# لە لایەن یەکیەتیی لاوان دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو
# یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١٠/١٢/٣١(ز) بەرامبەر بە ١٠ی بەفرانباری ٢٧١٠ کوردی کۆڕێک شادی بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی



کوردستان پێک هات.

سەرەتای مەراسیم لە لایەن موجری بەرنامەکەوە هێرۆ عەبدوڵلاهی بەخێر هاتنی میوانانو ئامادەبووانی ئەم



جێژنە کراو و دواتر پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن فەریبا وەیسی ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

دوابەدوای بڵاو کردنەوەی شیرینی، بە هونەرمەندی هونەرمەندان ئارام و ئاوات بۆکانی و موزیک ژەنی بەڕێز نەریمان کەرکوکی ئەم کۆڕە زیاتر ڕازایەوەو هەڵپەڕکێی گشتی دەستی پێکرد.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم مەراسیمە کاتژمێر ٢/٣٠ی دوانیوەڕۆ دەستی پێکردو زیاتر لە ٢ کاژێری خایاند.

# سکرتێری گشتی لەگەڵ کۆمەڵێک
# لە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆبۆوە

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٩ی بەفرانباری ٢٧١٠ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠١٠/١٢/٣٠(ز)سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوڕێ مەنسوور سەممار لە پێوەندی لەگەڵ کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و چۆنیەتی بەشداری یەکیەتی لاوان لەو کۆنگرەیەدا لەگەڵ بەڕێزان



عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی یەکیەتی لاوان و جێگری سکرتێر، گزینگ نوورانی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسی پێیوەندییەکانی یەکیەتی لاوان، سمکۆ عوسمانی ئەندامی بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسی ماڵپەڕی لاوان، هێدی مەحموودی ڕاوێژکارو بەڕێوەبەری و بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارێزگای هەلێرو ئایەت موڕادی فەر ڕاوێژکاری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسی پەیوەندیەکانی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا.

سەرەتا بەڕێز مەنسوور سەممار باسێکی لە سەر چۆنیەتی بەشداری کردنی لاوان و پێشوازیان لەم کۆنگرەیەی حیزبەکەمان کردو پێویستی بەشداری کردنی لاوانی زیاتر خستە ڕوو و باسێکی لە چالاکی پێویستی ئەم ماوەیە کرد و دواییش هەر کام لە بەشدار بووان لەم کۆبوونەوەیەدا بیروڕای خۆیان سەبارەت بەم بابەتە پێشکەس بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد.

جێی ئاماژەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستی پێکرد و تا کاژێر ٢ی دوا نیوەڕۆ درێژەی کێشا.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بە میوانداریەتی یەکیەتی لاوان، ئەندمانی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتی لاوانو یەکیەتی ژنان کۆبوونەوە



ڕۆژی شەممە ١٠ی بەفرانباری ٢٧١٠ی کودی بەرابەر بە ٢٠١١/١/١ی (ز) ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەتی هەنووکەیی لاوانو ژنان کۆبوونەوەیەکیان پێک‌هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا لە لایەن یەکیەتی لاوان، بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوانو عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور جێگری سکرتێری گشتی بەشداربوونو لە لایەن یەکیەتی ژنانەوە بەڕێزان سۆهەیلا قادری سکرتێری گشتی یەکیەتی ژنانو فەریبا وەیسیو خەدیجەپوورمەند ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکیەتی ژنان بەشدار بوون.

جێگای باسە کە لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە ڕۆڵی لاوانو ژنان کراو ڕۆڵو ئەرکی وان خرانە بەر باس و جەخت کرایەوە کە لاوان و ژنان ئیستعدادی بەڕێوەبردنی کاری زیاتریان هەیە، هەربۆیە دەبێ لە نێو حیزب دا مەیدانی زیاتریان پێ بدرێ هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەردووڵا پێداگریان لەسەر بەڕێوەبردنی کارو چالاکی زیاتری هاوبەش کردو جەختیان کردەوە کە دەبێ هەردوو لایەن زیاتر تێبکۆشن بە مەبەستی سازکردنی کۆڕو کۆبوونەوەی زیاتر بە هاوبەشی.

جێی ئاماژەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر لە کاژێرێکی خایاند.

www.lawan.com

## فایلی ژمارەی داهاتوو:

# ڕێکخراوە ناحکوومیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

N
G
O



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشمەرگە



کاتێ ویستیان بە زەبرو زۆر
بە زیندوویی بمنێن لە گۆڕ
بگۆڕن پێناسەو رەنگم
بتاسێنن گەرووی دەنگم
نیشتمانم لێ زەوت کەن
رێگای راستم پێ چەوت کەن
لە مەترسی خەن نامووسم
بشکێنن پەنجەی پێنووسم
زانیم کە بێ دەنگی نەنگە
رۆژی روونمان شەوە زەنگە
ژیان بە دیلی هەر وەک مەرگە
ئەوکات من بووم بە پێشمەرگە



عوسمان بێورانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





# LAWAN

The Organ Democratic Youth Uonion of the Kurdistan

No: 40 January 2011

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org